له شانۆی ئەبسێردەوە

- رۆژە خۆشەکان
- خۆڵەمێش بۆ خۆڵەمێش

سەرچاوە :

Samuel Beckett
Happy Days
The Norton Anthology
English Literature
Sixth Edition: Volume 2
The United States of America - 1993
&&&&&&&&&&&&&&&&&&
Harold Pinter
Mountain Language & Ashes to Ashes
ff
Faber and Faber Limited
London-2001

---

ناوی کتێب: لە شانۆی ئەبسێردەوە / ڕۆژە خۆشەکان — خۆڵەمێش بۆ خۆڵەمێش

نووسینی: سامۆیل بیکێت - هارۆڵد پینتەر

وەرگێڕانی: بەختیار سابیر حەمە

بابەت: شانۆنامە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تیراژ: 750دانە

نرخ: 2000 دینار

ژمارەی سپاردن: 523 ی 2008

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی 2008

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.net
www.serdam.info

**له شانۆی ئەبسێردەوە**

# - ڕۆژە خۆشەکان

**سامۆێل بیکێت**

# -خۆڵەمێش بۆ خۆڵەمێش

**هارۆڵد پینتەر**

**وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە**

**بەختیار سابیر حەمە**

سلێمانی 2008

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە** (428)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# پێشەکی

جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کاریگەری زۆرخراپیان هەبوو لەسەر باری دەرونی مرۆڤەکان بەگشتی و نوسەران و بیرمەندان بەتایبەتی، چونکە دەیانزانی رۆژانە سەدان و هەزاران کەس دەبنە قوربانی جەنگێك کە نازانن بۆچی هەڵگیرساوە؟ و بێ ویستی خۆیان بونەتە بەشێك لەشەڕو وەك دوژمن لەلایەن بەرامبەرەوە سەیر دەکرێن. ترس و دڵە راوکێی جەنگ جیهانێکی خولْقاند کەلەگەڵ ژیانی مرۆڤەکاندا یەکی نەدەگرتەوە. ئەمەش وایکرد کەمرۆڤ لەو جیهانە تێنەگات کەتێیدا دەژی و نامۆبێت بەهەموو شتەکان و هەمیشە لەدەوروبەری خۆی بترسێت و هەرگیز هەست بەدڵنیایی نەکات.

مرۆڤ زۆر لەوە بێتواناترە کە پەی بە جیهانی شتەکان بەرێت و هەرلەبەرئەوەشە نامۆن بۆ مرۆڤ. کاتێك مرۆڤ هەستەدەکات تێگەیشتن نییە لەنێوان خۆی و دەوروبەرەکەیدا، هەست بە دابڕان دەکات و ئالێرەوە فەلسەفەی پوچگەرا سەرهەڵدەدات کاتێك دوو یەکە "من" و "جیهان" دەخولْقێن بێئەوە پرەنسیپێك هەبێت پێکیانەوە ببەستێتەوە. بۆئەوەی خۆیان لەو دوودڵی و بەدگومانییە رزگاربکەن، هەندێکیان پەنادەبەنە بەر ئاین و هەندێکێشیان لەڕێگەی سیستەمە فەلسەفییەکانەوە دەیانەوێت مانایەك بەژیان ببەخشن.

زۆرجار پرسیارێك دێتە پێشەوە کە ئەگەر ژیان هێندە بێمانایە مرۆڤ بۆخۆی ناکوژێت؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەوجۆرە پرسیارە ئەلبێرت کامۆ دەڵێت "خۆکوشتن واتە ڕازیبوون بە پوچگەرایی، واتە تەسلیم بوون، چونکە خۆکوشتن واتە گەڕان بەدوای مانای ژیان لە جیهانێکی تردا." هەندێکی تریش پێیان وایە خۆکوشتن چارەسەر نییە چونکە نهێنی بوون وەك خۆی دەمێنێتەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە فەلسەفەی پوچگەرایی (Absurdism) پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە فەلسەفەی بونگەراییەوە (Existentialism) هەوە هەیە. دیارە هەردوو فەلسەفەکە باس لە بێمنایای ژیان دەکەن، بەڵام بەدوو ڕێگەی جیاواز.

فەیلەسوفانی بونگەرا بەدوای سروشت بێمانایی بوونی مرۆڤدا دەگەڕێن لەچوارچێوەی بیرە فەلسەفییە عەقڵانی و لۆژیکییەکاندا. بەڵام ئەبسۆردەکان لەڕێگەی ئەدەبەوە بەگشت ی شانۆ بەتایبەتی ئەو بۆچوونە دەردەبڕن. ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە دەق پابەند نابێت بە بنەما سەرەکییەکانی نووسینی ئەدەبییەوە وەك (کات و شوێن، ڕووداو، گەشەسەندنی کارەکتەر ...هتد) ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی نامەعقولی و نالۆژیکی لەشێوە و ناوەڕۆکدا.

زاراوەی شانۆی ئەبسۆرد (The Theatre of the Absurd) بۆ یەکەمجار لەساڵی 1961 لەلایەن (مارتن ئێسلن)ی ڕەخنەگرەوە بەکارهێنرا بەرامبەر کۆمەڵێك دەقی شانۆیی کەلە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکە لە شانۆگەری سەردەمەکانی پێشوو

زۆر جیاوازبوون چونکە پابەندنەبوون بەو بنەمایانەی کە دەقی شانۆییان لە نووسینەکانی تر جیادەکردەوە. هەرئەمەش بوو وایکردبوو کە بینەر یاخود خوێنەر تێیان نەگات و بە "نامەعقول" ناوزەند یان بکات.

یەکێك لەو نووسەرانەی پێگەیەکی دیاری هەیە لەجیهانە فراوانەکەی شانۆی ئەبسۆرد دا، نووسەری ئێرلەندی (سامۆێل بیکێت)ە کە بە دەقی (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) ناوبانگی دەرکرد و دواتریش لەساڵی 1969 خەلاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب پێبەخشرا. دوای نمایشکردنی شانۆگەرییەکە بۆ جاری دووەم لەساڵی 1957، ئالان شنایدەری رۆژنامەنووس لە چاوپێکەوتنێکدا لە بێکێت دەپرسێت "گۆدۆ کێیە؟" ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت "ئەگەر بمزانیایە پێم دەوتیت." بێکێت ئەو نووسەرەیە ژیانی مرۆڤەکان لەسەر تەختەی شانۆ نمایشدەکات و دواجار لێکدانەوە و تێگەیشتن و بڕیارەکان بەجێدەهێڵێت بۆخودی مرۆڤەکانی خۆیان. لەزوربەی دەقەکانیدا باس لەو پەیوەندییە خەماوییە دەکات کەلەنێوان مرۆڤ و جیهانەکەیدا هەیە. مرۆڤ هەوڵدەدات هیوایەك بۆخۆی دروستبکات و بۆ ئەو هیوایە بژی، بەڵام وەك لە دەقی (رۆژە خۆشەکان)دا دەردەکەوێت تراژیدیایەکی گەورە چاوەڕوانیەتی.

رۆژە خۆشەکان باس لە بارودۆخی مرۆڤ دەکات لەم ژیانەدا، ئەو ژیانەی کە بچوکی دەکاتەوە بۆ بونەوەرێکی خشۆك و دواتریش هەڵی دەلوشێت. وینی تەمەن پەنجا ساڵ و ویلی تەمەن 60 ساڵ ئەو دوو کارەکتەرەن تەمسیلی ژیان

دەکەن لەم دەقەدا بەهەموو ڕۆتـین و خۆشـی و ناخۆشـییەکانییەوە. هەرچـەندە ویلّی قسە زۆر دەکات و خۆی سەرقاڵ دەکات بەهەندێك شتەوە تەنها بۆ ئەوەی ڕۆژەکان بەسەربەرێت و هەست بەتەنهایی نەکات لەو جیهانەدا کەتەنها خۆی و هاوسـەرکەی تێدایـە و ئـەویش تاقـەتی هیـچی نـەماوە و تـەنها لەهەنـدێك پرتەوبۆڵە بەولاوە هیچی تر نالێت.سەبارەت بە ویلّی، جێنیفەر ڤاناسکۆ دەڵێت " ئێمەش وەك وینی هـەمووەمان لەسـەرخۆ و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بـەرەو مـەرگ دەڕۆین، تەنها شتێك کە ناهێڵێت تەسلیم بە نائومێدی ببین و خۆمـان بکـوژین ئەو چرکە ساتانەیە کەتیایدا دڵخۆش دەبین لەگەڵ ڕۆتینەکانی ژیـانی ڕۆژانـە." وینـی دەیـەوێت مانایـەك ببەخـشێت بـەژیانی خـۆی لەڕێگـەی گـەڕان بـەناوە بیروەرییەکانیـدا و لەرێگـەی سـروتە ئایینییـەکان و نـزاو پاڕانـەوە. بێکێـت لـە دەقەکانیـدا جیهانێـك دروسـتدەکات کـە دانیـشتوانەکەی بونـەوەری تـەنیان و بێهودە هەوڵدەدەن باس لەشتێك بکەن کە باسکردنی ئەستەمە.

یەکێکی تر لـەو نووسـەرانەی کەبۆتـە نـاوێکی دیـار لـە جیهـانی شـانۆدا، هارۆڵد پنتەری بە ڕەگەز جولەکەیە کە ساڵی 2005 خەلاتی نۆبلی بۆ ئەدەب پێبەخشرا و لە بریتانیا لە دایك بووە و تاکو ئێستاش لەژیانـدا مـاوە. هارۆڵـد پنتــەر وەك نووســەر و سیاســەتمەدارێکی گــەورەش زۆربــەی نوســینەکانی تەرخانکردووە بۆ دەربڕینـی بیروبۆچـوونە سیاسـییەکانی و دژی هـەموو جـۆرە چەوساندنەوەو توندوتیژییەك بووە، هـەر لەبـەر ئەوەشـبووە کـە سـاڵی 1948

بانگدەکرێت بۆ پەیوەندیکردن بە سوپای بریتانیاوە، ناچێت و لەبری ئەوە غەرامەدەدات بە دەوڵەت.

دیارە چەوساندنەوەی جولەکەکان لە ئەوروپا و بەتایبەتی کارەساتی هۆلۆکۆست کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر ژیانی ئەدەبی و سیاسیی پنتەر و نووسین و وتارەکانی کردووە بە مینبەرێك بۆ بانگەشەی ئازادی لە هەر شوێنێك چەوساندنەوە هەبوبێت، نمونەش بۆ ئەوە شانۆگەری (زمانی شاخ)* ە کە باس لە قەدەغەکردنی زمانی کوردی دەکات لە تورکیا. لە ڕێگای باسکردنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ، پنتەر دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ئەبسۆرد واقیعە. هەرلەبەر ئەوەشە زۆرێك لە ڕەخنەگران بە نووسەری واقیعی کۆمەلایەتی (Social Realism) ناوی دەهێنن.

نووسینەکانی پنتەر مۆرکێکی تایبەتییان پێوە دیارە و لەڕێگەی (وەستان و بێدەنگی و پچڕپچڕی قسەکان)ەوە ترس و دوودڵی لای کارەکتەرکان دروستدەکات. ئەم تەکنیکە نوێیە لە نووسیندا سەرنجی ڕەخنەگرانی بواری شانۆی راکێشاو زاراوەیەکی نوێیان بۆ داتاشی کە ئەویش پنتەریسك (Pinteresque)ە، بەواتای ڕێبازێکی تایبەت بە پنتەر خۆی.

لە شانۆگەری "خۆڵەمێش بۆ خۆڵەمێش" بەهەمان شێوەی "ڕۆژە خۆشەکان" دوو کارەکتەر ڕۆڵەکان بەرجەستەدەکەن (دێڤلین و ڕێبیکا)، هەرچەندە وادەردەکەوێت کە ژن و مێردبن بەڵام بۆشاییەکی گەورە لەنێوانیاندا

هەیە. نەبینەر و و نەخوێنە رو نـەدێڤلین دڵنیـانین لـەوەی بـیرەوەری راسـتەقینە چییە لەو چیرۆکە تەمومژاویانـەی رێبیکـا دەیانگێرێتـەوە. لـەم دەقـەدا پنتـەر چەند بابەتێکی هەستیار دەوروژێنێت وەك یادەوەرییـەکانی تـاك سـەبارەت بـە ئــەزمونێکی راســتەقینە، هەســتکردن بــە شکــست کاتێــك ناتوانیــت یادەوەرییەکانی کەسی بەرامبەر کۆنترۆڵ بکەیت، هەروەها ئەو ئەزمونە تاڵـەی شارستانیەتی خۆرئاوا هەیەتی لەگەڵ توندوتیژیدا، بێگومان لەم خاڵەدا نووسەر یادەوەرییەکانی خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە ڕاگواستن و دەرکردنی جولەکەکان لە زۆربەی ولاتانی جیهاندا و کارەساتی هۆلۆکۆست.

لە چاوپێکەوتنێکدا کە ساڵی 1996 لـە زانکـۆی بەرشـەلۆنە ئەنجامیـدا، پنتەر دەڵێت "رێبیکا ژنێکە توندوتیژییەکانی جیهان سـەریان لێـشێواندووە." لەقسەکانی رێبیکا دا وادەردەکەوێت کە خۆی هیچی بەسەرنەهاتووە، ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێت لەم مێـژووەی ئێـستای ئێمـەدا هێنـدە خـوێن ڕشـتن و کـاری نامرۆڤانە رویداوە کە بوون بە یادەوەری ناخۆش و لە لاشعورماندا ماونەتـەوە. لەم دەقەدا ژن قوربانییە، لێرەدا ئەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـە پنتـەر پێیوایـە پیاو بەرپرسە بەرامبەر هەموو ئەو توندوتیژیانەی بە درێژایی مێژوو ڕویانـداوە. دیڤلین بێهودە هەوڵدەدات پەی بەو نهێنیانە بـەرێت کـە بەشـێکی گـەورەن لـە یادەوەرییەکانی رێبیکا و چەندین چیرۆکی جۆراوجۆریان دروستکردووە.

نەگەیشتن بە ئەنجام و ترس و دڵەراوکێ و نەبونی دیالۆگ لەنێوان ئەکتەرەکاندا و زمان کە وەك ئەندامێکی جەستە ناتوانێت بەکاری خۆی هەڵسێت و کەسی بەرامبەر تێبگەیەنێت لە بنەما سەرەکییەکانی شانۆی ئەبسۆردن و بەڕوونی لەم دوو دەقەدا دەردەکەون.

* شانۆگەری "زمانی شاخ " ساڵی 1988 نوسراوە و هەرخۆم وەرم گێڕاوەتە سەرزمانی کوردی و ساڵی 2005 لەلایەن ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك بڵاوکراوەتەوە.

**بەختیار سابیر**

**2008**

# ڕۆژە خۆشەکان

**شانۆگەرییەکی دوو پەردەیی یە**

**نووسینی**

**سامۆێل بیکێت**

ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەمجار لە رۆژی 1961/9/17 لە شاری نیویۆرك لە هۆڵی چێری لەین نمایشگرا.

- بۆیەکەمجار لە ساڵی 1961 لەلایەن چاپخانەی گرۆڤ-ەوە لە نیویۆرك بڵاوکرایەوە.

- ساڵی 1963 بۆ یەکەمجار لە بریتانیا لەلایەن دەزگای ( Faber and Faber ) بڵاوکرایەوە.

## ئەکتەرەکان

**وینی: ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵانە**

**ویلی: پیاوێکی تەمەن شەست ساڵانە**

# پەردەی یەکەم

گژوگیایەکی چڕو زەرد لەسەر تەپۆلکەیەك دەبینرێت کە روکاری پێشەوەو ئەملاولای تەختەی شانۆکەی گرتۆتـەوە. بەشـی دواوەی تەپۆلکەکـە تەختـەو لەگەڵ تەختەی شانۆکەدا لەیەك ئاستدایە. روتەنییەو یەك ڕەنگیان هەیە.

سەرشانۆ زۆر رووناکە.

پارچە قوماشەکەی بەشی پشتەوەی شانۆکە وادەردەکەوێت درێژکراوەی زەویەکەبێت و لەدوروە لەگەڵ ئاسماندا بەریەك کەوتبن. وینی لە چەقی شانۆکەدا پاڵکەوتووەو خۆی گرمۆڵەکردووە. تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵێك دەبێت، بەڵام هێشتا گەنج دیارە. سپیکەلانەیەکی خڕپلانەیە، شان و قۆڵی روتکردووە. تەنورەیەکی کورت و چاکەتێکی درێژی لەبەرەدایە. ملوانکەیەکی مرواری لەملدایە.

خەوی لێکەوتووە و لە پێشخۆیەوە قۆڵەکانی لەسەر زەویەکە درێژکردووە و سەری کردۆتەسەر. لەتەنیشتیەوە جانتایەکی رەشی گەورە لەسەر زەویەکە کەوتووە، کەلوپەلی تێدایە، لەلای راستیەوە چەترێك لەوانەی کە بچوك دەکرێتەوە کەوتووە و دەسکەکەی لە کیفەکەیەوە دیارە.

لەلای دەستە راستییەوە و لەبەشی دواوە، لەپشت تەپۆلکەکەوە ویلی کەوتووە و لەمەوە دیارنییە.

سەر شانۆ ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی و بەمشێوەیە دەمێنێتەوە.

**زەنگێك بەدەنگی بەرز بۆماوەی دە چرکە لێدەدات. دواتر دەوەستێت. ژنەکە ناجوڵێت. {وەستان} ئەمجار زەنگەکە توندتر لە جاری پێشوو بۆ ماوەی پێنج چرکە لێدەدات. ژنەکە هەڵدەستێت، زەنگەکە دەوەستێت. سەری بەرز دەکاتەوە، بەوردی دەڕوانێت بۆ پێشەوە.**

**بۆماوەیەکی زۆر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. خۆی راستدەکاتەوە و لەسەر زەویەکە دادەنیشێت. دەستەکانی بە کراوەیی لەسەر زەویەکە دادەنێت. سەری دەخات بە پشتداو دەڕوانێتە چەقی ئاسمان. ماوەیەکی زۆر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە.**

**وینی:** {هەر رووی لە ئاسمانە} رۆژێکی خۆشی تر. {وەستان. سەری هێشتا کەمێك بۆ دواوەیە و سەیری پێشەوە دەکات. وەستان. دەستەکانی دەخاتە سەرسنگی، چاوی دادەخات. لیوەکانی دەجولێنێت . بەبێدەنگی دەپارێتەوە، بۆماوەی دە چرکە. لێوەکانی دوەستێت، دەستەکانی لەسەر سنگی دەمێنێتەوە. بەدەنگێکی نزم} بۆ خاتری مەسیح، ئامین. {چاوی دەکاتەوە، دەستی لەسەر سنگی لادەبات و دەیانخاتەوە سەر زەوییەکە. وەستان. جارێکی تر دەستی دەخاتەوە سەرسنگی، چاوی دادەخات، دوبارە دەستدەکاتەوە بە پاڕانەوە، بۆ ماوەی پێنج چرکە. بەدەنگی نزم دەڵێت} دنیای بێ کۆتایی، ئامین. {چاوی دەکاتەوە، دەستی لادەبات و دەیانخاتە سەر زەویەکە، وەستان.} دەسپێبکە، وینی. {وەستان}

ڕۆژێکی نوێ دەستپێبکە، وینی. {وەستان. ڕوو وەردەگێڕێت بۆلای جانتاکە، بێ ئەوەی خۆی بجولێنێ لەناو کەلوپەلەکانی ناو جانتاکەدا دەستدەکات بەگەڕان، فلچەی ددانەکەی دەردەهێنێت، جارێکی تر دەگەڕێتەوە، مەعجونی ددانەکەی دەردەهێنێت، کەمی تێداماوەو تەخت بووە، ڕوودەکاتەوە بۆ پێشەوە و سەری مەعجونەکە دەکاتەوە، سەرەکەی لەسەر زەویەکە دادەنێت، لولەی مەعجونەکە توند دەگوشێت، کەمێك دەرمانی ددان دەکاتەسەر فلچەکە، بەدەستێکی مەعجونەکەی پێیەو بەدەستەکەی تری فلچەکە و ددانەکانی دەشوات. بەئەسپایی بەلای ڕاستداو بۆ دوواوە ئاوڕدەداتەوە بۆ ئەوەی تفەکەی بکاتە پشتی تەپۆلکەکەوە. لەوکاتەدا چاوی بە وێلی دەکەوێت. تفەکە دەکات. کەمێك دوورتر بۆ دوواوە دەڕوانێت. بەدەنگی بەرز.} هۆوووو. {وەستان. قایمتر} هۆوووووووو. {وەستان. ڕوودەکاتەوە بۆ پێشەوە، زەردەخەنەیەك لەسەر لێویەتی، فلچەکە دادەنێت.}

ویلی داماو —{سەیری مەعجونەکە دەکات، زەردەخەنەکە لەسەر لێوی نامێنێت.) تیاینەماوە — (بۆ سەری مەعجونەکە دەگەڕێت) — ئا ئەوەتا — (سەری مەعجونەکە دەدۆزێتەوە.) سودی نەماوە. (سەری مەعجونەکە دەنێتەوە.) — تەنها یەکێك لەو شتە کۆنانە — (مەعجونەکە دادەنێت) — یەکێکی تر لەو شتەکۆنانە — (ئاوڕ دەداتەوە بۆلای جانتاکە)

– کەڵکی نییە – (ناو جانتاکە دەگەرێت) - کەڵکی نییە. (ئاوێنەیەکی بچوك دەردەهێنێت و رودەکاتەوە بۆ پێشەوە) – باشە (لە ئاوێنەکەدا سەیری ددانەکانی دەکات) – خۆشەویستە کلۆڵەکەم، ویلی – (بێئەوەی دیاربێت، بەپەنجە گەورەی دەستی بەشی پێشەوەی ددانەکانی سەرەوەی دەپشگنێت، بە دڵیەتی.) زۆرباشە! – (لالغاوەیەکیانی رادەکێشێت، دەمی دەکرێتەوە، پێی باشە.)- زۆر چاکە-(لاکەی تر سەیردەکات. بەدڵیەتە)- خراپ نییە- (واز لەپشکنین دەهێنێت، بەدەنگێکی ئاسایی دەستەدەکاتەوە بەقسەکردن.) باشتر نییە، خراپتر نییە- (ئاوێنەکە دادەنێت) – هیچ گۆڕانێك نەبووە – (پەنجەکانی بە گیاکە دەسڕێت) – هیچ ئازارێك نییە – (بۆ فڵچەکە دەگەڕێت) – هیچ شتێك – (فڵچەکە هەڵدەگرێت) – هێندە گرنگ نییە – (سەیری دەسکی فڵچەکە دەکات)- هیچ شتێك لەوێنەی نییە – (سەیری دەسکەکە دەکات، نوسراوەکەی سەری دەخوێنێتەوە) –بێمەترسییە ... چی؟ (وەستان) – چی؟ (فڵچەکە دادەنێت) – ئەها بیرم کەوتەوە – (ئاوڕدەداتەوە بۆ جانتاکە.) ویلی داماو – ( ناوجانتاکە دەگەڕێت) – تاقەتی – (دەگەڕێت) هیچی نییە. (چاویلکەکەی دەردەهێنێت، لەناو کیفێکدایە) – و ئارەزوی هیچی نییە – (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە) – لە ژیاندا- (چاویلکەکە لە کیفەکە دەردەهێنێت) – ویلی داماو (کیفەکە دادەنێت) بۆ هەتا هەتایە بنو –

(چاویلکەکە دەکاتەوە) دیارییەکی چەند جوانە! (چاویلکەکە دەکاتە چاو) — هیچ شتێکی پێناگات — (بۆ فلّچەی ددانەکە دەگەڕێت ) — بە بۆچونی من — (فلّچەکە هەلّدەگرێت)- هەمیشە وتوومە — (سەیری دەسکی فلّچەکە دەکات) — خۆزگە چاوم باش دەیبینی — (سەیری دەسکی فلّچەکە دەکات، دەخوێنێتەوە) — ئەسلّە ... خاوێنە... چی؟ - (فلّچەکە دادەنێت)- دیسانەوە نابینم — (چاویلکەکە دادەگرێت) — ئەها زۆرباشە — (چاویلکەکە لەسەر زەویەکە دادەنێت) — ئەوەندەی بینیومە بەسە — (گیرفانی تەنورەکەی دەگەڕێت) — وابزانم — (دەستەسڕێکی قەدکراو دەردەهێنێت) — ئێستا- (دەستەسڕەکە هەلّدەتەکێنێت) — ئەو هێلّە جوانانە چین! — (چاوێکی دەسڕێت) — داخی گرانم بۆخۆم — (چاوەکەی تری دەسڕێت) خۆزگە ئەوەم بدیایە کەلەبەر دەستمدایە — (بۆ چاویلکەکەی دەگەڕێت) — ئەوەتا دۆزیمەوە — (چاویلکەکە هەلّدەگرێت) — نایەلّم لەدەستم بچێت — (دەستدەکات بە پاککردنەوەی چاویلکەکەی، بەهەناسەی شوشەی چاویلکەکەی تەڕدەکات)- ئەی ئەگەر لەدەستم چوو؟ (خەریکی پاککردنەوەی چاویلکەکەیە) - رووناکی پیرۆز - (بەردەوامە لەسەر پاککردنەوە)لە قولاّیی تاریکییەوە سەردەربێنە - (خەریکی پاککردنەوەیە)- تیشکی روناکییەکی دۆزەخی . (واز لە پاککردنەوە دەهینێت، رودەکاتە ئاسمان، دەوەستێت ، سەری کەمێك

کەوتووە بەپشتدا، دەستدەکاتەوە بەسڕینی چاویلکەکە - واز لەسڕینی دەهێنێت و خۆی دەخات بەلای راستداو سەیری خوارەوە دەکات) هووووو!
(وەستانێك- زەردەخەنەیەك دەیگرێ و رودەکاتەوە بۆ پێشەوە، دەسدەکاتەوە بەسڕینی چاویلکەکە. زەردەخەنەکەی نامێنێت). دیارییەکی بەنرخە. (وازلەسڕینی چاویلکەکە دەهێنێت و دایدەنێت)- خۆزگە چاوم کزنەدەبوو - (دەستەسرەکە قەد دەکاتەوە)- ئەها - (دەستەسڕەکە دەخاتەوە گیرفانی) - نابێت ناشکوری بکەم - (بۆ چاویلکەکەی دەگەڕێت)- نانا-(چاویلکەکەی هەڵدەگرێت ) - نابێت ناشکوری بکەم - (چاویلکەکە بەرزدەکاتەوە، سەیری شوشەکانی دەکات)- ئازارم نییە - (چاویلکەکە دەکاتەوە چاوی ) - کەمێك نەبێت - (بۆ فلچەکە دەگەڕێت)- نیعمەتە - (فلچەکە هەڵدەگرێت) - هیچ شتێکی لەوێنەی نییە- (سەیری دەسکی فلچەکە دەکات)- هەندێك جار سەرم ژاندەکات - (سەیری دەسکی فلچەکە دەکات، دەیخوێنێتەوە)- گرنتی لەگەڵدایە... ئەسڵە... خاوێنە...(دەسڕەکە لەگیرفانی دەردەهێنێت) - زۆر چاکە - (دەسڕەکە هەڵدەتەکێنێت) - هەندێك جار کەمێك سەرم گێژدەخوات و چاوم رێشکەوپێشکە دەکات- (دەستدەکات بەسڕینی دەسکی فلچەکە) - ئەو ئازارەم بۆدێت - (دەسکی فلچەکە دەسڕێت) و پاشە کەمێك نامێنێت. (لەسەرخۆ دەسکەکە دەسڕێت)- ئاه - (بەردەوامە) - زۆر

سوپاس - (بەردەوامە)سوپاسی بێ پایان - (واز لەسڕین دەهێنێت، چاوی بڕیوەتە پێشەوە، بەشێوەیەکە پچڕپچڕ دەڵێت )- نزاو پاڕانەوە بێسودە و کەڵکی نییە -( وەستان - دەستپێدەکاتەوە) - یەکەم شت - (دەوەستێت، دەستپێدەکاتەوە)- دواهەمین شت - ((سەری دادەخات، دەستدەکاتەوە بەسڕین، واز لەسڕین دەهێنێت، سەربەرزدەکاتەوە، لەسەرخۆ چاوی دەسڕێت، دەستەسڕەکە قەد دەکاتەوە، دەیخاتەوە گیرفانی، سەیری دەسکی فلَچەکە دەکات، دەیخوێنێتەوە)- گرنتی تەواوی لەگەڵدایە ...ئەسڵە...(لەنزیکەوە سەیری دەکات)...ئەسڵە...(چاویلکەکە دادەکەنێت و لەگەڵ فلَچەکەدا دەیانخاتە سەر زەوییەکە، سەیری پێشەوە دەکات) ئاخ بۆ جاران! (وەستان) ئاخ بۆ چاوەکانی جارانم! (بەچوار دەوری خۆیدا دەگەڕێت، چەترەکەی دەبینێت، لەدورەوە دەستی بۆ درێژ دەکات، هەڵی دەگرێت و لەکیفەکەی دەریدەهینێت، دەسکێکی درێژی هەیە، بەدەستی راستی گۆپاڵی چەترەکە دەگرێت و بەلای راستدا و بەرەو پێشەوە ، خۆی دەچەمێنێتەوە بۆئەوەی ویلی ببینێت).

هووووووو! (وەستانێك) ویلی! (وەستانێك) دیارییەکی جوانە. (بەنوکی چەترەکە لەوێڵییەوە دەژەنێت) خۆزگە منیش بمتوانیبایە. (جارێکی تر بەنوکی چەترەکە تێوەی دەژەنێت) چەترەکە لەدەستی دەخزێت و دەکەوێتە پشتە تەپۆڵکەکەوە ، یەکسەر ویلی چەترەکە

دەداتەوە دەستی، بەڵام دەستی دیارنییە) سوپاس، ئازیزەکەم. (چەترەکە دەخاتە دەستی چەپی، ئاوڕدەداتەوە بۆپێشەوە، سەیری ناولەپی دەستی ڕاستی دەکات)- ئارەقی کردۆتەوە. (جارێکی تر چەترەکە دەخاتەوە دەستی ڕاستی، سەیری ناولەپی دەستی چەپی دەکات) - خراپ نییە. (بەخۆشییەوە سەری بەرزدەکاتەوە) باشتر نییە، خراپتر نییە، گۆڕان نییە. (وەستان . بەردەوامە لەسە رقسەکانی) ئازار نییە. (جارێکی تر خۆی دەخاتەوە بە پشتدا تا ویلی ببینێت، وەك جاری پێشوو دەسکی چەترەکەدەگرێتەوە). تکایە ئەمجارەش لەدەستم مەخزێرە خوارەوە، پێویستم پێت دەبێت. (وەستان) پەلەمەکە ، پەلەمەکە، ئەمجارەش لێم مەکەوەرە خوارەوە. (ڕودەکاتەوەوە بۆ پێشەوە، چەترەکە دادەنێت، سەیری ناولەپی هەردوو دەستی دەکات، بەگیاکە دەیانسڕێت) وابزانم هەردوکیان وەك یەك خراپن. (ئاوڕدەداتەوە بۆ جانتاکە، ناو جانتاکە دەگەڕێت، دەمانچەیەك دەردەهێنێت، سەیری دەکات، خێرا ماچی دەکات، دەیخاتەوە شوێنی خۆی، دەگەڕێت، شوشەیەك دەردەهێنێت، کەمێك دەرمانی تێداماوە، ڕەنگەکەی سورە، ڕودەکاتەوە بۆ پێشەوە، بۆ چاویلکەکەی دەگەڕێت، دەیکاتە چاوی، نوسراوی سەر شوشەکە دەخوێنێتەوە) بۆ بێهێزی ... بێتاقەتی ... ئێشتیها ....بۆ ساوا... منداڵ... گەورە... ڕۆژانە یەك کەوچکی چێشت... (سەری

بەرزدەکاتەوە، زەردەخەنەیەك دەیگرێ) ئاخ بۆ رۆژانی رابردوم! - (زەردەخەنەکە نامێنێت، سەری دادەخات و دەستدەکاتەوە بەخوێندنەوە)- رۆژانە ... پێش نانخواردن و دوای نانخواردن ... سێ ژەمە... راستەوخۆ... (وردتر سەیری دەکات)... بۆ چارەسەرکردن. (چاویلکەکە دادەکەنێت، لەسەر زەوییەکە دایدەنێت، شوشەکە بەرزدەکاتەوە تاکو بزانێت چەندی تێداماوە، سەرەکەی دەکاتەوە، هەڵی دەقورێنێت، شوشەکەو سەرەکەی بەرولای ویڵی فرێدەدات، دەنگی شکانی شوشەکە دەکەوێتە بەرگوێ) ئەوە زۆر باشترە! (ئاوڕ دەداتەوە بۆلای جانتاکە، ناوجانتاکە دەگەڕێت، سوراوێك دەردەهێنێت، رودەکاتەوە بۆ پێشەوە، سەیری سوراوەکە دەکات) هێندەی تیانەماوە. (بۆ چاویلکەکە دەگەڕێت) ئەوەتا. (چاویلکەکە دەکاتەوە چاوی، بۆ ئاوێنەکە دەگەڕێت) پێویست بەگلەیی ناکات. (ئاوێنەکە هەڵدەگرێت. دەسدەکات بە سوراوکردن) (ئەو هێڵە جوانە چییە؟ (بەردەوامە لەسوراوکردن) ئاخ خۆشییە تەمەن کورتەکان- (بەردەوامە) ئاخ خەمە هەمیشەییەکان.

**( خەریکی سوراوکردنە، جوڵەیەکی لەناکاوی ویڵی سوراوکردنەکەی پێدەبڕێت، ویڵی راستدەبێتەوە. وینی ئاوێنەکەی دادەنێت و ئاوڕدەداتەوە بۆ دواوە تا ویڵی ببینێت، وەستان ، لە پشتەسەرە روتاوەکەی ویڵی_دا مولولەی خوێنەکان دیارە، هەستاوە تا سەیری دەوروبەری خۆی بکات ، بەو شێوەیە**

**دەمێنێتەوە، وینی چاویلکەکەی بەرزدەکاتەوە بۆسەر سەری، وەستان. دەستی وێلی دەردەکەوێت، دەستەسرێکی پێیە دەیدات بەسەریدا، سەری دادەپۆشێت. وەستان. شەپقەیەکی بەدەستەوەیە، قەیتانێکی پێوەیە، دەیکاتە سەری، وینی کەمێك زیاتر بە پشتدا خۆی دەخات.)**

بەقوربان جوان دانیشە باخۆرەکە نەتسوتێنێت. (وەستان) نا؟ (وەستان) ئا، تێگەیشتم، هێشتا بەتەواوی راستنەبویتەتەوە. (وەستان) خۆت چاکبکە، ئازیزەکەم (وەستان.) بەلاکەی تردا. (وەستان) رودەکاتەوە بۆ پێشەوە، دەڕوانێتە پێش خۆی، خۆشییەك لەسەر روخساری دەردەکەوێت.) پێدەچێت ئەمرۆش رۆژێکی خۆشی تر بێت! (وەستان. خۆشییەکە نامێنێت، چاویلکەکە دەخاتەوە سەر چاوی و دەست دەکاتەوە بە سوراوکردن. ویلّی رۆژنامەیەك دەکاتەوە، دەستی دیار نییە، لەملاولای سەرییەوە، سەری چەند پەڕەیەکی زەرد دەردەکەوێت، وینی سوراوەکەی تەواودەکات، تۆزێك لە دورەوە ئاوێنەکەی راگرتووەو سەیری لێوەکانی دەکات.) سورێکی تۆخە. (ویلّی پەڕەیەك هەڵدەداتەوە. وینی سوراوەکە و ئاوێنەکە دادەنێت، ئاوڕدەداتەوە بۆلای جانتاکە.) پارچە گۆشتێکی زەردهەڵگەڕاو. (ویلّی پەڕەی رۆژنامەکە هەڵدەداتەوە. وینی ناو جانتاکە دەگەڕێت، کلاوێکی چنراوی پڕە نەخش ونیگار دەردەهێنێت، چەند پەڕێکی جوانی پێوەیە، رودەکاتەوە بۆ پێشەوە، کلاوەکەی رێکدەکات،

پەڕەکانی راستدەکاتەوە، کلاوەکە بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی سەری، لەشوێنی خۆی رەقدەوەستێت، لەو کاتەدا ویلّی دەخوێنێتەوە.)

**ویلّی:** زۆر بەڕێز و پایەبەرز دکتۆر کارلۆس هەنتەر لەناو بانیۆکەدا مردبوو.

(وەستان)

**وینی:** (دەڕوانێت بۆ پێشەوە، شەپقەکە هەربەدەستیوەیەتی ، بەقورگێکی پڕ لەگریانەوە) چارلی هەنتەر! (وەستان) کوێرایم دایە - (چاویلکەکەی دادەنێ و چاوی دادەخات، شەپقەکە بەدەستێکیەوەیەتی و چاویلکەکەش بەدەستەکەی تریەوە. ویلّی پەڕەی رۆژنامەکە هەڵدەداتەوە) - جارێی تر لەسەر ئەژنۆکانی دانیشتووم، لەباخچەکەی پشتەوە لە بۆرۆگرین، لەژێر دار حەیزەرانەکەدا، (وەستان. چاوی دەکاتەوە، چاویلکەکە دەکاتەوە چاوی، خێراخێرا دەکێشێت بە شەپقەکەیدا و توشی دڵە راوکێ بووە.) ئاخ یادگارییە خۆشەکان! (وەستان) شەپقەکە بەرزدەکاتەوە تا ئاستی سەری، دەوەستێت، ویلّی دەخوێنێتەوە.)

**ویلّی:** کراوەتەوە بۆ گەنجە زیرەك و لێهاتووەکان.

(وەستان. وینی دەستی دادەگرێتەوە، چاویلکەکەی دادەکەنێت، سەیری پێشەوە دەکات، شەپقەکەکە بەدەستێکیەوەیەتی و چاویلکەکەش

بەدەستەکەی تریەوە.)

**وینی:** یەکەم ئاهەنگم! (وەستانێکی درێژ.) دووەم ئاهەنگم! (وەستانێکی درێژ چاوی دادەخات) یەکەم ماچم. (وەستان. ویلی پەڕە هەڵدەداتەوە. وینی چاوی دادەخات.) میستەر جۆنسن، یان جۆنستن، یاخود بابڵێم جۆنستۆون، سمێڵێکی ئەستور ی سورباو. ((بەڕێزەوە) سورباو! (وەستان) لەناو کوخێکدا، هەرچەندە نازانم هی کێش بوو. ئێمە کوخمان نەبوو، دڵنیاشم ئەویش نەیبوو. (چاوی دادەخات) قاپ و قاچاغەکە دەبینم. (وەستان) پەرژینەکە. (وەستان) ئەو بۆشاییانەی لەنێوان دارەڕای بنمیچەکەدایە. (وەستان. چاوی دەکاتەوە و چاویلکەکە دەکاتە چاوی، شەپقەکە بەرەو سەری بەرزدەکاتەوە، دەوەستێت، ویلی هەر دەخوێنێتەوە.)

**ویلی:** کوڕێکی شارەزاو لێهاتومان پێویستە.

**(وەستان. وینی بە پەلە شەپقەکە دەکاتە سەری، بۆ ئاوێنەکە دەگەڕێت، ویلی پەڕەکان هەڵدەداتەوە. وینی ئاوێنەکە هەڵدەگرێت، شەپقەکەی ڕێکدەخات، ئاوێنەکە دادەنێت، ئاوڕدەداتەوە بۆلای جانتاکە. ڕۆژنامەکە دیارنامێنێت. وینی جانتاکە دەگەڕێت، زەڕەبینێك دەردەهێنێت، ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە، بۆ فلچەی ددانەکەی دەگەڕێت، جارێکی تر ڕۆژنامەکە دەردەکەوێتەوە، قەدکراوە ، ویلی خۆی پی باوەشێن دەکات، دەستی دیار نییە.**

**وینی فڵچەکە هەڵدەگرێت، بەزەڕەبینەکە سەیری دەسکەکەی دەکات. )**

**وینی:** گرنتی تەواوی لەگەڵدایە... (ویلی واز لەباوەشێنکردن دەهێنێت)... ئەسڵە... (وەستان. ویلی دەستدەکاتەوە بۆ باوەشێنکردن. وینی وردتر دەڕوانێتە فڵچەکە، دەخوێنێتەوە) گرنتی تەواوی لەگەڵدایە... (ویلی واز لەباوەشێنکردن دەهێنێت)... ئەسڵە... (وەستان. ویلی دەستدەکاتەوە بە باوەشێنکردن. وینی زەڕەبین و فڵچەکە دادەنێت، دەستەسڕەکە لەگیرفانی دەردەهێنێت، چاویلکەکە دادەکەنێت و دەیسڕێت، دەیکاتە چاوی، بۆ زەڕەبینەکە دەگەڕێت، هەڵیدەگرێت، بۆ فڵچەکە دەگەڕێت، هەڵیدەگرێت و بەزەڕبینەکە سەیری دەسکەکەی دەکات.) گرنتی تەواوی لەگەڵدایە...(ویلی واز لەباوەشێنکردن) ... ئەسڵە... (وەستان. ویلی دەستدەکاتەوە بە باوەشێنکردن)... موی ... (ویلی واز لە باوەشێنکردن دەهێنێت)... یەکانەیە. (وەستان. ویلی زەڕەبین و فڵچەکە دادەنێت، ڕۆژنامەکە دیارنامێنێت، وینی چاویلکەکە دادەنێت، سەیری پێشەوەدەکات.) ... موی یەکانەیە... (وەستان) زۆرم پێخۆشە ڕۆژێك تێپەڕێت ... (زەردەخەنە)... و وەك ڕۆژانی پێشوو نەبێت ... (زەردەخەنەکە نامێنێت)... بە ئاستەم ڕۆژێك هەیە شتێك بۆ سەر زانیارییەکانی مرۆڤ زیادبێت، هەرچەندە بێماناشبن، مەبەستم لەو زیادانە

ئەوانەیە کەکەمێك   لە ئازارەکان کەمدەکەنەوە. (دەستی ویلی دەردەکەوێت، پۆستکارتێکی پێیە و بەوردی سەرنجی دەدات.) ئەگەر بەهۆی هەندێك شتی لەناکاوەوە ئازار نەچێژی ، ئەوا بۆخۆت چاو دابخە (چاوی دادەخات)- و چاوەڕێی ئەو ڕۆژەبکە تا دێت- (چاو دەکاتەوە)- ئەو ڕۆژە خۆشەبێت کە گۆشتی مرۆڤ لەگەرما دەتوێتەوە و شەویش سەدان کاتژمێر درێژدەبێت. (وەستان) کە خۆشەویستی لە دڵماندا نامێنێت و حەسودی بە گیانەوەرە دڕندەکان دەبەین، زۆر خۆشحاڵ دەبم بە هاتنی ئەو ڕۆژە. (ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلی) هیوادارم تێبگەیت. (پۆستکارتەکە دەبینێت، کەمێك خۆی بەپێشدا دەچەمێنێتەوە) ئەوەچی یە بەدەستەوە، ویلی، دەتوانم بیبینم؟ (دەستی درێژ دەکات، ویلی کارتەکە دەداتە دەستی، مەچەکە توکنەکەی دەردەکەوێت. دەستی دەکاتەوە بۆ ئەوەی کارتەکە وەربگرێتەوە، بەو شێوەیە دەمێنێتەوە تا وینی کارتەکە دەداتەوە دەستی. وینی رودەکاتەوە پێشەوە و سەیری کارتەکە دەکات.) ئای خودایە ئەوانەچین! (بۆ چاویلکەکەی دەگەڕێت، لەچاوی دەکات و سەیری کارتەکە دەکات.) بەراستی شتێکی ناشرینی! (سەیری کارتەکەدەکات) مرۆڤ دڵی پێتێکەڵدێت! (ویلی دوودڵە و پەنجەکانی دەجولێنێ و ئارامی لێبڕاوە، وینی بۆ زەڕەبینەکە دەگەڕێت، هەڵیدەگرێت و سەیری کارتەکەی پێدەکات. وەستانێکی زۆر) ئەو

بونەوەرەی لە باکگراوندی کارتەکەدایە چیدەکات؟ (وردتر سەیری دەکات) ئای خوایە! (بۆ دواجار ماوەیەکی زۆر لێی وردە دەبێتەوە، زەڕەبینەکە دادەنێت، بە دوو پەنجەی دەستە راستی سوچێکی کارتەکە دەگرێت و سەری بەلای چەپدا شۆڕکردۆتەوە. بە دوو پەنجەی دەستە چەپی لوتی دەگرێت.) یاع! کارتەکە بەردەداتەوە) لاییبە! (قۆڵی ویلّی دیارنامێنێت . بەپەلە قۆڵی دەردەکەوێتەوە ، کارتەکەی بەدەستەوەیە. وینی چاویلکەکە دادەکەنێت، دایدەنێت، سەیری بەردەمی خۆی دەکات، لەکاتێکدا وینی خەریکی ئەمانەیە ، وێلّی لەولاوە بەخۆشحاڵییەوە دەڕوانێتە کارتەکە، لەهەمولایەکەوە و بەهەموو بارێکدا سەیریدەکات.) ریشوەکانی نەرمە. (نیشانەی سەرسوڕمانێك بەروخساریەوە دیارە) ئەرێ بە راست یەکانە چییە؟ (وەستان. دەسپێدەکاتەوە) بێگومان دەزانم بەراز چییە، بەڵام یەکانە... (سەرسوڕمانکەی نامێنێت) ئەوە کەی کێشەیە، هەمیشە هەر وام وتووە. ئەگەڕێنەوە؟، زۆرم پێخۆشە، هەمویان دەگەڕێنەوە. (وەستان) هەمووی؟ (وەستان) نەخێر، هەموی نا. (بەزەردەخەنەوە) نا نا. (زەردەخەنەکە نامێنێت) هەموی نا. (وەستان) بەشێکی.(وەستان) رۆژێکی خۆش لە دەریاوە سەردەردێنێت. (وەستان) ئەوەم وۆر بەلاوە خۆشە. (وەستان. رودەکاتە بەلای جانتاکەوە، دەستی ویلّی و کارتەکە دیار نامێنن، وینی بەنیازە ناو جانتاکە بگەڕێت، دەوەستێت) نەخێر. (

روودەکاتەوە بۆ پێشەوە و زەردەخەنەیەك دەیگرێت.) نا نا. (زەردەخەنەکە نامێنێت.)

وینی لەسەرخۆبە.(وینی سەیری پێشەوە دەکات و لەبەرخۆیەوە قسەدەکات، دەستی ویلّی دەردەکەوێتەوە، شەپقەکەی دادەکەنێت، دەستی بە شەپقەکەوە دیار نامێنێت.) چی؟ (دەستی دەردەکەوێتەوە، دەسرەکە لەسەری دەکاتەوە، دەستی و دەسرەکە دیارنامێنن. بە توندی وەك ئەوەی چەندجارێك لەگەڵ یەکێك قسەی کردبێت و بەڵام ئەو گوێی پێنەدات دەڵی.) وینی ! (ویلّی سەردادەنەوێنێت و دیارنامێنێت.) چارەچییە؟ (وەستان.) چارە - (ویلّی بەتوندی فنگ دەکات، سەرودەستی دیارنییە، وینی ئاوڕی بۆ دەداتەوە. (وەستان) سەری ویلّی دەردەکەوێتەوە. (وەستان) دەستی دەردەکەوێتەوە و دەسرەکەی پێیە، دەیدات بەسەریدا، سەری دادپۆشێت، (وەستان) دەستی دەردەکەوێتەوە شەپقەیەکی پوشی پێیە، دەیکاتە سەری، سەری دیار نامێنێت. (وەستان) خۆزگە هەر وازم لێ بێنایتایە بۆخۆت بنوستیتایە. (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە، ناوبەنتاو چنگ دەکات بەگیاکەدا، سەربەرز دەکاتەوە و دایدەخاتەوە، لەبەرخۆیەوە دەستدەکات بەقسەکردن.) ئاخ، خۆزگە بمتوانیبایە بەتەنها بژیم، مەبەستم ئەوەیە بە ئارەزوی خۆم قسەم بکردایە، و کەس گوێی لێنەبوایە. (وەستان) هەرگیز گوێت لێنابێت باسی خۆم بکەم یان خۆم هەڵبکێشم،

ویلّی، خواپەنامان بات (وەستان.) ڕەنگە چەندەها ڕۆژ هەبێت کە گوێت لە تەنها وشەیەکیش نەبێت (وەستان.) بەلاّم ڕۆژانێك دێت کە وەلاّم بدەیتەوە . (وەستان) هەر لەبەر ئەوەشە بەردەوام قسەدەکەم، تەنانەت ئەگەر وەلاّمیش نەدەیتەوە یاخود ئەگەر گوێت لەهیچیش نەبێت، شتێك هەر دەبیستیت، بەتەنها قسە بۆخۆم ناکەم، لەچۆلّەوانیدا، هەرگیز ناتوانم وابکەم - لەهیچ کاتێکدا (وەستان.)

هەر ئەو ئومێدەیە توانای بەردەوامیم پێدەبەخشێت، بەردەوامی لەقسەکردن. (وەستان) ئەگەر بمریت - (زەردەخەنە) یان وەکو جاران قسەم لەگەلّ بکەیت - (زەردەخەنەکە نامێنێت) یاخود بەجێم بهێلّیت ، ئەوکاتە چیبکەم ، دەتوانم چیبکەم، بەدرێژایی ڕۆژ، مەبەستم ئەوەیە لەنێوان زەنگی بەرەبەیان و زەنگی نێوەشەودا. (وەستان.) دەبێت بەدەمی نوقاوەوە هەر بڕوانمە بەردەمەی خۆم. (ماوەیەك دەوەستێ، دەمی دەنوقێنێ و سەیری پێشەوە دەکات، واز لە هەلّکەندنی گیاکە دەهێنێت.) تا ڕۆح لەجەستەمدا بێت یەك وشەی تر نادرکێنم، نابێت هیچ شتێك بێدەنگی ئەم شوێنە بشکێنێت. (وەستان.) جاربەجارێکیش هەناسەیەکی قولّ هەلّدەکێشم. (وەستان.) یاخود نەرمە پێکەنینێك دەکەم، وەك ئەوەی نوکتەیەکی کۆنم بیرکەوتبێتەوە. (وەستان. زەدەخەنەیەك لەسەر لێوی دەردەکەوێت، وردە وردە زەردەخەنەکە دەگۆڕێت بۆ پێکەنینێك بەدەنگی

بەرز ، لەناکاو پێکەنینەکە دەگۆڕێت بۆ ناڵەناڵ و لاواندنەوە.) قژم! (وەستان) ئەرێ بە راست قژم شانەکردووە؟ (وەستان) وابزانم کردومە. (وەستان.) هەموکات شانەم کردووە. (وەستان.) ئیشوکارەکان هێندە زۆرنییە تا مرۆڤ نەی پەرژێتە سەر قژ شانەکردن. (وەستان.) مرۆڤ فریای هەموو ئیشەکان دەکەوێت. (وەستان) دەتوانێت هەموو ئیشەکان بکات. (وەستان) تەنها مرۆڤ. (وەستان) سروشتی مرۆڤ. (چنگەکڕی لەناو گردۆڵکەکەدا دەکات.) لاوازیی مرۆڤ. (دەستدەکاتەوە بە گەڕان) لاوازییەکی سروشتیی. (دەستدەکاتەوە بەگەڕان لەگردۆڵکەکەدا. ) شانەی لێنیە. (دەگەڕێت) فلچەی قژیشی لێنیە. (سەیری سەرەوەدەکات. حەپەساوە. ئاوڕدەداتەوە بۆلای جانتاکە، ناوجانتاکە دەگەڕێت.) ئەوەتا، شانەکە لێرەیە. (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە. هێشتا هەر حەپەساوە، جارێکی تر ئاوڕدەداتەوە بۆلای جانتاکە، دەگەڕێت) ئەوەش فلچەکەیە. (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە، هێشتا هەر حەپەساوە) دوای ئەوەی بەکارم هێنان دەیانخەمەوە شوێنی خۆیان. (وەستان. دەیانخاتەوە شوێنی خۆیان) بەڵام شتەکان ناخەمەوە شوێنی خۆیان راستەوخۆ دوای دوای بەکارهێنان، نەخێر، لەولاوە دایان دەنێم و ئێوارە هەموو شتەکان کۆدەکەمەوە و ئینجا دەیانخەمەوە شوێنی خۆیان . (زەردەخەنە) وەکو جاران قسەبکەیت.(وەستان) شێوازە شیرینەکەی جاران. (زەردەخەنەکە

نامیٚنیٚت) هیٚشتا ... رەنگە... بیرم مابیٚت... (کتوپڕ دەوەستیٚت و قەسەکە تەواوناکات) ئەریٚ ئەوە کەی کیٚشەیە، من هەمیشە وادەلیٚم، دواتر قژم دادەهیٚنم، خاوی، هەردووکیان دەکەم. (وەستاوە و واقی وڕماوە) هەردووکیان؟ (وەستان) یان یەکیٚکیان؟ (وەستان) قژم خاو دەکەمەوەو شانەی دەکەم.(وەستان) هەندیٚك جار زۆر ناڕیٚکە.(وەستان. کەمیٚك ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلی -یەوە)

ئەی تۆ دەلیٚی چی،ویلی؟ (وەستان. زیاتر ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلی) تۆ دەلیٚی چی، ویلی، سەبارەت بە قژی خۆت. خاوی دەکەیتەوە و شانەشی دەکەیت یان هەر یەکیٚکیان دەکەیت؟ (وەستان) مەبەستم قژی سەرتە. (وەستان. زیاتر ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلی) قژەکەی سەرت، ویلی، سەبارەت بەو قژەی بەسەرتەوە ماوە، ئەلیٚی چی، خاوی دەکەیتەوە و شانەشەی دەکەیت ، یان هەر یەکیٚکیان دەکەیت؟ (وەستانیٚکی زۆر)

**ویلی:** هەر یەکیٚکیان.

**وینی:** (بەخۆشحالیٚیەوە ئاوڕدەداتەوە بۆ پیٚشەوە) ئۆخەی، مادام ئەمڕۆ قسەم لەگەلّ دەکەیت، کەواتە ڕۆژیٚکی خۆش دەبیٚت! (وەستان. خۆشییەکەی سەر ڕووخساری نامیٚنیٚت) ڕۆژیٚکی خۆشی تر! (وەستان) زۆرچاکە، باسی چیم دەکرد، قژم ، ئا وابوو، دواتر، دواتر سوپاسی دەکەم. (وەستان.) من - (دەستی بەرزدەکاتەوە بۆ شەپقەکەی) بەلیٚ - ئەوەتا-

شەپقەکەم- لەسەردایە. (دەستی دادەگرێت) ئێستا ناتوانم دایبکەنم. (وەستان) تۆ بیربکرەوە، جاری واهەیە مرۆڤ بواری ئەوەی نییە شەپقەکەی سەری خۆی دابکەنێت، جا نەخوازەلا ژیانیشی لەمەترسیدابێت - هەندێك جار ناتوانی بیکەیتە سەرت، هەندێك جاریش ناتوانیت دایبکەنیت. (وەستان) چەندین جار بەخۆمم وتوە، ئێستا شەپقەکە بکەرە سەرت، وینی، هیچی ترت نەماوە، ئێستا شەپقەکە داگرە، وینی، وەك کچێکی جوان، وا جوانتری، بەڵام نەمکردووە. (وەستان) نەمتوانیوە. (وەستان. دەستی بەرزدەکاتەوە. لەژێر شەپقەکەوە تاڵێك موی سەری دەگرێت، رایدەکێشێت بۆسەر چاوی، سەیری دەکات، بەرەڵای دەکات، دەستی دادەگرێت.) ئەو رۆژەی کە دوا میوان رۆیشت، پێت وتم قژێکی ئاڵتونیت پێوەیە -(دەست بەرز دەکاتەوە وەك ئەوەی پەرداخێکی بەدەستەوەبێت) بەخۆشی قژە ئاڵتونییەکەت ... رەنگە هەرگیز... (قسەکانی پچڕپچڕ دەبێت)... رەنگە هەرگیز... (دەستی دادەگرێت، سەری دادەخات، دەوەستێت، بەدەنگێکی نزم لەبەرخۆیەوە) ئەو رۆژە. (وەستان. دەستپێدەکاتەوە.) کام رۆژە؟ (وەستان. سەربەرزدەکاتەوە. بەدەنگێکی ئاسایی) ئێستا چیبکەم؟ (وەستان) قسەکردن سودی نییە، کاتی واهەیە قسەکردن هیچ کەڵکی نییە. (کەمێك ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلی.) تۆش پێت وانییە، ویلی، جاری واهەیە قسەکردن کەڵکی نییە؟ (وەستان.

ئاوردەداتەوە بۆ پێشەوە.) کەواتە مرۆڤ چیبکات، تا ئەوکاتەی دەمرێت؟ قژ خاوبکاتەوە وشانەی بکات، ئەگەر پێشتر نەیکردبێت، یاخود دڵنیا نەبێت لەوەی کە کردویەتی ، نینۆك بکات ئەگەر درێژبوبوون، ئەمشتانە کەمێك مرۆڤ سەرقاڵ دەکەن - (وەستان)- مەبەستم ئەوەیە. (وەستان.) ئەوە هەموو مەبەستی منە. (وەستان.) زۆر ئاسودەدەبم، رۆژێك نییە تێپەڕێت و شتێکی خۆش روونەدات. (ویلی لەپشت گردەکەوە دەردەکەوێت و سەری دیار نامێنێت. وینی ئاوڕی بۆ دەداتەوە) - خۆت شاردەوە - (کەمێك خۆی دەخات بەپشتداو سەبری خوارەوە دەکات) بچۆرەوە ناو کونەکەت - ویلی - زۆر خۆت دەرخستووە. (وەستان) چیم پێوتی وابکە، ویلی، لەوبەر سوری هەتاوە رامەکشێ، بچۆرەوە پەناگەکەت. (وەستان) هەر ئێستا بچۆرەوە شوێنی خۆت، ویلی.( وێلی کەلەمەوە دیارنییە لەسەر چنگ بەرەولای چەپ دەڕوات کە کونێکی لێیە) ئەوەش پیاو. (دیقەتی ویلی دەدات بەرەو کونەکەی دەڕوات) ئاوا ... بەلای راستدا وەرگەڕێ... ئێستا ... بۆ دواوە برۆ.) لەپێشا سەرت نا،گێلە، دوایی چۆن دەتونیت وەربسوڕێیتەوە؟ (وەستان) ئازیزەکەم، دەزانم ئاسانییە پاشەوپاش و لەسەر چنگ برۆیت، بەڵام دواجار هەر ئەوەیان بۆتۆ باشترە. (وەستان) کرێمی ڤازەلین_ەکەت لێبەجێماوە. (سەیری ویلی دەکات دەگەڕێتەوە بۆ کرێمەکە) سەرقاپەکەیت بیرنەچێت!

(سەیری دەکات جارێکی تر بەرەو کونەکە دەکشێتەوە دواوە، پەشۆکاوە) یەکەمجار سەرت نا، وریابە! (وەستان) زیاتر بەرەو لای راست. (وەستان) بۆلای راست، پێم وتی. (دەوەستێت. پەشۆکاوە.) زیاتر پشت دانەوێنە، ناتوانی! (وەستان) ئێستا برۆ. (وەستان) بەرەو ناوەوە. (ویلّی ئەم رێنماییکردنە هەمووی بەدەنگی بەرز دەلێت، هێشتا هەر رووی لە وێلّی_یە، ئێستا بەدەنگێکی ئاسایی دەلێت.) گوێت لێمە؟ (وەستان) تکایە، ویلّی، بەس بلّێ ئا یان نا، گوێت لێمە، تەنها بلّی ئا یان بلّێ گوێم لەهیچ نیە.(وەستان)

**ویلّی:** بەلّێ.

**وینی:** (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە و بەهەمان تۆن) ئەی ئێستا؟

**ویلّی:** (شەکەتە) بەلّێ.

**وینی:** (بەدەنگێکی نزمتر) ئەی ئێستا؟

**ویلّی:** (زۆر پەشۆکاوە) بەلّێ.

**وینی:** (زیاتر دەنگی نزم دەکاتەوە) ئەی ئێستا؟ (کەمێك بەرزتر ) ئەی ئێستا؟

**ویلّی:** (بە توندی) بەلّێ!

**وینی:** (بەهەمان تۆن) ئیتر پێویست ناکات لە تیشکی خۆرەکە

بترسیت. (وەستان) گوێت لێبوو چیم وت.

**ویلّی:** (شەکەتە) بەڵێ.

**وینی:** (بەهەمان تۆن) چی؟ (وەستان) چی؟

**ویلّی:** (زۆر شەکەتە) ئیتر مەترسە. (وەستان)

**وینی:** (بەهەمان تۆن) ئیتر چی نا؟ ئیتر لەچی مەترسە؟

**ویلّی:** (بەتوندی) ئیتر مەترسە!

**وینی:** (بەدەنگێکی ئاسایی و لەبەرخۆیەوە) هەر بێوەی بیت، ویلًی، سوپاسە ئەو دڵنەرمییەت دەکەم، دەزانم زەحمەتت زۆرکێشا، ئێستا بۆخۆت پشوبدە، چیتر بێزارت ناکەم، ئەگەر ناچار نەبم، مەبەستم ئەوەیە تاکو بێتاقەت نەبم، بڕواش ناکەم قەت بێتاقەت ببم، هەردەمەوێت بزانم کەگوێت لێمە یان نا، هەرچەندە لە راستیدا گوێشت لێم نییە، هەردەموێت دڵنیابم لەوەی کەلەمەودای بیستنی دەنگی مندای تاکو هەواڵت بپرسم، نامەوێت شتێکت پێبڵێم کە خۆت حەز بەبیستنی نەکەیت یان ئازارت بدات، نامەوێت لەخۆمەوە بۆڵەبۆڵ بکەم، شتەکان دوبارەبکەمەوە. (وەستان. پشویەکی کورت دەدات) گومانم هەیە. (دەست دەخاتە سەردڵی، دەست دەهێنێت بەسەر دڵیدا، دەستی لەسەر دڵی رادەگرێت.) ئا لێرەدا. (لەسەرخۆ دەست دەجولێنێت.) ئالەم

شوێنەدا. (دەستی لادەبات) بەدڵنیاییەوە ئەو کاتە دێت، پێش ئەوەی وشەیەکی تر بڵێم، دەبێت دڵنیابم لەوەی وشەکەی پێشترت بیستووە، گومانی تێدانییە دواتر کاتی ئەوەشدێت کە دەبێت فێری ئەوەببم قسەبۆخۆم کە هەرگێز پێشتر نەمتوانیوە وابکەم، یاخود بەدەمی نوقاوەوە بڕوانمە پێشەوە. (دەمی دەنوقێنێ و سەیری پێشەوە دەکات) بەدرێژایی رۆژ. (سەیری پێشەوە دەکات و دەمی دەنوقێنێت.) نەخێر (زەردەخەنەیەك دەیگرێت) نا نا. (زەردەخەنەکە نامێنێت) دڵنیام ئەوە جانتاکەیە.(ئاوڕ دەداتەوە بۆلای جانتاکە)هەمیشە جانتاکەی لێیە. (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە) بەڵێ، وایە. (وەستان) تەنانەت ئەگەر تۆش بڕۆیت، ویلی. (کەمێك ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلی) دەڕۆیت، ویلی، وانییە؟ (وەستان. بەدەنگێکی بەرزتر) بەمزوانە دەڕۆیت، ویلی، وانییە؟ (وەستان. قایمتر) ویلی! (وەستان. کەمێك خۆی دەخات بەپشتدا بۆئەوەی ویلی ببینێت.) چاکتکرد شەپقەکەت داکەندووە. (وەستان) بەوەدا چەناگەت خستۆتە سەر دەستەکانت ،و چاوە شینەگەورەکانت لەبەر سێبەرەکەدا دەدرەوشێتەوە، دیارە پشوی چاکت داوە. (وەستان) نازانم لەوێوە دەمبینیت یان نا. (وەستان) نا؟ (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە) دەزانم دوو کەس پێکەوەبن کەمتر سەرنجی یەکتر دەدەن - (وردە وردە خۆی نزمدەکاتەوە)- بەمشێوەیە - (خۆی رێکدەکاتەوە) - چونکە ئەو ئەو

دەبینیٚ و ئەویش ئەم دەبینیٚ، ژیانی ئەوەی فێرکردووم کە ... بەهەرحاڵ. (وەستان) بەڵیٚ، تەنها ژیان، هیچ شتێکی تر نا- (کەمێك ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلّی) ویلّی، پێت وایە لەشوێنی خۆتەوە دەتوانیت ببینیت ئەگەر تۆزێك بە ئاراستەی من چاوت هەڵبڕی؟ (تۆزێك زیاتر ئاوڕدەداتەوە بۆ دواوە) چاوت هەڵبڕە ویلّی، پێم بڵیٚ بزانم من دەبینی، لەبەر خاتری ، تابتوانم خۆم دەخەم بەپشتدا.(خۆی دەخات بەپشتدا. وەستان) نا؟ (وەستان) بەهەرحاڵ گوێمەدەریٚ - (تۆزێك بەزەحمەت ئاوڕی بۆدەدرێتەوە بۆ پێشەوە) ئەمڕۆ دنیا زۆر تەنگەبەر بووە، تۆ بلێی قەڵەو بوبم، بڕواناکەم.(وەستان. بەبێتاقەتییەوە چاو دادەخات) لەوانەیە خەتای ئەو گەرما زۆرەبێت. (دەست دەکیشێت بەزەویەکەدا) هەموو شتەکان دەکشێن، هەندێك لەهەندێك زیاتر. (وەستان. دەست دەکێشێتەوە بەزەویەکەدا) هەندێك کەمتر. (وەستان. دەستپێدەکاتەوە) زۆرباش دەزانم ئێستا بیر لەچی دەکەیتەوە، لەدڵی خۆتدا دەڵێی هەرئەوەندە بەس نییە کەدەبێت گویٚ لەژنێك بگرم، بەڵکو پێویستە سەیریشی بکەم. (وەستان. بەردەوام دەبێت) بە ئاشکرا دیارە. (وەستان. بەردەوامە) رون و ئاشکرایە. (وەستان. بەردەوامە) جاری واهەیە مرۆڤ داوای شتێکی گەورە ناکات، بەراستی، لەو کاتانەدا کە زەحمەتە - (قسەکانی پچڕپچڕ دەبێت- وەك ئەوەی لەبەر خۆیەوە بۆڵەبۆڵ بکات) - داوای کەمترین شت بکەیت

- لەهاوڕێکەت- هێمنی - کەلە راستیدا- کاتێك بیری لێدەکەیتەوە - کاتێك دەڕوانیتەخۆت- دەبێت کەسی بەرامبەر-پێویستی بەچی بێت - ئارامی- لێیگەڕێی بە ئاسودەیی بژی - پاشان رەنگە پێویستی بە مانگ بێت - بەدرێژایی ئەو ماوەیە- داوای مانگ دەکات. (وەستان. کتوپڕ واز لەپیاکێشان بەزەویەکەدا دەهێنێت) ئای هاوار ئەوە چییە؟ (سەری دادەنەوێنیێ، باوەڕ بەچوای خۆی ناکات.) لە زیندەوەر دەچێت. (بۆ چاویلکەکەی دەگەڕێت، دەیکاتە چاوی، زیاتر دەچەمێتەوە. وەستان) مێرولەیە! (خۆی راستدەکاتەوە، دەقیژێنێت) ویلی، مێرولەیە، مێرولەیەکی زیندووە! (زەڕەبینەکە دەگرێت بەدەستییەوە، جارێکی تر دەچەمێتەوە، بەزەڕەبینەکە سەیری سەر زەوییەکە دەکات) بۆ کوێ چوو؟ (دەگەڕێت) ئای! (بەزەڕەبینەکە بەشوێنیدا دەگەڕێت) تۆپەڵێکی خڕی سپی بچوکی پێبوو. (بەردەوامە لەگەڕان، زەڕبینەکەی پێیە. وەوستان) چووە ناو کونەکەیەوە. (چەند ساتێکی کەم بە زەڕەبینەکە سەیری پەڵەیەك دەکات، پاشان لەسەرخۆ خۆی راستدەکاتەوە، زەڕەبینەکە دادەنێت. چاویلکەکە دادەکەنێت و سەیری پێشەوە دەکات. چاویلکەکەکە هەر بەدەستیەوەیەتی. لەکۆتاییدا دەڵێت) وەك تۆپێکی سپی بچکۆلە وابوو. (وەستانێکی زۆر. جوڵەیەك دەکات بۆئەوەی چاویلکەکە دابنێت)

**ویلی:** هێلکە بووە.

**وینی:** (ڕەق دەوەستێت) چی؟ (وەستان)

**ویلی:** هێلکەبووە (لەوکاتەدا وینی دەیەوێت چاویلکەکە دابنێت.) داویەتیە پێشخۆی.

**وینی:** (دەوەستێت) چی؟ (وەستان)

**ویلی:** داویەتییە پێشخۆی. (وەستان. دواجار چاویلکەکە دادەنێت. دەڕوانێت بۆپێشەوە)

**وینی:** (لەبەرخۆیەوە) خودایە. (وەستان. ویلی لەبەرخۆیەوە پێدەکەنێت) پاش کەمێك ویلێش دەستدەکات بەپێکەنین. پێکەوە بەنەرمی پێدەکەنن. ویلی دەوەستێت. وینی بەتەنها پێدەکەنێت. ویلی دەستدەکاتەوە بەپێکەنین. پێکەوە پێدەکەنن. وینی دەوەستێت. ویلی بەتەنها پێدەکەنێت. ئەویش دەوەستێت. وینی دەستدەکات بەقسەکردن) لەهەموو بارودۆخێکدا، چەند خۆشە کە گوێم لێدەبێت جارێکی تر پێدەکەنیتەوە، ویلی، پێم وابوو هەرگیز جارێکی تر پێناکەنم، هەرگیز تۆش پێناکەنیت. (وەستان)وای بۆدەچم هەندێك کەس پێیان وایە ئێمە دوو مرۆڤی بێکەڵکین، بەڵام من گومانم هەیە. (وەستان) کەسێك چۆن دەتوانێت باس لەگەورەیی خودا بکات ئەگەر بە دروستکراوە بچوکەکانی خودا پێبکەنێت، بە تایبەتی هەژارەکان؟ (وەستان) ویلی وابزانم لەمەیاندا

لەگەڵمدای. (وەستان) یان دوو بۆچونی تەواو پێچەوانەمان هەیە؟ (وەستان) بەهەرحاڵ، ئەوە کەی کێشەیە، من هەمیشە وادەڵێم، ئەگەر کەسێك... بزانێت...ئەو خەتە جوانە چییە... بەدەنگی بەرز پێبکەنێت... شتێك ... شتێك ... لەوپەڕی ناخۆشیدا پێبکەنێت.(وەستان.) ئەی ئێستا؟ (وەستانێکی زۆر) ئەرێ بەڕاست ویلی من کەسێکی مەحبوب بووم؟ (وەستان) هیچ کات کەسێکی خۆشەویست بووم؟ (وەستان) بەهەڵە لەپرسیارەکەم تێمەگە، پرسیاری ئەوەناکەم کە تۆ منت خۆشویستووە، هەردووکمان ئەوە باش دەزانین، پرسیارەکەی من ئەوەیە کە تۆ قەت منت بینیوە کەسێکی خۆشەویست بووبم... لە سەردەمێکدا. (وەستان) نەخێر؟ (وەستان) ناتوانیت؟ (وەستان) دەزانم پرسیارێکی قورسە. زۆر ماندوم کردی، ئێستا، تەخت راکشێ و پشویەك بدە، بێزارت ناکەم ئەگەر ناچارنەبم، تەنها ئەگەر ویستم لەوێیت و گوێت لێمە... لەم... نیمچە بەهەشتەدا.(وەستان)رۆژ بەشێکی باشی رۆیشتووە. (زەردەخەنە) هەروەك رۆژانی پێشوو. (زەردەخەنەکە نامێنێت) هێشتا کەمێکی ماوە بۆ کاتی گۆرانییەکەم. (وەستان)پێم وایە، هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر زۆر زوو گۆرانی بڵێیت. (ئاوڕدەداتەوە بۆلای جانتاکە.) بێگومان ئەوە جانتاکەیە. (سەیری جانتاکە دەکات.) جانتاکە. (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە) دەتوانم شتەکانی ناوی ببینم؟ (وەستان) نەخێر.

(وەستان) ئەگەر کەسێك بێتو بپرسێت، وینی ناو ئەو جانتا رەشە گەورەیە چی تێدایە؟ دەتوانم وەڵامێکی راست بدەمەوە؟ (وەستان) نەخێر. (وەستان) بە تایبەتی ئەو شتانەی لەبنەکەیدایە، کێ دەزانێت چی سامانێکی تێدایە. (وەستان) دڵخۆشکەرە. (ئاوڕدەداتەوە تا سەیری جانتاکە بکات.) بەڵێ، ئەوە جانتاکەیە. (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە) بەڵام شتێك پێم دەڵێت، زۆر بەشان و باڵی جانتاکەدا هەڵمەدە، وینی، بەکاری بێنە، سودی لێوەرگرە، تا دەتوانی، هەر کاتێك پێویستت پێیبوو، بەئارەزوی خۆت، بیر لەداهاتووە بکەرەوە، شتێك پێم دەڵێت، بیر لە داهاتوو بکەرەوە، وینی، ئەو کاتە کە وشە سودی نامێنێت و— (چاوی دادەخات، وەستان- چاوی دەکاتەوە) — زۆر بە جانتاکەدا هەڵمەدە. (وەستان. ئاوڕدەداتەوە بۆلای جانتاکە.) هەر بەخێرایی دەگەڕێم. (ئاوڕ دەداتەوە بۆ پێشەوە، چاوی دادەخات. دەستی چەپی دەبات بۆ پشتەوە. دەست دەکات بە جانتاکەدا، دەمانچەکە دێت بەدەستییەوە. بەبێزارییەوە.) دیسانەوە تۆ! (چاوی دەکاتەوە، دەمانچەکە دەهێنێت بۆ بەردەمی خۆی، بەوردی سەیری دەکات، لەسەر لەپی دەستی دایدەنێت، وەزنی دەکات.) هێندە قورسە واهەست دەکەیت دەکەوێتە ژێرەوە... دواجار، بەڵام وانییە — ناکەوێت- هەمیشە لەسەرەوەیە، وەك چەکە ئۆتۆماتیکییەکەی تر. (وەستان.) چەکی ئۆتۆماتیکی.... (کەمێك

ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلّی.) چەکە ئۆتۆماتیکیەکەت لەبیرە، ویلّی؟ (وەستان.) بیرتە چۆن بێزارت دەکردم هەر بۆئەوەی لێت بسەنم؟ لێمبگرە، ویلّی، لێمبگرە، پێش ئەوەی خۆم لەنەهامەتییەکان رزگاربکەم. (ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە) نەهامەتییەکانت! (سەیری دەمانچەکە دەکات) هەرچەندە پێشم خۆشە کە تۆ لێرەیت، بەلّام جێت دەهێلّم. (دەمانچەکە لەسەر زەوییەکە لای دەستە راستییەوە دادەنێت.) لەمڕۆ بەدواوە ئەوێ جێگەی تۆیە. (زەردەخەنە) رۆژانی رابردوو! (زەردەخەنەکە نامێنێ.) ئەی ئێستا؟ (وەستانێکی زۆر) هێزی کێشکردنی زەوی هەیە، ویلّی، من وای بۆ ناچم. (وەستان) بەلّێ هەیە، بەرزدەبومەوە، بەرز دەبومەوە ئەگەر ئاوا نەگیرامایە. (بەدەستی ئاماژەدەکات.) بەمشێوەیە، بە ئاسانی بەرزدەبومەوە بۆ ئاسمان.(وەستان) رەنگە رۆژێك زەوی کۆلّبدات و بەرەلّام بکات، راکێشانەکە هێندە بەهێزە، هەرچی لەدەوروبەرمە دەیشکێنێ و فڕێم دەداتە دەرەوە. (وەستان.) ویلّی، قەت بیرت لەوەنەکردۆتەوە لەناکاو هەلّبکێشرێیتەوە بۆ ئاسمان؟ (وەستان) ویلّی، هەندێك جار وا پێویست نەبووە کە توند خۆت بگریت بەشتێکەوە؟ (وەستان. کەمێك ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلّی.) ویلّی! (وەستان)

**ویلّی:** هەلّبکێشرێم؟

**وینی:** بەلّێ خۆشەویستەکەم، بەرەو ئاسمان، وەك تەنافە شەیتان.

(وەستان) نەخێر؟ (وەستان) پێویستی نەکردووە؟ (وەستان) بەهەرحاڵ، یاسای سروشتە، یاسای سروشت، ئەمیش وەك هەموو شتەکانی تر وایە، هەمووی بەندە لەسەر ئەوەی کە چی جۆرە بونەوەرێك دەردەچیت. بەنسبەت خۆمەوە شتەکان ئێستا وەك رابردوونین ئەو کاتەی کە گەنج بووم... سەرشێت و ... جوان... رەنگە ... ئێسك سوکیش بوبێتم ... بەشێوەیەك... کەسەیریان کردووم. (وەستان) ببورە، ویلّی، هەمیشە خەموخەفەت یەخەمان دەگرێت. (بەدەنگێکی ئاسایی) ئای چی خۆشییەکە کاتێك هەستدەکەم تۆ لەوێیت، وەك هەموو کاتەکانی تر، رەنگە بەخەبەربیت، و رەنگە گوێشت لەهەموو قسەکان بێت، یان هەندێکیان، چەوند رۆژێکی خۆشە بۆمن... هەرواش دەمێنێتەوە. (وەستان) پێشتریش هەروابووە. (وەستان) چی حیکەمتێکی خودابیە، هیچ شتێك لێرە گەورەنابێت، بیهێنە پێش چاوی خۆت،چی رویدەدا، ئەگەر بهاتایە ئەم شتومەکانە هەمویان گەورە ببونایە. (وەستان.) بیهێنە پێش چاوی خۆت. (وەستان) ئای خودایە چەند بەبەزەیت. (وەستانێکی زۆر) ئای خودایە چەند بەبەزەیت. (وەستانێکی زۆر) ناتوانم هیچی تر بڵێم. (وەستان) لەم ساتەوەختەدا. (وەستان. ئاوڕدەداتەوە، سەیری جانتاکە دەکات. ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە، زەردەخەنەیەك دەیگرێت) نا نا. (زەردەخەنەکە نامێنێ- سەیری چەترەکە دەکات) وابزانم دەبێت -

(چەترەکە هەڵدەگرێت) ئێستا چەترەك هەڵبکەم. (چەترەکە پێچراوەتەوە و لەسەرخۆ دەستدەکات بەکردنەوەی، پەنجەدەنێت بە دوگمەکەیدا.) کەسێك چەترەکەی دادەخات - دەیکاتەوە - لەترسی ئەوەی پاش کەمێکی تر دەبێت بیکاتەوە - ڕۆژ تێدەپەڕێت - تەواو درەنگ بووە- بەڵام کەسێك هەیە چەترەکەی هەڵنەکردووە- بەهیچ شێوەیەك هەڵینەکردووە. (چەترەکە تەواکراوەتەوە، ئاوڕدەداتەوە بۆلای ڕاست و بە ئارەزووی خۆی چەترەکە دەخات بەملاولادا.) سەیرە، هیچی وانیە تا بیڵێی، هیچی وانیە بیکەی، ترسێکی گەورەش لەولاوە بوەستێت، ڕۆژانێك هەیە - بۆئەوەی خۆت بدۆزیتەوە ... بەجێماوی، هێشتا دەبێت چەند کاتژمێرێکی تر رابکەیت، پێش ئەوەی زەنگی نیوەشەو لێبدات، و هیچت پێنەماوە بیڵێی، هیچت نەماوە بیکەیت، ڕۆژەکان تێدەپەڕن، ڕۆژەکانی ژیان تێدەپەرن، تەواو بەسەر دەچن، زەنگەکەش تەواودەبێت، و کەمێك یان هەر هیچ نەوتراوە، کەمێك یاخود هەرهیچ نەوتراوە. (چەترەکە بەرزدەکاتەوە) ئەمە ئەو ترسەیە (ئاوڕدەداتەوە بۆپێشەوە) کەدەبێت خۆتی لێ بپارێزیت. (سەیری پیشخۆی دەکات، بەدەستی ڕاستی چەترەکەی گرتووە، رەق وەستاوە) ئارەقم زۆر دەکردەوە. (وەستان) بەڵام ئێستا زۆر کەم . (وەستان) هەتاوەکەی زۆر بەتینە. (وەستان) کەچی ئارەق ناکەمەوە. (وەستان) ئەوەم زۆر بەدڵە (وەستان) مرۆڤ بتوانێت خۆی

بگونجێنێت (وەستان) بەپێی گۆڕانی کەش و هەوا.(چەترەکە دەخاتە دەستی چەپی... وەستانێکی زۆر) ئەوەندە چەتر هەڵبگریت قۆڵت ماندو دەبێت. (وەستان.) ئەگەر بڕۆیت بەڕێگادا باشترە. (وەستان.) ئەگەر بوەستیت زۆر هیلاك دەبیت. (وەستان) لێکدانەوەیەکی جوانە. (وەستان.) هیوادارم گوێت لەوەبوبێت، ویلی، دڵگران دەبم ئەگەر گوێت لێنەبوبێت.(چەترەکە بەهەردوو دەست دەگرێت.وەستانێکی زۆر.) هیلاك بووم، ئەوەندە ئەو چەترەم هەڵگرت، و ناشتوانم دایبنێم. (وەستان) بە هەڵکراوی زیانی زۆرترە لە هەڵنەکراوی، کەچی ناشتوانم دایبنێم. (وەستان.) عەقڵ دەڵێت دایبنی، وینی، بەکەڵکی تۆ نایەت، ئەو شتە دابنێ، و بەشتێکی ترەوە خۆت خەریك بکە. (وەستان) ناتوانم. (وەستان) ناتوانم بجولێم. (وەستان) نەخێر، دەبێت شتێك روبدات لەم جیهانەدا، هەندێك گۆڕانکاری، روبدات، ناتوانم، ئەگەر ناچاریشبم جارێکی تر بجولێم. (وەستان) ویلی. (بەنەرمی) یارمەتیم بە- (وەستان.) نەخێر؟ (وەستان) با ئەم شتە دابنێم، ویلی، یەکسەر بەگوێت دەکەم، وەك چۆن هەمیشە بەگوێم کردویت، ڕێزم گرتویت و بەگوێم کردویت. (وەستان) تکایە، ویلی. (بەنەرمی) بۆخاتر خودا. (وەستان.) نا؟ (وەستان.) ناتوانیت؟ (وەستان.) بەهەرحاڵ، گلەییت لێناکەم، نەخێر، بەرنەفرەت دەکەوم، من خۆم ناتوانم بجولێم ئیتر چۆن گلەیی لە ویلی بکەم کە

نەتوانێت قسەبکات.(وەستان.) خۆشبەختم کە جارێکی تر دەتوانم بدوێم. (وەستان) شتێکی زۆر خۆشە بەلامەوە. دوو چرام پێیە، هەرکەیەکێکیان دەکوژێتەوە ئەویتریان گەشتر دەسوتێت. (وەستان) بەڵێ، ئەمە رەحم و بەزەییەکی گەورەیە. (نقەی لەخۆی بڕیوە. چەترەکە گڕدەگرێت. دووکەڵ بەرزدەبێتەوە، پاشان گڕی لێبەرزدەبێتەوە. دەپژمێت. سەر بەرزدەکاتەوە، چەترەکە بەلای دەستە راستدا فڕێدەداتەوە پشت تەپۆڵکەکەوە. خۆی دەخات بەپشتدا بۆ ئەوەی چەترکە ببینێت کە دەسوتێت. وەستان) ئای زەوی، تۆ هرە لەکۆنەوە ئاگرت کوژاندۆتەوە. (رودەکاتەوە بۆپێشەوە) وابزانم پێشتریش شتێکی لەمجۆرە رویداوە، هەرچەندە بیرم نایەت. (وەستان) تۆ لەبیرتە، ویلی؟ (کەمێك ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلی) تۆ لەبیرتە پێشتر شتێکی ئاوها رویدابێت؟ (وەستان. تەواو خۆی دەخات بەپشتدا بۆ ئەوەی سەیری ویلی بکات.) دەزانی چی رویدا، ویلی؟ من پرسیاری ئەوەت لێناکەم ئاخۆ ئاگات لەهەموو ئەو شتانەیە کە روودەدەن، تەنها دەمەوێت بزانم کەدیسانەوە خەوت لێنەکەوتووە. (وەستان) وادەردەکەوێت چاوەکانت نوقاندبێت، بەڵام هەردووکمان دەزانین ئەوە زۆر گرنگ نییە. (وەستان) پەنجەیەکت بەرزبکرەوە، ئازیزەکەم بەیارمەتی خۆت، ئەگەر هۆشت بەخۆت ماوە. (وەستان) لەبەر خاتری من، ویلی، تکایە، تەنها پەنجە توتە، ئەگەر هێشتا بەخەبەریت.

(وەستان. بەدڵخۆشییەوە) ئەها، هەر پێنج پەنجەکەت، ئەمڕۆ تۆ زۆر خۆشەویستی، ئێستا بە ئیسراحەت دەتوانم لەسەر قسەکانم بەردەوام بم.(ئاوڕدەداتەوە بۆپێشەوە) بەڵێ، ئەوەی رویدا هەرگیز پێشتر روینەداوە، بەڵام ... تێناگەم، بەڵێ، دانی پێدادەنێم کە تێناگەم. (وەستان) هەرچەندە تیشکی خۆر زۆر بەتینەو سەعات دوای سەعاتیش بەتینتردەبێت، بەڵام ئاسایی نییە ئەگەر شتەکان لەخۆیانەوە گڕبگرن چونکە پیشتر شتی واڕوینەداوە، بەمشێوەیە، مەبەستم ئەوەیە لەخۆیەوە. (وەستان) تۆبڵێی دواجار خۆشم نەتوێمەوە، یان نەسوتێم، نا مەبەستم ئەوەنییە کلپەبکەم، نەخێر، وردە وردە رەش دابگیرسێم- (ئاماژەدەکات بۆ قۆڵی) - و ئەم گۆشتەش ببێت بەخەڵوز. (وەستان.) من هیچ کاتێك کەش و هەوایەکی مامناوەندیم بینیوە؟ (وەستان) نەخێر. (وەستان) من باس لەکەشوهەوایەکی وشك و گەرم دەکەم، ئەم شتانە هەمووی بێمانان- (وەستان) باسی ئەو کاتە دەکەم کە هێشتا ئاوام لێنەهاتبوو- بەمشێوەیە- لەپێنەکەوتبووم و دەمتوانی بەقاچەکانی خۆم بڕۆم، و دەمتوانی بەشوێن جێگەیەکی سێبەردا بگەڕێم، وەك تۆ، هەرکاتێك لەخۆر بێزاربومایە، یاخود بەدوای شوێنێکی بەرۆژدا بگەڕامایە هەرکاتێك لەسێبەر بێزاربومایە، وەك تۆ، بەڵام ئەو قسانە ئێستا هیچ سودێکیان نییە. (وەستان) ئەمڕۆ لەدوێنێ گەرمتر نییە، سبەینێش

لەمڕۆ گەرمتر نابێت، هەربەو شێوەیە دەبێت، چی بەرەو رابردوو بگەڕێیتەوە یاخود بەرەو داهاتوو بڕۆیت. (وەستان) خۆزگە رۆژێك سنگەکانی دادەپۆشیم، و ئیتر هەرگیز چاوم پێیان نەدەکەوتەوە، ئیتر کەسیش نەیدەبینین. (وەستان) هیوادارام، ویلی، گوێت لەهەندێك لە قسەکانم بوبێت. بەراستی زۆر دڵگران دەبم ئەگەر بزانم هیچی لا حاڵی نەبویت، هەموو رۆژێك ناتوانم بەو دەنگە بەرزە قسەبکەم.(وەستان) بەڵێ، پێدەچێت شتێك رویدابێت، پێدەچێت شتێك روبدات، و هیچ رونادات، هیچ شتێك، تۆ راستدەکەی ویلی. (وەستان) سبەینێ جارێکی تر سێبەرەکە هەر لەوشوێنە دەبێت، لەتەنیشت منەوە، لەسەر ئەم تەپۆڵکەیە بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات ئەو رۆژەش بگوزەرێنم. (وەستان. ئاوێنەکە هەڵدەگرێت.) ئەم پارچە شوشەیە هەڵدەگرم، دەیکێشم بەبەردێکدا -(ئاوێنەکە دەکێشێت بەبەردێکدا)- فڕێی دەدەدم -(ئاوێنەکە فڕێدەدات بۆ پشت خۆیەوە)-سبەینی خۆی دەخزێنێتەوە ناو جانتاکە، بێئەوەی رووشابێت، بۆ ئەوەی لەگەڵمدا ئەو رۆژە بەسەربەرێت. (وەستان.) نەخێر، مرۆڤ ناتوانێت هیچ شتێك بکات. (وەستان.) زۆر بەلامەوە خۆشە کەبەو شێوەیە شتەکان... (قسەکانی پچڕپچڕ دەبێت، سەردادەخات)... شتەکان... دڵخۆشکەرن.

**(وەستانێکی زۆر، سەری داخستووە، دواتر ئاوڕدەداتەوە بۆلای جانتاکە، بەڵام هەر سەری داخستووە، هەندێك شتی سەیرو سەمەرە دەردەهێنێت، دەیانپێچێتەوە و دەیانخاتەوە ناوەوە، ئەمجارە زیاتر دەستدەباتە ناوەوە، دواجار سندوقێکی مۆسیقا دەردەهێنێت، رێکی دەخات و ئامادەی دەکات. هەڵیدەکات، بۆ ماوەیەك گوێی لێدەگرێت، بەهەردوو دەستی گرتویەتی، خۆی دەدات بەسەریدا، رودەکاتەوە پێشەوە، خۆی رێکدەکاتەوە، گوی لەپارچە مۆسیقایەك دەگرێت، بەهەردوو دەستی سندوقەکە دەنوسێنێت بەسنگییەوە، پارچە مۆسیقای "زۆرم خۆشدەوێی"ی والتز دیوت-ە لە ئەلبومی بێوەژنە بەختیارەکە. وردە وردە نیشانی دڵخۆشی لەسەر روخساری دەردەکەوێت ، لەگەڵ ئاوازی مۆسیقاکە خۆی دەهێنێ و دەبا- مۆسیقاکە دەوەستێت- جوڵەنامێنێ. ویلی بەدەنگی بەرز هۆرەیەکی کورتی بۆ دەکات، وینی زیاتر دڵی خۆش دەبێت. سندوقەکەی خۆی دادەنێت.)**

ئەمڕۆ رۆژێکی زۆر خۆش دەبێت!(چەپڵەلێدەدات) دووبارە، ویلی، دووبارە. (چەپڵە لێدەدات) دووبارە، ویلی، تکایە. (وەستان. خۆشیەکە لەسەر روخساری نامێنێت.) نا؟ لەبەر خاتری من نایڵێیت؟ (وەستان) زۆرباشە، تێگەیشتم، زۆرچاك تێگەیشتم. کەسێك ناتوانێت گۆرانی بڵێت تەناه بۆئەوەی کەسێکی تر دڵخۆشبکات، هەرچەندە کەسی بەرامبەر زۆریش حەزبکات، نەخێر، گۆرانی دەبێت لەدڵەوە سەرچاوەبگرێت، من هەمیشە دەڵێم، لەناخی دڵەوە بیڵێ، وەك بولبول. (وەستان) چەندین جار

لەکاتە سەختەکاندا بەخۆمم وتووە، دەی گۆرانی بڵێ، وینی، گۆرانییەکەی خۆت بڵێ، هیچ نییە لەوەباشتر، کەچی نەشم وتووە. (وەستان) نەمتوانیووە. (وەستان) نەخێر، وەك بولبول، یان پاساری، بێئەوەی بیرلەوەبکەمەوە کە سودی بۆخۆم هەیە یان بۆ کەسێکی تر. (وەستان.) ئەی ئێستا؟ (وەستانێکی زۆر. بەدەنگی نزم) هەستێکی سەیرە. (وەستان. بەردەوامە) هەستێکی سەیرە کە کەسێك سەیرم بکات پاکوخاوێنم، دواتر چڵکن دەبم، پاشان دەڕۆم، جارێکی تر چڵکن دەبمەوە، دووبارە خۆم خاوێن دەکەمەوە، بەمشێوە تادوایی، دێمودەچم، لەبەرچاوی کەسێك دەردەکەوم و وندەبم. (وەستان. دەستپێدەکاتەوە) سەیر؟ (وەستان. بەردەوامە) نەخێر، لێرە هەموو شتێك سەیرە. (وەستان. بەدەنگێکی ئاسایی) شتێك پێم دەڵێت، هەر ئێستا بێدەنگ بە، وینی، بۆماوەی خولەکێك. ئەو وشانەی پێتە ئەمڕۆ هەمویان مەڵێ، واز لەقسەکردن بێنەو شتێکی تر بکە هەر بۆئەوەی گۆڕانێك بکەیت، باشە؟ (دەستی دەکاتەوە و بەکراوەیی لەبەردەمیدا سەیریان دەکات، بەسەر سوڕمانەوە) شتێك بکەم! (دەستەکانی دادەخات) ئەو نینۆکانەچین! (ئاوڕدەداتەوە بۆ جانتاکە، جانتاکە دەگەڕێت، میبرەتێك دەردەهێنێت، رودەکاتەوە بۆ پێشەوە، دەستدەکات بە چاککردنی نینۆکەکانی، بۆ ماوەیەك بەبێدەنگی خەریك دەبێت، پاشان بەدەم چاککردنی نینۆکەکانییەوە لەبەر خۆیەوە

قسەدەکات) هاتەوە بیرم- میستەر شاوەر - میستەر شاوەر و وابزانم خێزانکەی بوو - نەو- دەستیان گرتبوو - دلّنیانیم وابزانم دەستگیرانی بوو، لەوەدەچوو- هەر عەشیقەی بێت. (وردتر سەیری نینۆکەکانی دەکات) ئەمڕۆ زۆر رەق و درێژن. (دەستدەکاتەوە بەچاککردنی نینۆکەکانی) شاوەر - شاوەر- ئەو ناوە هیچت بیردەخاتەوە ، مەبەستم تۆیە ویلّی، وەلاّمم مەدەرەوە ئەگەر حەزناکەیت، پێشتر زیاد لە حەدی خۆت قسەتکردووە- شاوەر - شاوەر- (سەیری نینۆکەکانی دەکات.) کەمێکی تری ماوە. (سەرزی بەرزدەکاتەوە، سەیری پێشەوە دەکات) خۆت بەجوانی بهێلّەرەوە، وینی، هەمیشە وادەلّێم، چیدەبێت بابێت،خۆت بەجوانی بهێلّەرەوە. (وەستان. دەستدەکاتەوە بەخشتکردنی نینۆکەکانی) بەلّێ- شاوەر - شاوەر - (واز لە نینۆکی دەهێنێت، سەری بەرز دەکاتەوە، سەیری پێشەوە دەکات، دەوەستێت) یان - کوکە، باشتروایە بلّێم کوکە. (کەمێك ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلّی) کوکە، ئەو ناوەت بەرگوێ کەوتووە، ویلّی؟ (وەستان. زیاتر رودەکات بەلای ویلّی_یەوە. بەدەنگی بەرزتر.) کوکە، ویلّی، ئەم ناوە هیچت بیردەخاتەوە؟ (وەستان. خۆی دەخات بەپشتدا بۆ ئەوەی سەیری ویلّی بکات. وەستان) ئا، بەڕاست! (وەستان) دەستەسڕت پێیە، بەقوربان؟ (وەستان) خواردنێکی سوکت پێنیە؟ ئەوەچییە ویلّی ناشێت بیجویت! تفی بکەرەوە، بەقوربان، تفی

بکەرەوە! (وەستان. رودەکاتەوە بۆ پێشەوە) بەهەرحاڵ، شتێکی سروشتییە. (پچڕانێك لەقسەکانیدا دروست دەبێت.) مرۆڤ - (وەستان. بەردەوام دەبێت) مرۆڤ چی؟ (سەری دادەخات، بەردەوام دەبێت) بەدرێژایی رۆژ. (وەستان. بەردەوامە) رۆژ لەدوای رۆژ. (وەستان. سەربەرزدەکاتەوە، زەردەخەنە دەیگرێ و هێمنە) هروەك خۆیەتی! (زەردەخەنەکە نامێنێت، دەستدەکاتەوە بە چاککردنی نینۆکەکانی.) نا، ئەمەیانم کردووە. (خەریکی نینۆکێکی تر دەبێت) دەبوایە چاویلکەکەم لەچاو بکردایە. (وەستان) تازە پێویست ناکات. (دەستی چەپی تەواودەکات، لێی ورد دەبێتەوە) ئێستا لەنینۆکی مرۆڤ دەچێت. (خەریکی دەستی راستی دەبێت، هەروەك پێشتر، لەسەرخۆ) بەهەرحاڵ، ئەو پیاوە - شاوەر - ە- یان - کوکە- کێشە نییە- ژنەکەش - دەستیان لەناو دەستی یەکتر - بەدەستەکانی تریان جانتاکانیان هەڵگرتبوو- قایشی جانتاکان گەورە و رەنگیان قاوەیی بوو- لەولاوە وەستابوون- چاویان بڕیبووە من- دواجار پیاوەکە - شاوەر-ە- یان- کوکە- هەر دەیخوازێت- لەسەر ژیانی خۆم گرەو دەگەم . ئەوە چیدەکات؟ پیاوەکە دەڵێت - بۆ وادەکات؟ پیاوەکە دەڵێت - ژنەکە دانیشتووە و قاچ دەکوتێت بەزەویەکەدا - پیاوەکە لێی دوردەکەوێتەوە - یاوەرێکی چەند دلڕەقی - ئەمە مانای چی یە؟ پیاوەکە دەڵێت- چی مانای چییە؟ -

بەمشێوەیەبەردەوامبوون لەسەر قسەکردن - زۆر قسەی لەو جۆرەیانکرد- شتی بێمانا- گوێت لێمە؟ پیاوەکە دەڵێ - بەڵی- ژنەکە وەڵامی دەداتەوە، خوایە فریام کەوە - پیاوەکە دەڵێت مەبەستت چییە، خوایە فریام کەوە؟ (وینی واز لەچاککردنی نینۆکەکانی دەهێنێت ، سەربەرزدەکاتەوە دەڕوانێتە پێشەوە) ئەی تۆ، ئەی تۆ چیت، ژنەکە دەڵێ، خۆت بەچی دەزانیت؟ تەنها لەبەر ئەوەی تۆ هێشتا دەتوانیت لەسەر پێیە فلاتەکانت بوەستیت ، هەندێك خواردنی کۆن و پیست پێیە و دەتوانیت خۆت بگۆڕیت/ دەمهێنی و دەمبەی بێئەوەی زەواجیشمان کردبێت، بونەوەرێکی دلڕەقی- (بەتوندی هاوار دەکات) ئەڵێم دەستم بەردە، بابکەوم، ژنەکە دەڵێت، بابکەوم. (وەستان. خەریکی نینۆکەکانی دەبێتەوە.) ئەو ژنە بۆچی هەڵناستێتەوە؟ پیاوەکە دەڵێت. ئازیزەکەم، بەبۆچونی تۆ ، بەمشێوەیە ئەو ژنە چی سودێ‌ی هەیە بۆ ئەوپیاوە؟ - پیاوەکە بەوجۆرە چی سودێك بە ژنەکە دەگەیەنێت؟ - هەتا دوایی- وەك هەموو جارێکی تر ئەم قسە پڕوپوچانە دەکەن - ژنەکە دەڵێ، بۆ خاتری خوا ، بەزییەکت پێیدابێتەوە- هەڵی بستێنەرەوە- پیاوەکە دەڵێ - هەڵی بستێنەرەوە، مانای تیانییە بەو شێوەیەبێت- بەچی هەڵی بستێنمەوە؟ ژنکە دەڵێ - هەر ئێستا خۆم دەست دەدەمەباڵی و هەڵیدەستێنمەوە ، پیاوەکە دەڵێت- پێدەچێت ژن و مێردبن. (بەهێمنی نینۆکی خشت

دەکات) پاشان دەڕۆن- دەست لەناو دەست- جانتاکانیان پێیە - وردە وردە دیارنامێنن- ئەوان دواکەوسن کەبەو ڕێگەیەدا دەڕۆن-(دەستی ڕاستی تەواو دەکات، سەیری دەکات، میبڕەتەکە دادەنێت، سەیری پێشەوە دەکات.)کاتی واهەیە - بۆ نمونە وەك ئێستا - شتی واسەیر دێت بە مێشکتدا - (وەستان) سەیر؟ (وەستان) نەخێر، لێرە هەمووشتەکان سەیرن. (وەستان) هەرچۆنێك بێت دەبێت سوپاسگوزاربیت. (دەنگی پچڕپچڕدەبێت) زۆر شکوربە - (سەردادەخات، وەستان، سەربەرزدەکاتەوە، لەسەرخۆ) سەرداخەو بەرزیبکەرەوە، دایخەو بەرزی بکەرەوە، هەمیشە وامکردووە. (وەستان) ئەی ئێستا؟

**(وەستانێکی زۆر. وردە وردە شتەکان دەخاتەوە ناوجانتاکە، لەو ماوەیەدا چەند جارێك دەوەستێت و قسەدەکات، دواتر دەستەدەکاتەوە بە خستنەناوەوەی کەلوپەلەکان ، دواشت کە دەیخاتە جانتاکەوە فلچەی ددانەکەیەتی.)**

هێشتا زووە - خۆم ئامادەبکەم - بۆ شەو. (وازدەهێنیت لەپێچانەوەی کەلوپەلەکانی، سەربەرز دەکاتەوە، زەردەخەنە دەیگرێ.) - هەروەك ڕۆژانی پێشوو! (زەردەخەنەکە نامێنێت، دەستەکاتەوە بەپێچانەوەی شتەکانی.) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا - هەر - خۆم ئامادە

دەکەم بۆ شەو - هێندەی نەماوە - زەنگی نیوە شەو لێبدات - بەخۆم دەڵێم- وینی- زۆری نەماوە - وینی- زەنگی خەوتن لێبدات. (واز لەپێچانەوەی شتەکان دەهێنێت، سەربەرزدەکاتەوە) هەندێك جار هەڵەم (زەردەخەنە) بەڵام زۆرجار نا. (زەردەخەنەکە نامێنێ) هەندێك جار هەموو شتەکان تەواودەبێت ، ئەو رۆژە هەموو ئیشەکان دەکەم، چیشم لەهەگبەدایە هەڵیدەڕێژم، خۆم ئامادەدەکەم بۆ شەو، کەچی هێشتا رۆژ ماویەتی، زۆریشی ماوە، زۆری ماوە بۆ شەو، هەر زۆر زۆری ماوە. (زەردەخەنە) بەڵام هەموو جارێك وانییە. (زەردەخەنەکە نامێنێت) بەڵێ، زەنگی خەوتن، کەهەست بەنزیکبونەوەی دەکەم، ئەو کاتە خۆم ئامادە دەکەم بۆ ئەو شەوە- (بەدەست ئاماژە دەکات)- بەمشێوەیە، هەندێك جار هەڵەم - (زەردەخەنە) - بەڵام هەمووجارێك نا. (زەردەخەنەکە نامێنێت، دەستەدەکاتەوە بەخۆکۆکردنەوە) من وابیر دەکەمەوە- دەڵێم راهاتووم وابیربکەمەوەکە- هەموو شتەکان بخرێنە ناوجانتاکەوە- دەتوانی جارێکی تر دەریانبهێنیتەوە ئەگەر پێویستیکرد- ئەگەر پێویستبوون - و هەتا دوایە - چەندین جار دەخرێنەوە ناو جانتاکە- لەجانتاکە دەردەهێنرێنەوە - تا ئەوکاتەی زەنگەکە - تەواودەبێت. (واز لە کۆکردنەوە دەهێنێت و سەربەرز دەکاتەوە، زەردەخەنە دەیگرێت)، بەڵام نەو. (زەردەخەنکە زیاتر دەردەکەوێت) نا نا.(زەردەخەنەکە نامێنێت

، دەستدەکاتەوە بەخۆپێچانەوە.) واهەستدەکەم ئەم - ڕەنگە سەیربێت - ئەمە- بڵێم چی- ئەمەی کە وتم - بەڵێ- (دەمانچەکە هەڵدەگرێت) - سەیرە-(ڕوو وەردەگێڕێت بۆئەوەی دەمانچەکە بخاتەوە ناو جانتاکە) ئەی وانییە. (خەریکە دەمانچەکە دەخاتەوە ناو جانتاکە، دەوەستێ، ئاوڕدەداتەوە بۆپێشەوە) - ئەی وانییە - (لای ڕاستییەوە دەمانچەکە دادەنێتن واز لەخۆکۆکردنەوە دەهێنێت، سەربەرز دەکاتەوە) هەموو شتەکان سەیر دەردەکەون (وەستان) زۆر سەیرە. (وەستان) هەرگیز گۆڕان ڕوونادات. (وەستان) سەیرو سەیرتر دەبێت. (وەستان. خۆکوڕ دەکاتەوە بۆئەوەی شتەکان کۆبکاتەوە،دوا پارچە شت هەڵیدەگرێت، فلچەی ددانەکەیەتی، ئاوڕ دەداتەوە بۆئەوەی بیخاتە ناوجانتاکەوە، لەو کاتەدا جوڵەیەك لەلایەن ویلی_یەوە سەرنجی ڕادەکێشێت. بەپشتدا و بەلای ڕاستدا خۆی دەخات بۆ ئەوەی ویلی ببینێت. (وەستان.) چییە بەقوربان، لە پەناگەکەت بێزاربویت؟ (وەستان) دەزانم، هەستی پێدەکەم. (وەستان) شەپقەکەت بیرنەچێت. (وەستان) کلۆڵ، تۆ لەو کەسانە نەبویت کەلەسەر چنگ بڕۆیت. (وەستان) نەخێر، هەرگیز تۆ ئێستا ئەو کەسەی جاران نیت کە خۆشم ویستی - (وەستان)- دەست و ئەژنۆکانت- ئازیزەکەم- لەسەر دەست و ئەژنۆکانت بڕۆ. (وەستان) ئەژنۆکانت! ئەژنۆکانت! (وەستان) ئاخ بۆ هێزو توانای ڕۆیشتن!

(سەیری ویڵی دەکات لەپشت تەپۆڵکەکەوە بۆلای ئەمدێت، واتە بۆ ئەو شوێنەی کەلە سەرتای پەردەی یەکەمدا لێیبوو.)

یەك هەنگاوی تر برۆ، ویڵی، دەگەیتەوە شوێنەکەی خۆت.(وەستاوەو سەیری دەکات ، ویڵی بەردەوامە لە رۆیشتن) ئۆخەی! (بە زەحمەت ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە، ملی دەتەقێنێت) ملم شکا ئەوەندە سەیرم کردی.(ملی دەتەقێنێت) بەڵام قەیناکات ، شایستەی ئەوەبوو. (بەهێواشی ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویڵی) دەزانی هەندێك جار خەو بەچییەوە دەبینم؟ (وەستان) هەندێك جار خەو بەوەوە دەبینم، ویڵی، (وەستان) کەتۆ دێیتە ئەمدیو تەپۆلکەکەوە و لەشوێنێکدا دەژیت کە دەتوانم بتبینم. (وەستان. رودەکاتەوە بۆ پێشەوە) ئەوکاتە ژنێکی تردەبم. (وەستان) کەس نامناسێتەوە. (بەهێواشی رودەکاتەوە بۆلای ویڵی) یاخود تاوەناتاوێك ، وەرە بۆ ئەمدیو با جارجارێك شتێکی بەتامت بدەمی بیخۆیت. (رودەکاتەوە بۆ پێشەوە)، بەڵام ناتوانیت، دەزانم . (سەردادەخات) دەزانم. (وەستان. سەربەرزدەکاتەوە) بەهەرحاڵ - (سەیری فلچەی ددانەکەی ناو دەستی دەکات)- زۆری نەماوە - (سەیری فڵچەکە دەکات) بۆ کاتی زەنگەکە. (لەسەر تەپۆڵکەکەوە پشتەسەری ویڵێ دەردەکەوێت، وینی وردتر دەڕوانێتە فڵچەکە) - گرنتی تەواوی لەگەڵدایە...(سەربەرز دەکاتەوە)...ئەمە چی بوو؟ (دەستی ویڵی دەردەکەوێت دەستەسڕەکەی

پێیه، دەیدات بەسەریدا، سەری دادەپۆشێت) ئەسڵە... گرنتی تەواوی لەگەڵدایە... (دەستی ویلی دەردەکەوێت، شەپقەکەی دەکاتە سەری، سەری دیارنامێنێ.) ئەسڵە... وایە! لەموی یەکانە دروستکراوە. (وەستان.) ئەرێ بەڕاست یەکانە چییە؟ (وەستان. کەمێك ئاوڕدەداتەوە بۆلای ویلێ) ئەرێ یەکانە چییە، ویلی، تۆ دەزانێت؟ من بیرم ناکەوێتەوە. (وەستان. کەمێك زیاتر ئاوڕدەداتەوە، لێی دەپاڕێتەوە) یەکانە چییە، ویلی، تکات لێدەکەم! (وەستان)

**ویلی:** نێرەی بەرازی خەسێنراوە . (خۆشییەك لەسەر روخساری وینی دەردەکەوێت) بۆ گۆشتەکەی بەخێودەکرێت. (خۆشییەکە زیاتر دەبێت. ویلی رۆژنامەکە دەکاتەوە، دەستی دیار نییە. لەملاولای سەرییەوە پەڕە زەردەکانی رۆژنامەکە دەردەکەون. وینی بەخۆشحاڵییەوە دەڕوانێتە بەردەمی خۆی.)

**وینی:** ئەمڕۆ رۆژێکی خۆشە! ئەمڕۆش دەبێت بە رۆژێکی خۆشی تر! (وەستان) دواجار-(وەستان) بەم نزیکانە - (وەستان. خۆشییەکە لەسەر روخساری نامێنێت، ویلی پەڕە هەڵدەداتەوە،وەستان، پەڕەیەکی تر هەڵدەداتەوە، وەستان)

**ویلی:** کراوەتەوە بۆ گەنجە زیرەك و لێهاتووەکان.

(وەستان. وینی شەپقەکەی دادەکەنێت ، ئاوڕدەداتەوە بۆ ئەوەی بیخاتە ناو جانتاکەوە، دەوەستێت، رودەکاتەوە بۆ پێشەوە، زەردەخەنەیەك دەیگرێت.)

**وینی:** نەخێر. (زەردەخەنەکە زیاتر دەبێت) نا نا. (زەردەخەنەکە نامێنێت، جارێکی تر شەپقەکە دەکاتەوە سەری، دەڕوانێت بۆ پێشەوە، وەستان) ئەی ئێستا؟ (وەستان) گۆرانی بڵێ. (وەستان) گۆرانییەکەی خۆت بڵێ، وینی. (وەستان) نەخێر؟ (وەستان) کەواتە نوێژبکە. (وەستان) بپاڕێرەوە و دوعا بخوێنە، وینی. (وەستان. ویلی پەڕەیەك هەڵدەداتەوە، وەستان)

**ویلی:** پێویستمان بەکوڕێکی چالاك و زیرەکە.

(وەستان. وینی دەڕوانێتە پێش خۆی. ویلی پەڕەیەك هەڵدەداتەوە. وەستان. ڕۆژنامەکە دیار نامێنێت. وەستانێکی زۆر.)

**وینی:** دوعاکەی جاران بخوێنە، وینی.

(وەستانێکی زۆر)

پەردە دادەدرێتەوە

# پەردەی دووەم

**شوێنەکە هەمان جێگەی پێشووە. وینی سەرچەفێکی داوە بەخۆیدا تا ئاستی ملی داپۆشیوە، شەپقەکەی لەسەردایە، چاوی داخستووە. تا شانۆگەرییەکە کۆتایی دێت، وینی ناتوانێت سەری بەملاولادا بگێڕێت، نەدەتوانی سەری دابخات، نەدەشتوانێت بەرزی بکاتەوە. بەبێ جوڵە چاوی بڕیوەتە پێشەوە. تەنها جوڵەی چاوەکانی هەستی پێدەکرێت، جانتاکەو پاشماوەی چەترەکە لەشوێنەکانی خۆیانن. دەمانچەکە لای دەستە راستییەوە لەسەر تەپۆڵکەکە دانراوە. وەستانێکی زۆر. زەنگەکە بەدەنگی بەرز لێدەدات. کتوپڕ چاوی دەکاتەوە.زەنگەکە دەوەستێت. سەیری پێشەوە دەکات. وەستانێکی زۆر.**

**وینی:** سلاو رۆژی پیرۆز. (وەستانێکی زۆر. چاوی دادەخات. زەنگەکە بەتوندی لێدەدات، چاوی دەکاتەوە. زەنگەکە دەوەستێت، دەڕوانێتە پێشەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر زەردەخەنەیەك دەیگرێت. زەردەخەنەکە نامێنێت. وەستانێکی زۆر.) هێشتا هەر کەسێك چاودێریم دەکات. (وەستان) هێشتا هەر بەتەنگمەوەیە. (وەستان) ئەمەم زۆر پێخۆشە. (وەستان) چاەی بڕیوەتە چاوم.(وەستان) ئەو هێڵە چییە هەمیشە لەوێیە؟ (وەستان. بەتیلەی چاو سەیری لای راست دەکات.) ویلی. (وەستان. بەدەنگێکی بەرزتر) ویلی. (وەستان. سەیری پێشەوە دەکات) تۆبڵێی

کەسێك مابێت تاکو ئێستاش باسی کات بکات؟ (وەستان)ماوەیەکی زۆرە ، ویلّی، نەمبینیویت. (وەستان) ماوەیەکی زۆرە گوێم لەدەنگت نەبووە. (وەستان) تۆبلێی کەسێك هەبێت؟ (وەستان) کەسێك هەیە. (زەردەخەنە) هەروەك جاران! (زەردەخەنەکە نامێنێت) بەدەگمەن شتێکی نوێ هەیە مرۆڤ باسی بکات. (وەستان) هەمیشە بیرم لەوەدەکردەوە... (وەستان) ... دەلّێم هەمووکات بیرم لەوەدەکردەوە خۆم فێربکەم بەتەنها قسەبکەم. (وەستان) مەبەستم ئەوەیە، بۆخۆم قسەبکەم، بۆ دەشتودەر. (زەردەخەنە) بەلّام نا. (زەردەخەنەکە زیاتر دەبێت) نەخێر هەرگیز. (زەردەخەنەکە نامێنێت) ئەی ئەوە نییە تۆ هەر لەوێیت. (وەستان)بێگومان تۆش دەڕۆیت، وەك ئەوانی تر، گومانی تێدانییە رۆژێك دێت تۆ مردویت، یان رۆیشتویت و بەجێت هێشتووم، وەك ئەوانی تر، ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئێستا تۆ لێرەیت. (وەستان. بەتیلەی چاو سەیری لای چەپ دەکات.) وەکو جاران جانتاکە لەشوێنی خۆیەتی، ئەوەتا دەیبینم. (وەستان. چاو دەگێڕێت بۆلای راست. بەدەنگێکی بەرزتر.) جانتاکە لەوێیە، ویلّی، وەك خۆی ماوەتەوە، هیچی لێنەهاتووە، هەمان ئەو جانتایەیە کە ئەو رۆژە داتپێم ... بۆئەوەی بچم بۆ بازاڕ. (وەستان. سەیری پێشەوە دەکات.) ئەو رۆژە. (وەستان) کام رۆژە؟ (وەستان) من راهاتبووم لەسەر پارانەوە. (وەستان) دەلّێم ڕاهاتبووم

بپاڕێمەوە. (وەستان) بەڵێ، دەبێت دانی پێدابنێم، راهاتبووم. (زەردەخەنە دەیگرێت) ئێستا نا. (زەردەخەنەکە زیاتر دەبێت) نا نەخێر. (زەردەخەنەکە نامێنێت. وەستان) ئەوسا ... ئێستا... زۆر ناخۆشە، لە رووی دەرونییەوە. (وەستان) چۆنم هەروا بمێنمەوە - و زۆر جیاوازیشبم لەوەی کەپێشتر هەبووم. (وەستان) من ئێستا کەسێکم، دەڵێم کەسێکم، پاشان کەسێکی تر... (وەستان) ئێسشتا کەسێك ، دواتر کەسێکی تر. شتێکی ئەوتۆ نییە مرۆڤ باسی بکات. تەنها یەك کەس دەتوانێت باسی هەموو شتەکان بکات. (وەستان) یەك کەس دەتوانێت. (وەستان) لەهیچ شوێنێك راستی لەقسەکاندا بەدیناکرێت. (وەستان) قۆڵەکانم. (وەستان) مەمکەکانم. (وەستان) کام قۆڵانە؟ (وەستان) کام مەمکانە؟ (وەستان) ویلی. (وەستان) کام ویلی؟ (بەبەزییەکەوە) ئای ویلی گیان! (سەری لار دەکاتەوە. بانگی دەکات.) ویلی! (وەستان. بەدەنگێکی بەرزتر) ویلی! (وەستان. سەیری پێشەوە دەکاتەوە.) بەهەر حاڵ، نازانم، بەدڵنیاییەوە نازانم، ئای خودایە، تەنها پرسیار دەکەم. (وەستان) ئەها بیرم کەوتەوە... پاشان ... ئێستا... داترستانی سەوز... ئەمە ... چارلی ... ماچی دەکات...ئەمە ... هەموو ئەوانە... مێشگ ماندوو دەکەن. (وەستان) بەڵام مێشکی من نا. (زەردەخەنە دەیگرێت) هەرچۆنێك بێت ئێستا نا. (زەردەخەنەکە زیارت دەبێت.) نەخێر هەرگیز. (زەردەخەنەکە نامێنێت.

وەستانێکی زۆر.چاوی دادەخات. زەنگەکە بەدەنگی بەرز لێدەدات. چاوی دەکاتەوە. وەستان) چاو دەبڕێتە ئاسمان تا لە ئارامیدا ئۆفرەبگرێت ... بۆئەوەی... لە ئارامیدا... ببینێت. (وەستان) چاوەکانی من نا. (زەردەخەنە) ئێستا نا. (زەردەخەنەکە زیاتر دەبێت)نەخێر هەرگیز. (زەردەخەنەکە نامێنێت. وەستانێکی زۆر.) ویلّی! (وەستان) تۆپێت وایە زەوی کەش و هەوای خۆی لەدەستدابێت؟ (وەستان.) تۆپێتوایە، ویلّی؟ (وەستان.) هیچ بۆچونێکت نییە؟ (وەستان.) تۆ هەر وابویت، هیچ کاتێك سەبارەت بەهیچ شتێك بیروڕات نەبووە. (وەستان.) تێدەگەم. (وەستان.) زۆرباش. (وەستان.) گۆی زەوی. (وەستان.) هەندێك جار بیر دەکەمەوە. (وەستان.) رەنگە هەمووشی نەگۆڕابێت. (وەستان.) هەمیشە شتێك دەمێنێتەوە. (وەستان.) لەهەرشتێك. (وەستان.) هەندێك شت دەمێنێتەوە. (وەستان.) ئەگەر مرۆڤ ناچاریش بێت بڕوات، بەدڵنیاییەوە هەندێکیان ناڕۆن. (وەستان.) هەموویان ناڕۆن. (وەستان.) من ناڕۆم. (زەردەخەنە.) ئێستا نا. (زەردەخەنەکە زیاد دەکات.) نا نەخێر. (زەردەخەنەکە نامێنێت. وەستانێکی زۆر.) رەنگە سەرمایەکی ئەبەدی هەڵبکات. (وەستان.) سەرمایەکی هەتاهەتایی کوشندە. (وەستان.) بەڕێکەوت، بەلای منەوە، رێکەوتێکی خۆش دەبێت. (وەستان.) بەڵێ، چەند خۆش، چەند خۆشە. (وەستان.) ئەی ئێستا؟ (وەستانێکی زۆرز)

دەموچاو. (وەستان.) لوت. (چاوی شۆڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی لوتی ببینێت.) دەیبینم... (زیاتر چاوی شۆڕدەکاتەوە)... سەری لوت.... کونە لوتەکان...هەناسە... جوانی دەبەخشن بە مرۆڤ... (لێوی دەجولێنێت.)... تۆزێکی دەم و لێوم دەبینم...(جارێکی تر دەم و لێوی دەجولێنێت) - ئەگەر دەم و لێوم بەرەوە پێشەوە درێژبکەم ... (زمانی دەردەهێنێت)... بێگومان زمان... زۆر شتێکی باشە... ئەگەر زمان دەربێنم ... (جارێکی تر زمانی دەردەهێنێت)... سەری زمان...(چاوی بەرەو سەرەوە بەرزدەکاتەوە) ... برۆ ...برژانگ...رەنگە خەیاڵ... (بەتیلەلا چاو دەڕوانێتە لای چەپی روخساری) ... روومەت... نەخێر... (دەڕوانێتە لای راست ) ...نەخێر... (گوپەکانی پڕدەکات لەهەوا) ... تەنانەت ئەگەر بەتاڵیشیان بکەمەوە ...(دەڕوانێتە لای چەپ و جارێکی تر گوپەکانی پڕدەکاتەوە لەهەوا)... نەخێر ... ئاڵ نییە. (سەیری پێشەوە دەکات.) ئەمە هەموو شتەکانە. (وەستان.) بێگومان ئەوە جانتاکەیە... (بەتیلەی چاو سەیری لای چەپی دەکات) زۆر جوان دیار نییە... بەڵام جانتاکەیە. (دەڕوانێتە پێشەوە. بەبێزارییەکەوە) بێگومان ئەوەتا زەوی و ئاسمانیش دیارە. (بەتیلەی چاو دەڕوانێتە لای راست) ئەو سێبەرەی پێت بەخشیم... ئەو رۆژە... (وەستان.) ... ئەو رۆژە... دەریاچەکە ... گژوگیاکە- (سەیری پێشەوە دەکاتز وەستان) کام رۆژە؟ (وەستان.) کامە

گژوگیا؟ (وەستانێکی زۆر- چاو دادەخات. زەنگەکە بەتوندی لێدەدات، چاو دەکاتەوە-وەستان. هەربەتیلەی چاو سەیری لای راست دەکات.) ئەوەش دەمانچەکەیە. (وەستان.) دەمانچەکەت لەبیرە، ویلّی، دەزانم. (وەستان.) ئەوە دەمانچەکەیە ، ویلّی، لەتەنیشت خۆمەوە -(وەستان. بەدەنگی بەرز) ئەوە دەمانچەکەیە، ویلّی. (وەستان. دەڕوانێتە پێشەوە.) ئەمە هەموو شتەکانە. (وەستان.) بەبێ ئەمانە چیم بکردایە؟ (وەستان.) بەبێ ئەمانە چیم بکردایە لەکاتێکدا قسەکردن هیچ کەڵکی نییە؟ (وەستان.) بەدەمی داخراوەوە، لەبەردەمی خۆم مۆڕدەبومەوە. (دەمی دادەخات و ماوەیەکی زۆر بەوشێوەیە دەمێنێتەوە.) ناتوانم. (وەستان.) ئای خودایە، ئای خودایە. (وەستانێکی زۆر. بەدەنگێکی نزم.) هەندێك جار گوێم لەدەنگە دەنگە. (واخۆی پیشاندەدات کە گوێی گرتبێت. بەدەنگێکی ئاسایی.) بەڵام زۆرجار نا. (وەستان.) بۆمن زۆرباشە، دەنگەکان زۆرباشن، یارمەتیم دەدەن ... بەدرێژایی رۆژەکە. (زەردەخەنە.) داخەکەم بۆ رۆژانی رابردوو! (زەردەخەنەکە نامێنێت.) بەڵێ، ئەو رۆژانە زۆر خۆشن کە گوێم لە دەنگە دەنگ دەبێت. (وەستان.) کاتێك دەنگەکان دەبیستم (وەستان.) وای بۆدەچم... دەڵێم وای بۆ دەچم... ئەو دەنگانە لەمێشکی خۆمدابن. (زەردەخەنە.) بەڵام نەخێر. (زەردەخەنەکە زیاتر دەبێت) نا هەرگیز. (زەردەخەنەکە نامێنێت) ئەوە

تەنها بەپێی لۆژیك. (وەستان) عەقڵ. (وەستان.) عەقڵم لەدەست نەداوە. (وەستان.) تا ئەم ساتە وەختە نەو. (وەستان.) هەمووی نا. (وەستان.) هەندێکی دەمێنێتەوە. (وەستان.) دەنگە دەنگ. (وەستان.) وەك ... جۆگەلەیەکی بچوك ... تاڤگەیەکی بچوك ... بەجیا. (وەستان. بەدەنگی نزم) ئەمشتانە، ویلی - (وەستان. بەدەنگێکی ئاسایی.) لەناو جانتاکەدا، لەدەرەوەی جانتاکە (وەستان.) بەڵێ، شتەکانیش ژیانی خۆیان هەیە، من هەمیشە وادەڵێم، شتیش ژیانی خۆی هەیە. (وەستان.) چاویلکەکەم ببە، ئەو پێویستی بەمن نییە. (وەستان.) زەنگەکە .. (وەستان.) هەر دەڵێی تیغە دەتبڕێت. (وەستان.) وەك کەتەر. (وەستان.) مرۆڤ ناتوانێت گوێی پێنەدات . (وەستان.) چەندین جار ...(وەستان.)..دەڵێم چەندین جار بەخۆمم وتووە ... گوێیمەدەرێ، وینی، زەنگەکە فەرامۆش بکە، زۆر گرنگی پێمەدە، بۆخۆت بخەوە وهەستە، بخەوە و هەستە، چۆن حەزدەکەیت، چاوبکەرەوە و دایان بخە، وینی، بیکەرەوە و دایان بخە، هەمیشە وابکە. (وەستان.) بەڵام نەو. (زەردەخەنە) ئێستا نا. (زەردەخەنەکە زیاتر دەبێت) نەخێر هەرگیز. (زەردەخەنەکە نامێنێت. وەستان) ئەی ئێستا چیبکەم؟ (وەستان.) ئێستا چیبکەم، ویلی؟ (وەستانێکی زۆر) بێگومان ئەگەر هەموو شتەکان سودیان نەبێت، ئەوا ناچاردەبم چیرۆك بگێڕمەوە. (وەستان.) ژیان.

(زەردەخەنە) ژیانێکی دورودرێژ. (زەردەخەنەکە نامێنێت) لە رەحمی دایکەوە دەستپێدەکات، کەسەرچاوەی ژیانە. میڵدرێد زانیاری هەیە، زانیاری دەبێت سەبارەت بە رەحم، پێش ئەوەی بمرێت، رەحمی دایك. (وەستان.) ئێستا تەمەنی چوار پێنج ساڵانە و ماوەیەك لەمەوبەر بوکە شوشەیەکی گەورەیان دایە. (وەستان.) جلوبەرگێکی جوان و شیتی لەبەردابوو. (وەستان.) پێڵاو، گۆرەوی، ئۆیە، پولەکەو نقێم، دەستکێش. (وەستان.) تارایەکی سپی. (وەستان.) شەپقەیەکی بچوکی لەسەردابوو، لەژێر چەناگەیدا بە لاستیکێك توندکرابوو. ملوانکەیەکی یاقوتیی. (وەستان.) لەکاتی رۆیشتندا ،دەفتەرێکی وینەکێشانی بچوك کە چەند وێنەیەکی جوانی تێداکێشرابوو لەبن هەنگڵیدا جۆلانەی دەکرد. (وەستان.) دوو چاوی شینی هەبوو، دەکرانەوە و دادەخران. (وەستان. بەردەوامە لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەی.) کاتێك میلی لەخەوهەستا ، هێشتا رۆژ بەتەواوی هەڵنەهاتبوو،بە پلیکانەکاندا هاتەخوارەوە... (وەستان.) ... رۆبی خەوتنی لەبەردابوو، بەتەنها بەپلیکانە بەرزە دارینەکەدا هاتەخوارەوە، خۆی خستبوو بەپشتدا و باڵای هێندەی بەرزی چوار پلیکانە دەبوو، هەرچەندە رێگەشی پێنەدەدرا ئەوەبکات، بەڵام چووە... (وەستان.)... لەسەر نوکی پێ چووە ناو راڕەوە چۆڵەکەوە و لەوێوە چووە ژوورە بچوکەکەی خۆی و دەستیکرد بە گۆڕینی بوکەکەی.

(وەستان.) خۆی خزاندە ژێر مێزەکەوە و دەستیکرد بەگۆڕینی بوکە شوشەکەی. (وەستان.) دەست و قاچەکانی لێدەکاتەوە ... لەوکاتەدا (وەستان.) لەناکاو مشکێك - وەستانێکی زۆر) - لەسەرخۆ، وینی. (وەستانێکی زۆر. هاواردەکات) ویلّی! (وەستان. بەدەنگێکی بەرزتر.) ویلّی! (وەستان. بەگلەییەوە.) هەندێك جار هەڵوێستەکانتم بەلاوە سەیرە، ویلّی، بەدرێژایی ئەم ماوەیە، دلڕەقیت نەنواندووە بەرامبەرم. (وەستان) سەیر؟ (وەستان.) نەخێر. (زەردەخەنە) لێرە نا. (زەردەخەنەکە زیاتر دەبێت) ئێستا نا. (زەردەخەنەکە نامێنێت.) هێشتا ... (لەناکاو بێتاقەت دەبێت.) هیوادارم هیچ شتێکی خراپ رونەدات. (دەڕوانێتە لای راست، بەدەنگی بەرز.) بەقوربان، تۆ باشیت، هیچ کێشەت نییە؟ (وەستان. سەیری پێشەوە دات، لەبەرخۆیەوە قسەدەکات.) ئای خودایە، ماوەیەکی زۆرە نەجولاوە! )سەیری لای راست دەکات، بەدەنگێکی بەرز.) خۆ گیرت نەخواردووە، ویلّی؟ (وەستان. بەردەوامە) خۆ جام نەبوویت، ویلّی؟ (سەیۆی پێشەوە دەکات، ئۆقرەی لێهەڵگیراوە.) رەنگە بەدرێژایی ئەو ماوەیە داوای یارمەتی کردبێت،بەڵام من گوێم لێنەبوبێت! (وەستان.) بێگومان گوێم لە هاوارکردن بووە. (وەستان.) بەڵام دڵنیام هاوارەکان لە مێشکی خۆمدابوون. (وەستان.) دەشێت کە ... (وەستان. وەك ئەوەی دڵنیابێت لەقسەکانی خۆی.) نا نا ، هەمیشە مێشکم پڕە لەهاوار.

(وەستان.) هاواری تاسا و و تێکەڵ و پێکەڵ. (وەستان.) هاوارەکان دێن. (وەستان.) پاشان دەڕۆن. (وەستان.) وەك ئەوەی لەگەڵ (با) دا هاتبن. (وەستان.) ئەوەی زۆر بەلامەوە خۆشە ئەوەیە کە(وەستان) هاوارەکان نامێنن. (وەستان.) ئای خوای گەورە چەند بەبەزەییت. (وەستان.) ئێستا ڕۆژ بەشێکی زۆری تێپەڕیووە. (زەردەخەنەیەك دەیگرێ و یەکسەر نامێنێت.) ڕەنگە هێشتا تۆزێك زووبێت بۆ گۆرانییەکەم. (وەستان.) کوشندەیە ئەگەر زۆر زوو گۆرانی بڵێیت، هەمیشە من پێم وابووە. (وەستان.) لەلایەکی ترەوە، دەتوانیت زۆر درەنگ کۆتایی پێبهێنیت. (وەستان.) زەنگی خەو لێدەدات و هێشتا کەس گۆرانی نەوتوە. (وەستان.) ڕۆژ هەمووی تێپەڕی. - (زەردەخەنەیەك دەیگرێ و نامێنێت.) تێپەڕی هەمووی، هیچ جۆرە گۆرانییەك نەوترا، نەخۆشەویستی، نە پیاهەڵدان. (وەستان.) کێشەیەك هەیە. (وەستان.) کەس ناتوانێت گۆرانی بڵێت... بەوشێوەیە، نەخێر. (وەستان.) دەنگەکە خاوی دەکاتەوە، هۆکارەکەشی نەزانراوە ، کاتەکەی گونجاو نییە، ئەو کەسەی گۆرانییەکە دەڵێت وشەکان قوت دەداتەوە. کەسێك دەڵێت، ئێستا کاتیەتی، یان ئێستا یاخود هیچ کاتێکی تر، کەس ناتوانێت. (وەستان.) گۆرانی بڵێ. (وەستان.) تەنها کۆپلەیەکیش. (وەستان.) شتێکی تریش هەیە، ویلی، ئەگەر ئێمە لەسەر ئەم بابەتە بدوێین.

(وەستان.) ئەو بێدەنگییەی دوای گۆرانییەکە دێت. (وەستان.) قەت هەستت بەوە کردووە، ویلی. (وەستان) لەماوەی ئەزمونی خۆتدا. (وەستان) نەخێر؟ (وەستان.) بێگومان مرۆڤ ئاشنایە بەو هێمنیەی دوای ئەنجامدانی کاری سێکسی دێت. (وەستان.) وابزانم تۆ لەمەیاندا هاوڕای لەگەڵ ئەرستۆدا. (وەستان.) بەڵێ، مرۆڤ ئەوەیان دەزانێت و خۆشی بۆ ئامادەدەکات. (وەستان.) بەڵام دوای گۆرانییەکە ...(وەستان.) بیگومان پاش کەمێك نامێنێت. (وەستان.) ئەوەم زۆر بەلاوە خۆشە. (وەستان.) بەتەواوی نامێنێت. (وەستان.) ئەو خەتە جوانانە چیە؟ (وەستان.) بڕۆ من لەبیربکە، بۆدەبێت شتێك شتێکی تر داپۆشێت... بڕۆ لەبیرم کە... بۆدەبێت خەم ...بەرووپەکە گەشەوە زەردەخەنەیەك بکە... بڕۆ لەبیرم بکە... باقەت گوێت لەدەنگم نەبێت ...بەخۆشحاڵییەوە زەردەخەنەیەك بکە... بەخۆشحاڵییەوە گۆرانی بڵێ... (وەستان.هەناسەیەك هەڵدەکێشێت.) مرۆڤ جوانییەکانی خۆی لەدەست دەدات. (وەستان.) نا هەمووی نا.(وەستان.) بەشێکی. (وەستان.) بەشێك دەمێنێتەوە، لەشتە جوانەکان ، بۆ ئەوەی مرۆڤ رۆژی پێبەرێتەسەر. (وەستان.) بەڵی، شتی باش هەیە. (وەستان.) ئەی ئێستا؟ (وەستان.) ئەی ئێستا، ویلی؟ (وەستانێکی زۆر) با بیانهێنەمەوە پێش چاوی خۆم... بەرێز شاوەر - یان کوکە. (چاوی دادەخات- زەنگەکە بەتوندی لێدەدات- چاوی دەکاتەوەز

وەستان) دەست لەناو دەست، بەدەستەکەی تریان جانتاکانیان هەڵگرتووە.(وەستان.) بەردەوامن ... لە ژیان. (وەستان.) وەك جاران گەنج نین، بەڵام هێشتا پەکیا نەکەوتووە. (وەستان.) لەولاوە وەستاون و دیقەتی من دەدەن. (وەستان.) بەگەنجی سنگ و بەرۆکی جوانبووە، پیاوەکە دەڵێ. کاتی خۆی گەلێك شان و ملی ناشرینم بینیوە، پیاوەکە دەڵێ.(وەستان.) دەتوانێت لەسەر قاچەکانی بڕوات؟ پیاوەکە دەڵێ.(وەستان.) ژیان لەقاچەکانیدا ماوە؟ پیاوەکە دەڵێ. (وەستان.) هیچی لەژێر خۆیدا داناوە؟ پیاوەکە دەڵێ. (وەستان.) پرسیاری لێبکە، من لە رووم نایەت. (وەستان.) پرسیاری چی لێبکەم؟ ژنەکە دەڵێ. (وەستان.) دەتوانێت لەسەر قاچەکانی بڕوات.(وەستان.) هیچی لەژێرخۆیدا داناوە.(وەستان.)خۆت پرسیاری لێبکە، ژنەکە دەڵێت. (وەستان. لەناکاو دەنگ بەرزدەکاتەوە) بۆخاتری مەسیح ، لێمگەڕێ بابکەوم! (وەستان. لێیدەگەڕێت) دەکەوێت و وەك مردوی لێدێت. (زەردەخەنە) بەڵام نا. (زەردەخەنەکە زیاتر دەبێت) نا هەرگیز. (زەردەخەنەکە نامێنێ) دەیانبینم وردە وردە دەڕۆن. (وەستان.) دەستیان خستۆتە ناو دەستی یەکترەوە و - جانتاکانیان پێیە. (وەستان.) تەنها تارماییەکانیان دیارە.(وەستان.) لەبەرچاو وندەبن. (وەستان.) ئەوان دوا کەسن کەبەو رێگەیەدا دەڕۆن. (وەستان.) تاکو ئەمرۆ. (وەستان.) ئەی

ئێستا؟ (وەستان. بەدەنگی نزم) فریامکەوە. (وەستان. بەردەوامە)فریامکەوە، ویلی. (وەستان. دەستپێدەکاتەوە) نا؟ (وەستانێکی زۆر. دەستدەکاتەوە بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی پێشوو.) لەناکاو ... مشکێك... (وەستان.) لەناکاو مشکێك بە قاچە بچکۆلانەکانیدا هەڵدەگەڕێت، و میلدرێد لەترسا بوکەڵەکەی لەدەست دەکەوێتە خوارەوە و دەست دەکات بە قیژە و هاوارکردن-(وینی بەتوندی دەقیژێنێ) - دەقیژێنێ و دەقیژێنێ - (وینی دووجار دەقیژێنێت)- قیژاندی، قیژاندی، قیژاندی و قیژاندی تا هەموو ئەندامانی خێزانکەی لەخەو راچڵەکین و بەجلوبەرگی خەوە رایانکرد بۆ لای میلدرێد، باوکی ، دایکی ، بیبی و .... ئانی خوشکە گەورەی،بۆ ئەوەی بزانن چی رویداوە.. (وەستان.) ... ئەی هاوار ئەوە چیبووە. (وەستان.) زۆر درەنگە. (وەستان.) زۆر درەنگە. (وەستانێکی زۆر، بەنوزەوە) ویلی. (وەستان. بەدەنگێکی ئاسایی) زۆر چاکە، زۆری نەماوە، وینی، نا زۆری نەماوە، زەنگی نیوەشەو لێبدات.(وەستان) ئەو کاتە دەتوانی چاوت دابخەی، ئەوکاتە دەبێت چاوت دابخەیت و -بە داخراوی بیانهێڵیتەوە. (وەستان.) بۆچی جارێکی تر ئەوە دووبارە بکەمەوە؟ (وەستان.) هەردەم پێم وابووە... (وەستان.) دەڵێم هەردەم پێم وابووە کە جیاوازی نییە لەنێوان چرکەیەك و چرکەکەی دوای ئەودا. (وەستان.) هەمیشە وتوومە

... (وەستان.)... دەڵێم هەمیشە وتوومە، وینی، تۆ ناگۆڕێیت، هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان چرکەیەك و چرکەیەکی تردا. (وەستان.) بۆ جارێکی تر ئەو بابەتە بوروژێنمەوە؟ (وەستان.) شتێکی زۆر کەم هەیە خەڵك بیوروژێنێت، یەك کەس بەس بۆ باسکردنی هەموو شتەکان.(وەستان.) کەسێك دەتوانی باسی هەمووی بکات.(وەستان.) ملم ئازاری هەیە. (وەستان. لەناکاو) ملم ئازارم دەدات!(وەستان.) ئەوە باشترە. (بەدوودڵیەوە.) هەموو شتێك لە چوارچێوەی ئەقڵدا. (وەستانێکی زۆر) ناتوانم هیچ بکەم. (وەستان.) هیچی تر بڵێم. (وەستان.) هەرچەندە پێویستە زیاتر بڵێم. (وەستان.) لێرە کێشە هەیە.(وەستان.) نەخێر، دەبێت شتێك رووبدات، لەم کەونەدا، چیتر ناتوانم. (وەستان.) شنەی شەماڵ. (وەستان.) هەوایەك. (وەستان.) ئەوهێڵە نەمرانەچین؟ (وەستان.) رەنگە تاریکییەکی هەتا هەتایی دابێت. (وەستان.) شەوێکی تاریکی بێکۆتایی. (وەستان.) بەڕێکەوت، وای بۆدەچم، رێکەوتێکی خۆشە. (وەستان.) بەڵێ، چەندین شتی خۆش. (وەستانێکی زۆر) ئەی ئێستا؟ (وەستان.) ئەی ئێستا، ویلی؟ (وەستانێکی زۆر) ئەو رۆژە. (وەستان.) بلقی پەمەیی. (وەستان.) پەرداخر شوشە. (وەستان.) دوامیوان رۆیشت. (وەستان.) کام رۆژە؟

(وەستانێکی زۆر.) گوێم لەدەنگی گریانە. (وەستان.) گۆرانی. (وەستان.) گۆرانیەکۆنەکەی خۆت بڵێ، وینی.

**(وەستانێکی زۆر. لەناکاو رادەچڵەکێت. بەتیلەی چاو سەیری لای راستدەکات. سەری ویلی لای دەستەراستییەوە و لەسوچێکی تەپۆڵکەکەوە دەردەکەوێت. کەوتۆتە سەرچۆك و هەردوو دەستی لەسەر زەوییەکەیە، خۆی گۆڕیوە-شەپقەکەی لەسەردایە، رۆبەکەی لەبەرکردووە- پانتۆڵێکی خەتدار، هتد. جوتێك دەستکێشی سپی لەدەستدایە. سمێڵێکی درێژ و پڕی سپی هەیە. دەوەستێت. سەیری پێشەوە دەکات. سمیڵی بادەدات. لەپشت تەپۆڵکەکەوە بەتەواوەتی دەردەکەوێت، لادەکاتەوە بەلای چەپدا، دەوەستێت، سەیری وینی دەکات. بەگاڵگۆڵکێ و لەسەر چوارپەلی بەرەو پێشەوە دێت. بەرەو ناوەڕاستی شانۆکە. دەوەستێت، ئاوڕدەداتەوە بۆ پێشەوە و سەیردەکات. دەست دەهێنێت بەسمێڵی دا. بۆینباخەکەی رێکدەخات، شەپقەکەی چاکدەکات، کەمێك دێتە پێشەوە، دەوەستێت. شەپقەکەی دادەکەنێت، سەیری وینی دەکات. زۆری نەماوە بۆ چەقی شانۆکەو وینی بەئاسانی دەیبینێت. ناتوانێت لەوەزیاتر مل رابگریت و سەیربکات. بەناچاری سەری شۆڕدەکاتەوە بەرەو زەویەکە.)**

وینی: ئای چەند خۆشییەکی چاوەڕواننکراوە! (وەستان.) ئەورۆژەم دەخاتەوە بیر کە یەکەمجار هاتی بۆ داوام. (وەستان.) پێتوتم، زۆرم خۆشدەوێی، وینی. شوم پێبکە. (ویڵی سەیری سەرەوە دەکات) ژیان بەبێ وینی بێمانایە.(بەنازێکەوە حیلکەی پێکەنینك دەکات.) سەیری ئەو جل

و بەرگە، بەراستی دیمەنێکی سەرنجڕاکێشت هەیە! (حیلکەی پێکەنین) گوڵەکان لەکوێیە؟ (وەستان.) ئەمڕۆ ئەو زەردەخەنەیە. (وبڵی سەری دادەخات) ئەوەچییە، نیکافتە؟ (وەستان.) ئەمەوێت سەیری بکەم، ویلی، پێشئەوەی لێت پیسبکات. (وەستان.) بەدرێژایی ئەو هەموو کاتە لەکوێ بویت؟ (وەستان.) ئەو هەموو کاتە چیت دەکرد؟ (وەستان.) خەریکی گۆڕان بویت؟ (وەستان.) گوێت لێنەبوو بانگم کردیت؟ (وەستان.) لەکونەکەتدا گیرت خواردبوو؟ (وەستان.ویلی سەیری سەرەوە دەکات.) واباشە، ویلی، سەیری من بکە. (وەستان.) سەیرکە، ویلی. (وەستان.) هیچ ماوە؟ (وەستان.) هیچ ماوە؟ (وەستان.) نەخێر؟ (وەستان.) نەمتوانی چاودێریت بکەم، خۆت دەزانیت. (ویلی سەری دادەخات) هێشتا تاڕادەیەك وەك خۆت ماوی. (وەستان.) بیرت لەوەکردۆتەوە بێیت لەملایە بژیت... بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت؟ (وەستان.) نەخێر؟ (وەستان.) بەسەردانێکی کورتیش نایەیت؟ (وەستان.) ئەوە کەڕبویت، ویلی؟ (وەستان.) لاڵ بویت؟ (وەستان.) دەزانم، تۆ هەرگیز لەو کەسانە نەبویت قسەبکەیت، هەرهێندە وتت خۆشم دەوێی،وینی، شوم پێبکە، ئیتر لەو رۆژە بەدواوە هیچ شتێکی ترت نەوتووە، تەنها چەند کورتەیەك لەهەواڵەکانی رۆژنامەی رینۆڵدز نەبێت. (سەیری پێشەوە دەکات. وەستان) بێەهەرحاڵ، ئەوە کەی کێشەیە، هەمیشە وادەڵێم، رۆژێکی خۆش دەبێت، دوای هەموو ئەو شتانە، رۆژێکی خۆشی تر. (وەستان.) زۆری نەماوە، وینی. (وەستان.) گوێم

لەگریانە. (وەستان.) قەت گوێت لەگریان بووە، ویلّی؟ (وەستان.) نەو؟ (بەلایەکی چاو سەیری ویلّی دەکات) ویلّی. (وەستان.) جارێکی تر سەیرم کە، ویلّی. (وەستان.) یەك جاری تر، ویلّی. (ویلّی چاوهەلّدەبڕێت.وینی دلّی خۆشدەبێت) ئەلّالّالّا! (وەستان.حەپەساوە.) ئەوەچیتە، ویلّی، قەت ئاوا نەمبینیویت! (وەستان.) شەپقەکە بکەرەوە سەرت، ئازیزەکەم، هەتاوەکەی بەتینە، پێویست بەو رەسمیاتە ناکات، من گوێ نادەمێ. (شەپقەو دەستکێشەکان دادەنێت و لەسەرچنگ بە تەپۆلّکەکەدا سەردەکەوێت، دەیەوێت بەرەولای وینی بێت، دلّی خۆشە.) ئای خودایە، چەند خۆشحالّم! (ویلّی دەوەستێت. چنگ لە تەپۆلّکەکە گیردەکات و دەیەوێت سەربکەوێت.) دەی خێراکە، ئازیزەکەم، تۆزێکی تر هێزبەرە بەرخۆت، خەریکە لەخۆشیاندا هاواردەکەم. (وەستان.) بەدوای مندا دێیت، ویلّی... یاخود بەدوای شتێکی تردا؟ دەتەوێت دەستێك بدەیت لە روخسارم... جارێکی تر؟ (وەستان.) ماچێکت دەوێت ویلّی ... یان شتێکی تر؟ جاران بوایە دەمتوانی دەستتبگرم. (وەستان.) تۆ هەموو کاتێك پێویستت بەیارمەتی هەبووە، ویلّی. (ویلّی بەهێواشی دەگەڕێتەوە بۆ دامێنی تەپۆلّکەکە و لەپەوڕوو خۆی دەدات بەزەویەکەدا.) زرم. ((وەستان.هەلّدەستێتەوە سەرچۆك، دەستی لەسەر زەویەکەیەو سەیری وینی دەکات.) جارێکی تر هەولّبدە، ویلّی، منیش لێرەوە هانت دەدەم. (وەستان.) بەوشێوەیە سەیرم مەکە! (وەستان. بەدەنگی بەرز.) بەوشێوەیە سەیرم مەکە! (وەستان. بەدەنگی نزم,) چییە، تێکچویت،

ویلی؟ (وەستان. بەردەوام دەبێت) ئەو تۆزە عەقڵەت هەبوو ئەویشت لەدەستدا، ویلی؟ (وەستان.)

**ویلی:** (بەئاستەم نوزەی دەردێت) وین.

(وەستان. وینی سەیری پیشەوەدەکات. نیشانەی خۆشحاڵییەك بەسەر روخسارییەوە دیارە، وردە وردە رووی زیاتر دەگەشێتەوە.)

**وینی:** وین! (وەستان.) ئای ئەمڕۆ رۆژێکی چەند خۆشە. ئەمڕۆش دەبێت بە رۆژێکی خۆشی تر! (وەستان.) دواجار. (وەستان.) تا ئەم ساتەوەختە.

(وەستان. بۆئەوەی دەستبکات بەگۆرانی، لەبەرخۆییەوە دەڵێت هممممممم، دواتر لەسەرخۆ دەستدەکات بەگۆرانی وتن، دەنگی مۆسیقایەکیش دەبیسترێت.)

هەرچەند دەڵێم وانییە، بەڵام
ئەوەی خۆم نەتوانم بیدەم بەگوێتدا،
رەنگە سەمایەکی عاشقانە
پێتی بڵێ،
خۆشت بوێم، ئازیزەکەم!
هەرکە پەنجەکانمان بەریەکدەکەون،
شتێکم پێدەڵێن کەخۆم دەیزانم،
باسی تۆم بۆدەکەن،

بەڵێ راستە، بەڵێ وایە،

زۆرت خۆشدەوێم!

(وەستان. خۆشییەکە لەسەر روخساری نامێنێت- چاوی دادەخات- زەنگەکە بەتوندی لێدەدات- چاوی دەکاتەوە، زەردەخەنەیەك دەیگرێت، چاوی بڕیوەتە پێشەوە- بەزەردەخەنەیەکەوە، سەیری ویلی دەکات کە هێشتا لەسەرچۆکەو دەستەکانی لەسەر زەویەکەیە و سەیری وینی دەکات. زەردەخەنەکە نامێنێت- چاودەبڕنەیەکتر. بۆماوەیەکی زۆر بەوشێوەیە دەمێننەوە.)

**پەردە دادەدرێتەوە**

# خۆڵەمێش بۆ خۆڵەمێش

نوسینی

**هارۆڵد پینتەر**

**ئەکتەرەکان**

**دیڤلین**

**رێبیکا**

**هەردوکیان تەمەنیان لە چلساڵیدایە**

**کات : ئێستا**

**خۆڵەمێش بۆ خۆڵەمێش بۆیەکەمجار لە** 1996/9/12 **لەشاری لەندەن لەلایەن تیپی شانۆی شاهانە لە هۆڵی باڵیۆزەکان نمایشکرا. ئەم کاستە بەشدارییان تێداکرد.**

| | |
|---|---|
| **دیڤلین** | **ستیفن رییا** |
| **رێبیکا** | **لیندسەی دنکان** |

| | |
|---|---|
| **دەرهێنانی** | **هارۆڵد پینتەر** |
| **دیزاین** | **ئێلین دیس** |
| **روناکی** | **مایك هەگز** |
| **دەنگ** | **تۆم لیشمان** |

**خانویەك لەناو شاردا**

**ژورێـك لـەنهۆمی خـوارەوە. پە نجەرەیـەكی گـەورە. بـاخـچەیەكی بـچوك لەودیو پە نجەرەكەوە دیارە. دوو كورسی. دوو چرا.**

**كات دەمەو ئێوارەیەكی هاوینە**

**لەگەڵ بەردەوامبونی شـانۆگەرییەكەدا، ژورەكـە وردەوردە زیـاتر تـاریـك دەبێـت. رونـاكی چـراكان زیـاتر دەبـن. لـەكۆتـایی شـانۆگەرییەكەدا، ژورەكـەو بـاخـچەكەی پـشتەوە بـەلێڵی دەبینـرێن. تیـشكی چـراكان زۆر گەشاونەتەوە، بەڵام ژورەكە روناك ناكەنەوە.**

**دێڤلین بە پێوە وەستاوە پەرداخێك ئاوی پێیە. رێبیكا دانیشتوە. بێدەنگی.**

**ڕێبیکـا:** ئمـم... بـۆ نمونـه... بەسـەر سـەرمەوە وەسـتاو دەسـتێکی ئامادەکرد بۆ مشتەکۆڵە و بەدەستەکەی تـری تونـد قوڕقوڕاگـەی گـرتم و بەرزیکردمەوە. ئەو دەستەی ئامـادەی کردبـوو بـۆ مـشتکۆڵە، دەیهێنـا بەدەمو لێومدا و دەیوت "دەستم ماچ بکە."

**دێڤلین:** بەقسەت کرد؟

**ڕێبیکـا:** بـەڵێ. دەسـتیم ماچـکرد. تەنانـەت جومگـەو نـاو پـەلی پەنجەکانیشی. پاشان دەستیکردەوە و ناولەپی دەستی خستە بـەردەمم... بۆئەوەی ماچی بکەم... منیش ماچم کرد.

وەستان

دواتر کەوتمە قسەکردن.

**دێڤلین:** وتت چی؟ چیت وت؟ وتت چی؟

وەستان

**ڕێبیکا:** وتم،" دەست بخـەرە بینـەقاقام"، کاتێـك خـەریکی لـستنەوەی دەستی بووم، لـەژێر لێـوەوە ئـەو قـسەیم کـرد، بـەڵام ئـەو گـوێی لێبـوو، بەهۆی دەسـتییەوەبوو کـە هەسـتی کـرد قـسە دەکـەم، هـەر بۆیـە گـوێی لەدەنگیشم بوو.

بێدەنگی.

**دێڤلین:** ئینجا وایکرد؟ دەستی خستە بینەقاقات؟

**رێبیکا:** ئۆو، بەڵی. وایکرد. خستی. دەستی خستە سەر قورقم، زۆر بەهێمنی، زۆر لەسەر خۆ، زۆر بە نەرمونیانی. تۆ ئەزانی، زۆری خۆشدەویستم.

**دێڤلین:** خۆشی دەویستی؟

وەستان

یانی چی خۆشی دەویستی؟ مەبەستت چیە؟

وەستان

مەبەستت ئەوەیە کەبەتوندی قوڕگی نەگرتی؟ دەتەوێت وابڵێی؟

**رێبیکا:** نەخێر.

**دێڤلین:** ئەی کەواتە چی؟ کەواتە دەتەوێت بڵێی چی؟

**رێبیکا:** کەمێك... فشاری... خستە سەر قوڕگم. بەڵێ. ئەمەش وایکرد سەرم بەهێواشی کەمێك بکەوێت بە پشتدا، بەڵام هەستی پێدەکرا.

**دێڤلین:** ئەی جەستەت؟ ئەی جەستەت بەرەو کوێوە رۆیشت؟

**رێبیکا:** هەستم کرد جەستەشم بەرەو دواوە رۆیشت، بەڵام بەئەسپایی.

**دێڤلین:** کەواتە قاچەکانت بڵاوبونەوە.

**ڕێبیکا:** بەڵێ.

وەستان

**دێڤلین:** قاچەکانت کرانەوە؟

**ڕێبیکا:** بەڵێ.

بێدەنگی

**دێڤلین:** هەستدەکەیت بێهۆشکرابیت؟

**ڕێبیکا:** کەی؟

**دێڤلین:** ئێستا-

**ڕێبیکا:** نەخێر.

**دێڤلین:** دڵنیایت؟

**ڕێبیکا:** نا.

**دێڤلین:** بۆ نا؟

**ڕێبیکا:** لەلایەن کێوە؟

**دێڤلین:** من.

**ڕێبیکا:** تۆ؟

**دێڤلین:** دەڵێی چی؟

**ڕێبیکا:** دەڵێم، تۆ بەرازێکی بەدفەڕی.

**دێڤلین:** من بەرازێکی بەدفەڕم؟ من! گاڵتەدەکەی.

(ڕێبیکا: زەردەخەنەیەك دەیگرێت)

**ڕێبیکا:** من گاڵت ئەکەم؟ تۆ گاڵتە دەکەی.

وەستان.

**دێڤلین:** خۆت دەزانیت بۆژی ئەو پرسیارانەیت لێدەکەم. وانییە؟ خۆت بخەرە شوێنی من. ناچارم پرسیارت لێبکەم.زۆر شت هەیە کە نایزانم. من هیچ نازانم ... دەربارەی ئەم شتانە. هیچ. من لە تاریکیدام. پێویستم بە ڕووناکییە. تۆ پێت وایە پرسیارەکانم نامەعقول و لەجێی خۆیاندانین؟

وەستان

**ڕێبیکا:** پرسیاری چی؟

وەستان

**دێڤلین:** گوێبگرە. بەلای منەوە زۆر گرنگە ئەگەر بتوانیت زیاتر وەسفی ئەو کەسەم بۆبکەیت.

**ڕێبیکا:** وەسفی بکەم؟ مەبەستت چییە، وەسفی بکەم؟

**دێڤلین:** لەرووی جەستەوە. مەبەستم ئەوەیە، بەراستی لەچی دەچێت؟ ئێستا تێگەیشتی مەبەستم مەبەستم چییە؟ بالأی، قەڵەوییەکەی...

ئالەو جۆرە شتانە. درێژی، قەڵەوی. مەبەستم، هەڵسوکەوتی...یان هەرشتێك دەربارەی ... کەسێتی... یاخود بیروبۆچوونی...هەڵوێستی...تەنها دەمەوێت، لەراستیدا، پێویستم بەوەیە...بەرچاو رونییەکی تەواوم هەبێت دەربارەی ئەو پیاوە...ئا، مەبەستم ئەوەنییە زۆر شت بزانم...هەر هەندێك شت بزانم، لەراستیدا... چونکە هیچ دەربادەی نازانم... بۆ نمونە...بابڵێین، شکڵی چۆنە.

مەبەستم ئەوەیە، شکڵی چۆنە؟ ناتوانیت وەفی بکەیت بۆم، کتومت وەك خۆی؟ وەسفێکی زۆر وردم دەوێت — تێدەگەیت... وەسفێك کەبتوانم بیناسمەوە. مەبەستم، هەرچییەك دەزانی دەربارەی دەستەکانی، دەستێکیان لەسەر دەموچوات بووەو ئەویتریان بەپشتی ملتەوە، دواتر بەو دەستەی لەسەر دەموچاوتبووە قوڕگی گرتویت، جگەلە دەستەکانی زۆر شتی تر هەیە کەبتوانیت باسی بکەیت، ئەی چاوەکانی؟ چاوی دیاربوو؟

**رێبیکا:** مەبەستت رەنگی چاویەتی؟

وەستان

**دێڤلین:** ئەوە رێك ئەو پرسیارەیە کەدەمەوێت لێتی بکەم ... ئازیزەکەم.

**رێبیکا:** چەند سەیرە کەپێت دەڵێن ئازیزەکەم. هەرگیز کەس پێی نەوتوم ئازیزەکەم. جگە لە خۆشەویستەکەم.

**دێڤلین:** بڕواناکەم.

**ڕێبیکا:** بڕوا بەچی ناکەیت؟

**دێڤلین:** بڕوا ناکەم ئەو هەرگیز پێیوتبیت ئازیزەکەم.

وەستان

تۆ واهەستدەکەیت ئەو وشەیەی بەکارمهێنا لەجێی خۆیدا نەبوو؟

**ڕێبیکا:** کام وشەیە؟

**دێڤلین:** ئازیزەکەم.

**ڕێبیکا:** ئا بەڵی، تۆ پێت وتم ئازیزەکەم. چەند سەیرە.

**دێڤلین:** سەیرە؟ بۆ؟

**ڕێبیکا:** باشە، تۆ چۆن دەتوانیت پێم بڵێیت ئازیزەکەم؟ من ئازیزی تۆنیم.

**دێڤلین:** بەڵێ، تۆ ئازیزی منیت.

**ڕێبیکا:** بەهەرحاڵ، من نامەوێت ببم بە ئازیزی تۆ. ئەوە دواهەمین شتە کەمن دەمەوێت پێبگەم. من ئازیزی کەس نیم.

**دێڤلین:** ئەوە گۆرانییەکە.

**ڕێبیکا:** چی؟

**دێڤلین:** "ئێستا خۆشەویستی کەس نیم."

**ڕێبیکا:** گۆرانییەکە بەم شێوەیەیە، "ئێستا خۆشەویستی کەس نیت"، بەڵام هەرچۆنێك بێت، من وشەی "خۆشەویستیم" بەکارنەهێنا.

وەستان

ناتوانم کەپێت بڵێم ئەو پیاوە چۆنبووە.

**دێڤلین:** بیرت چۆتەوە؟

**ڕێبیکا:** نەخێر. بیرم نەچۆتەوە، بەڵام ئەو مەسەلەیە هێندە گرنگ نییە. هەرچۆنێك بێت ئەو چەندین ساڵە ڕۆیشتووە.

**دێڤلین:** ڕۆیشتووە؟ بۆ کوێ چووە؟

**ڕێبیکا:** کارەکەی واپێویستی دەکرد کە بڕوات. بەکارێك ڕۆیشت.

**دێڤلین:** چی بوو؟

**ڕێبیکا:** چی؟

**دێڤلین:** چی جۆرەکارێك بوو؟ کارەکەی چیبوو؟

**ڕێبیکا:** وابزانم لەگەڵ کۆمپانیای گواستنەوەدا کاریدەکرد. پێم وابێت پۆستەچیبوو. نا، نا، ئەوە نەبوو. ئەوە تەنها ئیشێکی لاوەکی بوو دەیکرد. مەبەستم ئەوەیە ئەوە ئیشێکی لاوەکی بوو پاش کارەکەی خۆی لە کۆمپانیاکەدا دەیکرد. بەس باش بزانە کە پۆستێکی گرنگی هەبوو. چەندین بەرپرسیارێتی لەئەستۆ گرتبوو.

وەستان

**دێڤلین:** چ جۆرە کۆمپانیایەك بوو؟

**ڕێبیکا:** کۆمپانیای گواستنەوە.

**دێڤلین:** چ جۆرە کۆمپانیایەکی گواستنەوە؟

**ڕێبیکا:** ئەو ڕێبەر بوو. تێگەیشتی. ڕێبەر.

**دێڤلین:** ڕێبەری گەشتیاران؟

وەستان

**ڕێبیکا:** قەت باسی ئەو جێگایەم بۆ کردویت...ئەو کاتانەی دەیبردم بـۆ ئەوشوێنە؟

**دێڤلین:** کام شوێنە؟

**ڕێبیکا:** دڵنیام بۆم باسکردویت.

**دێڤلین:** نەخێر. هەرگیز بۆت باسنەکردووم.

**ڕێبیکا:** چەند سەیرە... ئەتوانم سوێند بخۆم کە بۆم باسکردویت.

**دێڤلـین:** هـیچ شـتێك بـەمن نـەتووە. پێـشتر دەربـارەی ئـەو هیـچت باسنەکردووە. هیچت پێنەوتووم.

وەستان

کام شوێنە؟

**ڕێبیکا:** ئا، شوێنەکە وەك کارگە وابوو، وابزانم.

**دێڤلین:** مەبەستت چییە وەك کارگە وابوو؟ کارگەبوو یان نا؟ ئەگەر کارگەبوو، کارگەی چیبوو؟

**ڕێبیکا:** کەلوپەلیان دروستدەکرد، وەك هەموو کارگەکانی تر. بەڵام کارگەیەکی ئاسایی نەبوو.

**دێڤلین:** بۆ نا؟

**ڕێبیکا:** هەموویا شەپقەیان لەسەردابوو... کرێکارەکان...شەپقەی پەڕۆ... کەئەو هاتە ژوورەوە، شەپقەکانیان داکەند، منی بەناو کارگەکەدا دەگێڕا و کرێکارەکانیش بەڕیز لەمبەرو ئەو بەرەوە وەستابوون.

**دێڤلین:** شەپقەکانیان داکەند؟ مەبەستت ئەوەیە کە شەپقەکانیان لابرد؟

**ڕێبیکا:** بەڵێ.

**دێڤلین:** بۆچی وایانکرد؟

**ڕێبیکا:** دوایی خۆی پێوتم کەئەوە نیشانەی ئەوەیە زۆر ڕێزی لێدەگرن.

**دێڤلین:** بۆچی؟

**ڕێبیکا:** لەبەر ئەوەی زۆر بەرێکوپێکی ئیشەکانی دەبرد بەڕێوە، وتی. زۆر باوەڕییان پێیبووە. ڕێزیان لە ... پاکییەکەی دەگرت، لە ...بڕیارەکانی. ئەگەر داوای لێبکردنایە شوێنی دەکەوتن بۆسەر لوتکەی

چیا بوایە یان قولاّیی زەریا، وتی. هەرچەندە سەرکردەشیان بوو لەگەڵیاندا گۆرانی دەووت. لەراستیدا کۆمەڵێك بوون زۆر حەزیان بەگۆرانی و سەما دەکرد، وتی.

**دێڤلین:** ئەی لەگەڵ تۆدا چۆن بوون؟

**ڕێبیکا:** من؟ بەراستی زۆر باش بوون. بەدەمیانەوە پێدەکەنیم، ئەوانیش هەرکەس لەشوێنی خۆیەوە بەپێکەنین وەڵامیان دەدامەوە. (وەستان) تەنها شتێك نەبێت — شوێنەکە زۆر شێداربوو. لە رادەبەدەر شێداربوو.

**دێڤلین:** جلوبەرگی تایبەت بەو شوێنە شێدارەیان لەبەردا نەبوو؟

**ڕێبیکا:** نەخێر.

وەستان

**دێڤلین:** وابزانم تۆ وتت کە کاری بۆ کۆمپانیایەکی گواستنەوە دەکرد؟

**ڕێبیکا:** ئا، شتێکی تریش- ویستم بچم بۆ گەرماو، بەڵام نەمدۆزییەوە. هەموو کونوقوژبنەکان گەڕام. دەمزانی گەرماویان هەیە، بەڵام بۆم نەدۆزرایەوە.

وەستان

کاری بۆ کۆمپانیایەکی گواستنەوە دەکرد. ڕێبەربوو. دەچوو بۆ وێستگەی شەمەندەفەر و بەسەر شۆستەی وێستگەکەدا دەڕۆیشت و منداڵەکانی لەباوەشی ئەو دایکانە وەردەگرت کە پێویستیان بەیارمەتی هەبوو.

**دێڤلین:** بەراست، وایدەکرد؟

بێدەنگی

**ڕێبیکا:** دەزانی، بەراستی زۆر پەست بووم.

**دێڤلین:** پەست بووی؟ بۆچی؟

**ڕێبیکا:** بەهۆی ئەو شوتەیەی دوو خولەك لەمەوبەر ئوتومبێلی پۆلیسەکان لێیدا.

**دێڤلین:** شوتەی چی؟

**ڕێبیکا:** گوێت لێی نەبوو؟ دەبێت گوێت لێیبوبێت. دوو خولەك لەمەوبەر.

**دێڤلین:** ئێ چی بووە؟

**ڕێبیکا:** زۆر پەستی کردم.

وەستان

بڕواناکەی چەند پەستبووم پێی.

وەستان

ناتەوێت بزانیت بۆچی؟ بەهەرحاڵ، هەرپێت دەڵێم. ئەگەر نەتوانم بەتۆی بڵێم ئەی بەکێی بڵێم؟ هەرچۆنێك بێت هەر پێت دەڵێم. زۆر ئازاری دام. دەزانی...هەرکە دەنگی شوتەکە لەگوێمدا کزبوو، دەمزانی ئێستا ئەو دەنگە لای کەسێکی تر تابێت گەورەدبێت .

**دێڤلین:** مەبەستت ئەوەیە هەمیشە کەسێك لەشوێنێکدا گوێی لەو دەنگە دەبێت؟ دەتەوێت وابڵێیت.

**ڕێبیکا:** بەڵێ. هەمیشە. بۆ هەتا هەتایە.

**دێڤلین:** ئەوە وات لێدەکات هەست بەدڵنیایی بکەیت؟

**ڕێبیکا:** نەخێر. واملێدەکات هەست بەدڵنیایی نەکەم! زۆریش نادڵنیا.

**دێڤلین:** بۆچی؟

**ڕێبیکا:** حەزناکەم دوربکەوێتەوە، حەزناکەم دەنگبداتەوە. حەزناکەم بەجێم بهێڵێت. حەزناکەم لەدەستم بچێت. حەزناکەم ببێت بە موڵکی کەسێکی تر. حەزدەکەم هەر بۆخۆم بێت. هەمیشە. دەنگێکی چەند خۆشە. تۆش پێت وانییە؟

**دێڤلین:** دڵگران مەبە، هەمیشە شوتەیەکی تری بەدوادادێت. ئێستا دەنگێك بەڕێوەیە بۆلای تۆ. بڕوابکە. بەزوترین کات گوێت لێی دەبێتەوە. لەهەر خولەکێکدا.

**ڕێبیکا:** تۆبڵێی وابێت؟

**دێڤلین:** بەدڵنیاییەوە. ئەوانە خەڵکانێکی زۆر سەرقاڵن، مەبەستم پۆلیسەکانە. ئیشوکاریان زۆرە. دەبێت ئاگایان لەزۆر شت بێت، دەبێت هەمیشە چاویان کراوەبێت. بەبەردەوامی هەواڵیان پێدەگات و زوربەیان

بەشـێوەی جفرەیـە. بەدرێـژایی رۆژ تـەنها خولـەکێکیش نییـە کەلـە کوچـەوکۆڵانەکانی ئـەم جیهانـەدا نەگـەڕێن و لـەناو ئوتومبێلەکانیانـەوە شوتەی ئاگادارکردنەوە لێنەدەن. لەبەر ئەوە دڵنیابـە لـەوەی کـە دووبـارە دەبێتـەوە. نـاتوانی؟ هـەرگیز جـارێکی تـر بەتـەنها نابێـت. هـەرگیز بـێ شوتەی پۆلیس نابیت. بەڵێنت دەدەمێ.

وەستان

گوێبگرە. ئەو کوڕەی کەمێك لەمەوبەر باستکرد...مەبەستم ئەو کوڕەیـە پێکەوە باسمانکرد...بەو شێوەیە قسەمان لـەبارەوەکرد...کتومـت کـەی بینیـت؟ مەبەسـتم ئەوەیـە لەچی کاتێکـدا ئـەو هەمووشـتانە روویانـدا؟ نەمتوانی...ئاخر چۆن بتوانم...تەرکیز بخەمەسەر ئەوخاڵە. پێش ئـەوەبوو کەمن بناسیت یان دوای ناسینی من بوو؟ ئەم پرسیارە تارادەیەك گرنگـی خۆی هەیە. دڵنیام تۆش پێت خۆشدەبێت.

**رێبیکا:** ئا بەڕاست، شتێك هەیە زۆر مەبەستمە پێتبڵێم.

**دێڤلین:** چییە؟

**رێبیکا:** لەوکاتەدا کە خەریکی نوسینی سەرنجێك بووم، چەند سـەرنجێك بـۆ جلـشۆرگەکە. واچـاکە...باشـتروایە بڵـێم... لیـستی جلـشۆرگەکەم پردەکردەوە. قەڵەمەکەم لەسەر مێزەکە داناو گلۆربۆوە بۆ خوارەوە.

**دێڤلین:** وانەڵێیت؟

**ڕێبیکا:** بەلای ڕاستدا خلبۆوە بۆ خوارەوە و کەوتە سەر کومبارەکە.

بەبەرچاوی خۆمەوە.

**دێڤلین:** ئای خوایە.

**ڕێبیکا:** ئەم قەڵەمە، ئەم قەڵەمە بێتاوانە.

**دێڤلین:** ناتوانیت بزانیت بێتاوان بووە.

**ڕێبیکا:** بۆنا؟

**دێڤلین:** چونکە تۆنازانیت پێشتر لەکوێ بووە. چەند دەستی تر هەڵیانگرتووە، چەند دەستی تر پێیان نووسیوە، خەڵکانی تر چیانپێکردووە. تۆ هیچ دەربارەی مێژووەکەی نازانیت. تۆ هیچ دەربارەی مێژووی باووباپیرانی نازانیت.

**ڕێبیکا:** قەڵەم باووباپیرانی نییە.

وەستان

**دێڤلین:** تۆ ناتوانیت لەوجێگەیە دانیشیت و ئەوجۆرە قسانەش بکەیت.

**ڕێبیکا:** ئەوەتا دەبینیت دانیشتووم.

**دێڤلین:** ناتوانیت لەوێ دانیشیت و ئەو قسانەش بکەیت.

**ڕێبیکا:** بڕواناکەیت ڕێگەی ئەوەم پێدرابێت لێرە دانیشم؟ پێتوانییە ڕێگەم پێدرابێت لەسەر ئەم کورسییە دانیشم، لەوجێگەیەدا کەلێی دەژیم؟

**دێڤلین:** من دەڵێم مافی ئەوەت پێنەدراوە لەسەر ئەو کورسییە یان هەر کورسییەکی تر دانیشیت و بەوجۆرە قسەبکەیت. گرنگیش نییە لێرەبژیت یان نا.

**ڕێبیکا:** ڕێگەم پێنەدراوە قسەی چۆن بکەم؟

**دێڤلین:** وەك ئەوەی بڵێی ئەم قەڵەمە بێتاوانە.

**ڕێبیکا:** تۆپێت وایە تاوانبار بووە؟

بێدەنگی

**دێڤلین:** دەمەوێت لەکێشەو ناخۆشی رزگارت بکەم. هەستت پێکردووە؟ دەتەوێت لێتگەڕێم پێت هەڵخلیسکێت. ڕەنگە ئەوە منبم کەپێم هەڵدەخلیسکێت. مەترسیدارە. دەزانیت؟ من لەناو لمی جولاو (رمال متحرکە)دام.

**ڕێبیکا:** وەك خودا.

**دێڤلین:** خودا؟ خودا؟ تۆپێت وایە خودا لەناو لمی جولاودا نقومدەبێت؟ بەلای منەوە ئەوبۆچوونە بەراستی بێمانایە. ئەگەر بتوانین ناوی بنێین بۆچوون. بزانە چۆن باسی خودادەکەیت. ئەوتاکە خودایە کەئێمە هەمانە، ئەگەر لەدەست بچێت ناگەڕێتەوە. تەنانەت لەسەر شانیشەوە ئاوڕناداتەوە. ئەوکاتە چیدەکەیت؟ دەزانیت ئەو بۆشاییەی کە دروست

دەبێت وەك چی وایە؟ وەك ئەوە وایە ئینگلتەراو بەرازیل لە وێمبلًی یاریبکەن و تەنها یەك بینەریش لەیاریگاکەدا نەبێت. تێدەگەیت چۆنە؟ هەردوو گێمەکە یاریبکەیت لەیاریگایەکی چۆڵوهۆڵدا، ئەمە یاریی سەردەمە. بێدەنگییەکی تەواو. هیچ کەسێك تەماشای ناکات. بێدەنگییەکی تەواو. جگە لە شاوری ناوبژیوانەکە و هەندێك بۆڵەبۆڵ و ئاخ و ئۆفێك. ئەگەر پشت لەخودابکەیت، مانای ئەوەیە گەورەترین و خۆشترین یاری فوتبۆڵێنت بۆهەتاهەتایە لەبیردەچێتەوە. جار لەدوای جار کاتی زیادەی دەخرێتە سەرو هیچ گۆڵێکیش ناکرێت، یارییەکە بۆهەتاهەتایە بەردەوامدەبێت، تا کاتێکی بێکۆتایی. نامێنێت. هیچ بەرەوپێشچونێك رونادات. دەوەستێت. جیهانێك بەبێ براوە.

وەستان

هیوادارم دیمەنەکەت لەپێش چاوبێت.

وەستان

گوێبگرە با ئەمەت پێبڵێم. ماوەیەکی کەم لەمەوبەر تۆ...ئەتوانین بڵێین...کەمێك باسی پیاوەکەی خۆتت کرد... خۆشەویستەکەت؟ ...و منداڵەکان و دایکەکان، و هەتادوایی-و بیناکان. واتێگەیشتم کە تۆ باسی جۆرێك لە توندوتیژیت دەکرد. با ئەم پرسیارەت لێبکەم. تۆ چی دەسەڵاتێکت هەیە تاکو ئەو مافە بەخۆت بدەیت باسی ئەو جۆرە توندوتیژیانە بکەیت؟

**ڕێبیکا:** من ئەو دەسەڵاتەم نییە.هەرگیز هیچیشم لێنەقەوماوە. هیچ شتێکیش بەسەر هاوڕێکانمدا نەهاتووە. هەرگیز ناخۆشیم نەچەشتووە. هەروەها هاوڕێکانیشم.

**دێڤلین:** زۆرچاکە.

وەستان

رونتر قسەبکەین؟ باباسی ئەوشتانەبکەین کە زۆر تایبەتین، باسی ئەو شتانەبکەین کە زۆر پەیوەندیان بەخودی خۆمانەوە هەیە. شتێك کەپەیوەندی بەژیانی رۆژانەوە هەیە. مەبەستم ئەوەیە، بۆنمونە، کاتێك کوڕی ئارایشتگاکە سەرت دەخاتە نێوان دەستەکانیەوە و بەنەرمی و لەسەرخۆ دەستەکات بە شتنی قژت و هەڵگڵۆفینی پێستی سەرت، کاتێك ئەوەدەکات، کاتێك چاوت داخستووە و ئەویش وادەکات، بڕوای تەواوی پێدەکەیت، وانییە؟ تەنها سەرت لەناو دەستیدا نییە، بەڵکو ژیانیشت لەبەردەستیدایە، رۆحت...سەلامەتیت.

وەستان

کەواتە ئێستا بۆت دەرکەوت کە دەمویت چی بزانم...کاتێك خۆشەویستەکەت دەستی نایە بینت، کوڕی ئارایشتگاکەی بەبیرهێنایتەوە؟

وەستان.

باسی خۆشەویستەکەت دەکەم. ئەو پیاوەی کەویستی بتکوژێت.

**ڕێبیکا:** بمکوژێت؟

**دێڤلین:** بێگومان بتکوژێت.

**ڕێبیکا:** نا، نەخێر. هەوڵە نەدا بمکوژێت. نەیویست بمکوژێت.

**دێڤلین:** دەستی نایە بینت و ویستی بتخنکێنێت. هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کوشتندا. بەنسبەت تۆوە. وانەبوو؟

**ڕێبیکا:** نا، نەخێر. بەزەیی پێمداهاتەوە. خۆشی دەویستم.

وەستان

**دێڤلین:** ئەو کوڕە ناوی چیبوو؟ بیانی بوو؟ ئەی ئەو کاتە من لەکوێ بووم؟ دەتەوێت لەچی تێبگەم؟ ناپاکیت لەگەڵ کردم؟ بۆچی بڕوات بەمن نەبوو؟ بۆچی دانت پێدانەنا؟ ئێستا زیاتر هەستت بەئاسودەیی دەکرد. بەدڵنیاییەوە. دەتوانی وەك قەشەیەك مامەڵەم لەگەڵدابکەیت.. دەتوانی تاقیم بکەیتەوە. من هەمیشە حەزمکردووە تاقیبکرێمەوە. بەدرێژایی ژیانم ئەوە یەکێکبووە لە ئارەزووەکانم، کەچی گەورەترین فرسەتم لەدەست چوو. هەموو ئەمانە پێش یەکترناسینی من و تۆ ڕویانداوە. لەهیچ بارودۆخێکدا ناچارت ناکەم هیچ شتێکم پێبڵێیت. من پەیوەندیم بەرابردووی تۆ وە نییە. نیازیشم نییە دەربارەی رابردوی خۆم هیچت پێبڵێم. کاتێك سەرقاڵی خوێندن دەبیت نابێت ئەو کەیف و سەفایەی لەو

واقیعەی تۆدا هەیە هۆش و بیرت داگیربکەن، خۆت دەزانی، وەك رابواردن و ئەوجۆرە شتانە. مێشکت بەشتی ترەوە جەنجاڵە، ئایا خانەخوێیەکی وریات هەیە، ئایا دەتوانێت دوای کاتژمێر 11 شەو بێتە سەرەوە بۆ ژوورەکەت و گۆشت و هێلکەی بۆ هێنابیت، ئایا جێگاکەت گەرمە، ئایا خۆر لە شوێنێکی گونجاوەوە دێتە ناوژورەکەتەوە، ئایا شۆرباکە ساردە؟ زۆر بەدەگمەن ئەگەر بۆت رێبکەوێت جارێك دەست بێنیت بەسمتی ئەو کارگوزارەی ژوورەکەت بۆ پاك دەکاتەوە. ئەویش ئەگەر ژن بێت-بەڵام بێگومان هیچ کام لەمانە روونادات ئەگەر ژنت هەبێت. ئەگەر ژنت هەبوو دەبێت واز لەهەموو بیروبۆچوون و لێکدانەوەیەك بێنیت رێرەوی خۆیان بگرن. ئەمەش مانای ئەوەیە هەرگیز رێگە نادەیت باشترین مرۆڤیش هیچ بکات. نەفرەت لە باشترین مرۆڤ، ئەوە هەمیشە شیعاری من بووە. باشترین مرۆڤ ئەو کەسەیە سەری دادەخات و ملی رێدەگرێت ئیتر گوێناداتێ لەملاولایەوە چی روودەدات. ئەو مرۆڤەیە کەتەنها بیری لای ورگ و کارەکەیەتی.

وەستان

مرۆڤێکە گوێنادات بەهیچ شتێك.

مرۆڤێکە تەنها گرنگی بە کارەکەی خۆی دەدات.

وەستان

هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان ئەو دوو دەستەواژەیەدا کە ئێستا وتم، بڕوات هەبێت.

وەستان.

ئەریّ بەراست تۆ هیچ لەم قسانەی من تێدەگەیت؟

**ڕێبیکا:** بەڵێ. بەدڵنیاییەوە. شتێك هەبوو بیرم چوو پێتبڵێم. شتێکی سەیر. لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، لەپەنجەرکەوە سەیری ناو دارستانەکەم دەکرد، لەناوەڕاستی هاویندا، لە خانووەکەی دۆرسێت، لەبیرتە؟ نا، نا، تۆ لەویّ نەبویت. پێموانییە کەسی تری لێبوبێت. نەخێر. هەرخۆم بووم. بەتەنیابووم. لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد و بینیم کۆمەڵێك خەڵکی زۆر بەناو دارەکاندا دەڕۆیشتن، ملی ڕێیان گرتبوو بەرەو دەریاکە، بە ئاراستەی دەریاکە دەڕۆیشتن. پێدەچوو زۆریان سەرمابێت، قەمسەڵەیان لەبەردابوو، هەرچەندە ڕۆژەکەش زۆر خۆشبوو. ڕۆژێکی خۆش و گەرمی دۆرسێت. جاناتیان پێبوو. ڕێبەر...یان لەگەڵدابوو...ڕێگاکەی نیشان دەدان. بەدرێژایی ڕێگاکە ڕێنوێنی دەکردن. بەناو دارەیکاندا ڕۆیشتن و لەدوورەوە بینیمن بە بناری چیاکەدا بەرەو دەریاکە شۆڕبوونەوە. پاشان لەچاوم ونبوون. زۆر حەزمدەکرد بزانم ئەمەچییە، هەربۆیە بەپلیکانەکاندا سەرکەوتم بۆ لای پەنجەرەی بەرزترین ژوور لەباڵەخانەکەدا، لەسەر چڵی دارەکانەوە ڕوانیم و توانیم ڕۆخی

دەریاکە ببینم. ڕێبــەرەکان...ڕێنــوێنی ئــەو خەڵکــەیان دەکــرد بەدرێــژایی کەنارەکــە. ڕۆژێکــی زۆر خۆشــبوو. ڕۆژێکــی هــێمن بــوو، تیــشکی خــۆر دەدرەوشایەوە. هەمــوو ئەو خەڵکەم بینی چوونەناو ئاوەکــەوە. شــەپۆلەکە بەهێواشی دایدەپۆشین . جانتاکانیان سەر شەپۆلەکان کەوتبوون.

**دێڤلین:** ئەمە کەی؟ لــەچ ســەردەمێکدا تــۆ لــە دۆرســێت ژیاویــت؟ مــن هەرگیز لە دۆرسێت نەژیاوم.

وەستان

**ڕێبیکا:** ئا، بەڕاست لەم ڕۆژانەدا کەسێك پێی ووتم کــە حاڵــەتێك هەیــە پێیدەوترێت هەڵاوسانی مێشك.

**دێڤلــین:** مەبەســتت چــییە، کەســێك پێــی وتــی؟ مەبەســتت چــییە لــەم ڕۆژانەدا؟ تۆ باسی چیدەکەیت؟

**ڕێبیکا:** ئەم نەخۆشی هەڵاوســانی مێــشکە واتــە کاتێــك تۆزقاڵێــك ڕۆن دەڕێژیت، بــۆ نمونــە، زۆر بــەخێرایی بڵاودەبێتــەوە و دەبێــت بەدەریایــەکی گەورە لە چەوری. دەبێت بەدەریایەك ڕۆن کەڵــە هــەموو لایەکــەوە دەورت دەدات و تۆش لەو دەریا پان و بەرینــەدا دەخنکێیــت. شــتێکی ناخۆشــە، بەڵام ئەوەش هەمووی خەتای خۆتە. بەدەستی خۆت ئەو قــوڕەت بۆخــۆت گرتەوە. تۆ قوربــانیی ئــەو کارەســاتە نیــت، بــەڵکۆ تــۆ هۆکــاری ڕودانــی

کارەساتەکەی. لەبەر ئەوەی تۆ یەکەمجار لەو شوێنەدا رۆنەکەت رشت، هەردەبێت خۆشت گسکەکە بگریت بەدەستەوە و پاکیبکەیتەوە.

وەستان

**دێڤلین:** چییەکە؟

**رێبیکا:** گسکەکە.

وەستان

**دێڤلین:** کەواتە لێرەدا پرسیارەکە چییە؟ ئایا تۆ ئامادەیت لەو رۆنەدا بخنکێیت کە خۆت دەیرێژیت؟ یاخود ئامادەی لەپێناوی ولاتەکەتدا بمریت؟ سەیرکە. چی دەلێیت، ئازیزەکەم؟ بۆنەچینە دەرەوە و بەرەوناوشار برۆین و خۆمان بکەین بە سینەمایەکدا؟

**رێبیکا:** سەیرە، وەك ئەوەی لە خەومدا بوبێت...ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ...گوێم لێبوو کەسێك بانگی کردم ئازیزەکەم.

وەستان

سەرم هەلبڕی. خەوم دەبینی-نازانم لەخەوەکەمدابووکە سەرم هەلبڕی یاخود ئەوکاتەبوو کە چاوم کردەوە، بەلام دەزانم لەو خەوەدا کەسێك بانگی دەکردم. دلنیام لەوە. دەنگەکە بانگی دەکردم. بانگی دەکردم ئازیزەکەم.

وەستان

بەڵێ.

وەستان.

بەو سەرمایە چوومە دەرەوە. تەنانەت قوڕەکەش بەستبووی. بەفرەکە ڕەنگێکی سەیری هەبوو. سپی نەبوو. نا، سپی بوو بەڵام هەندێك ڕەنگی تریشی تێکەڵبوبوو، دەتوت چەند دەمارو مولولەیەکی خوێنن پێیدا تێدەپەڕن-نەرمیش نەبوو، بەفر نەرمە، دەبێت بەفر نەرم بێت، چاڵی و چۆڵی زۆری تێدابوو. کاتێك گەیشتمە وێستگەکە، شەمەندەفەرەکەم بینی. خەڵکانێکی تریش لەوێ بوون.

وەستان.

باشترین هاوڕێم، ئەو پیاوەی دڵی خۆم پێدابوو، ئەو پیاوەی لەیەکەم چاوپێکەوتنماندا بۆم دەرکەوت کەسێکی گونجاوە بۆمن، ئازیزەکەم، باشترین و بەڕێزترین هاوڕێم، بینم بەسەر شۆستەکەدا بەرەوخوار دەڕۆیشت. منداڵەکانی لەباوەشی ئەو دایکانە دەفڕاند کە هاتوهاواریان ئەو ناوەی پڕکردبوو.

بێدەنگی.

**دێڤلین:** تۆ کیم و منداڵەکانت بینی؟

ڕێبیکا سەیرێکی دەکات

تۆ ئەمڕۆ بەنیازبویت کیم و منداڵەکان ببینیت.

ڕێبیکا بەسەر سوڕمانێکەوە تێیدەڕوانێت.

کیمی خوشکت و منداڵەکان.

**ڕێبیکا:** ئەها، کیم! و منداڵ'کان، بەڵێ. بەڵێ، بێگومان بینیمن. چاشم لەگەڵ خواردنەوە. ئەی پێم نەوتی؟

**دێڤلین:** نەخێر.

**ڕێبیکا:** بەدڵنیاییەوە بینیمن.

وەستان

**دێڤلین:** چۆنبوون؟

**ڕێبیکا:** بێن زمانی گرتبوو، دەیتوانی قسەبکات.

**دێڤلین:** بەڕاست؟ چی دەووت؟

**ڕێبیکا:** ئا، شتی وەکو، "من ناوم بێن"ە. ئالەو جۆرە شتانە-و "دایکم ناوی دایکمە"ە. لەو جۆرە قسانە.

**دێڤلین:** ئەی بێتسی؟

**ڕێبیکا:** گاگۆڵکێی دەکرد.

**دێڤلین:** نا، بەراست؟

**ڕێبیکا:** وابزانم پێش ئەوەی ئێمە بزانین لەکوێین، ئەو دەکەوێتە سەرپێی و دەڕوات.

**دێڤلین:** ڕەنگە فێری قسەکردنیش ببێت. بۆ نمونە بڵێت "من ناوم بێتسی"یە.

**ڕێبیکا:** بەڵێ، بێگومان بینیمن. چام لەگەڵ خواردنەوە، بەڵام ئاخ...خوشکە داماوەکەم...نەیدەزانی چیبکات.

**دێڤلین:** مەبەستت چییە؟

**ڕێبیکا:** هاوسەرەکەی دەیەوێت بگەڕێتەوە...دەزانی...بەردەوام تەلەفۆنی بۆدەکات و داوای لێدەکات لێی ببورێت و لەگەڵی پێکبێتەوە. هاوسەرەکەی دەڵێت کەچیتر ناتوانێت بەرگەی ئەو بارودۆخەبگرێت، دەڵێت کەوازی لە ژنەکەی تری هێناوە و ئێستا بەتەنیا دەژی. وازی لەژنەکەی تری هێناوە.

**دێڤلین:** ئینجا وازی لێهێناوە؟

**ڕێبیکا:** دەڵێت وازی لێهێناوە ، دەڵێت بیری منداڵەکان دەکات.

وەستان

**دێڤلین:** بیری ژنەکەی دەکات؟

**ڕێبیکا:** دەڵێت وازی لەژنەکەی تری هێناوە. دەڵێت هەرگیز هاوسەرگیرییەکەی بەراست نەبووە، دەزانی، تەنها بۆ سێکس بووە.

**دێڤلین:** ئاوا.

وەستان.

ئەی کیم دەڵێت چی؟

وەستان.

بۆچوونی کیم چۆنە؟

**ڕێبیکا:** هەرگیز لێی خۆشنابێت و لەگەڵی پێکنایەتەوە. هەرگیز. دەڵێت هەرگیز جارێکی تر لەگەڵیدا ناچێتەوە ناوجێگاوە. هەرگیز. هەرگیز.

**دێڤلین:** بۆ نا؟

**ڕێبیکا:** هەرگیزا و هەرگیز.

**دێڤلین:** بەڵام بۆ نا؟

**ڕێبیکا:** بەڵێ کیم و منداڵ'کانم بینی. چام لەگەڵ خواردنەوە. بۆچی پرسیارتکرد؟ تۆپێت وایە کە نەمبینیون؟

**دێڤلین:** نەخێر. نەمزانیبوو کە بینیوتن. تەنها ئەوەندە نەبێت کەوتت بەنیازم بۆ چاخواردنەوە سەردانیان بکەم.

**ڕێبیکا:** بەڵێ، چام لەگەڵ خواردنەوە! بۆ نابێت؟ خوشکمە.

وەستان

دەزانی دوای چاخواردنەوەکە چووم بۆکوێ؟ چووم بۆ سینەما. فیلمێکم بینی.

**دێڤلین:** بەراست؟ فیلمی چیبوو؟

**ڕێبیکا:** بەزمەسات.

**دێڤلین:** ئۆو؟ خۆشبوو؟ پێکەنیت؟

**ڕێبیکا:** خەڵکەکەی تر پێکەنین. بینەرەکانی تر پێکەنین. خۆشبوو.

**دێڤلین:** ئەی تۆ پێنەکەنیت؟

**ڕێبیکا:** ئەوانی تر پێکـەنین. فیلمەکـە بەزمەسـات بـوو. لەفیلەمەکـەدا کـچێك و ... دەزانــی...پیاوێــك هــەبوو. نــانی نیوەڕۆیــان لەیــەکێك لەچێــشتخانە راقییــەکانی نیویۆرکــدا دەخــوارد. پیاوەکــە کــچەکەی خستەپێکەنین.

**دێڤلین:** چۆن؟

**ڕێبیکا:** ئا... نوکتەی بۆگێڕایەوە.

**دێڤلین:** ئاها، تێگەیشتم.

**ڕێبیکا:** دواتر لە دیمەنێکی تردا، پیاوەکە بەگەشتێك کچەکە دەبـات بـۆ بیابانێـك، بـەئوتومبێل. پێـشتر کـچەکە بـەهیچ شـێوەیەك لـە بیابانـدا نەژیابوو، تێگەیشتی. دەبوو خۆی رابهێنایە چۆن لەبیاباندا بژی.

وەستان

**دێڤلین:** زۆر هەزەلیە.

**ڕێبیکا:** بەڵام پیاوێك لەبەر دەمدا دانیـشتبوو، لەبـەری دەسـتە راسـت. بەدرێژایی فیلمەکە نقەی لەخۆی بڕیبوو. جوڵەی نەدەکرد. لەشوێنی خـۆی

ڕەق دانیشتبوو، دەتوت چوارپەلی ڕەق بووە، هەرگیز جارێکیش پێنەکەنی، هەروەك لاشەیەکی بێگیان وابوو. لێی دورکەوتمەوە، هەتا توانیم لێی دورکەوتمەوە.

بێدەنگی

**دێڤلین:** گوێبگرە، باسەر لەنوێ دەستپێبکەینەوە. ئێمە لێرە دەژین. تۆ لە ...دۆرسێت ...ناژیت... یان هەر جێگایەکی تر. تۆ لێرە دەژیت لەگەڵ مندا. ئەمە ماڵی ئێمەیە. خوشکێکی زۆر جوانت هەیە. ئەویش لەنزیك تۆوە دەژی. دوو منداڵی زۆر جوانی هەیە. تۆ پوری ئەوانیت. تۆش بەوە دڵخۆشیت.

وەستان

باخچەیەکی جوانت هەیە. باخچەکەی خۆتت خۆشدەوێت. هەموو خۆت دروستت کردووە. بەڕاستی دەست و پەنجەیەکی ڕەنگینت هەیە. دەست و پەنجەیەکی جوانت هەیە.

وەستان.

گوێت لێبوو چیم ووت؟ تەنها تۆزێك بەشان و باڵتدا هەڵمدا، لەراستیدا لەچەند ڕوویەکەوە سەرسامی خۆمم بەرامبەرت دەربڕی. با دووبارە دەستپێبکەینەوە.

**ڕێبیکا:** پێم وانییە بتوانین سەرلەنوێ دەستپێبکەینەوە. ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ...دەستمانپێکرد. دەستمانپێکردو کۆتایی هات. ناتوانین دووبارە دەستپێبکەینەوە. دووبارە کۆتایی پێدێنینەوە.

**دیڤلین:** بەڵام ئێمە هەرگیز کۆتاییمان پێنەهێناوە.

**ڕێبیکا:** بەڵێ، کۆتاییمان پێهێناوە. دووبارە و دووبارە و دووبارە. جارێکی تریش. کۆتایی پێدێنینەوە. دووبارە و دووبارە. جارێکی تریش.

**دیڤلین:** تۆپێت وانییە ووشەی "کۆتایی" بەهەڵە بەکاردەهێنیت؟ کۆتایی واتا کۆتایی. ناتوانیت کۆتایی "دووبارە" بکەیتەوە. تەنها یەکجار دەتوانیت کۆتایی بێنیت.

**ڕێبیکا:** نەخێر. دەتوانیت جارێك کۆتایی بێنیت و دواتر جارێکی تریش دەتوانیت کۆتایی بێنیتەوە.

بێدەنگی

(بەهێواشی گۆرانی دەڵێت) "خۆڵەمێش بۆ خۆڵەمێش"-

**دیڤلین:** "تۆز بۆ تۆز"-

**ڕێبیکا:** "ئەگەر خاتونەکان دەستیان پێتنەگات"-

**دیڤلین:** "دەبێت شەراب سەرگەرمت کات".

وەستان

هەمیش هەستم کردووە کە خۆشت دەوێم.

**ڕێبیکا:** چۆن؟

چونکە هەردووکمان حەزمان لەهەمان ئاوازە.

بێدەنگی

گوێبگرە.

وەستان

بۆچی پێشتر هەرگیز باسی ئەو خۆشەویستەی خۆتت بۆ نەکردووم؟ بەراستی حەقی خۆمە ئەگەر زۆر توڕەببم، دەزانی؟ بەراستی ناهەقم نییە ئەگەر شێتگیرببم، تێدەگەی؟

بێدەنگی.

**ڕێبیکا:** ئا بەڕاست شتێك هەبوو ویستم پێت بڵێم. لەبەر پەنجەرەی ژوورێکی نهۆمی سەرەوەی باڵەخانەیەکی زۆر بەرزی ناوجەرگەی شاردا وەستابووم. ئاسمان پڕی بوو لە ئەستێرە. خەریك بوو پەردەکان دابدەمەوە، بەڵام تۆزێك وەستام و سەیری ئەستێرەکانم دەکرد. پاشان سەیری خوارەوەمکرد. پیاوێکی پیر و کوڕێکی بچوکم بینی بەشەقامەکەدا دەڕۆیشتنە خوارەوە. یەکی جانتایەکەیان پێبوو بەدوای خۆیاندا رایان دەکێشا. جانتای کورە بچوکەکە لەهی پیاوە پیرەکە گەورەتربوو. بەهۆی ئەستێرەکانەوە بوو. پیاوە پیرەکە و کوڕە بچوکەکە ملی ڕێیانگرتبوو

بەشەقامەکەدا دەڕۆیشتنە خوارەوە. دەستی یەکیان گرتبوو. حەزمدەکرد بزانم بۆکوێ دەچن. بەهەرحاڵ، خەریکبوو پەردەکە دابدەمەوە بەڵام لەناکاو چاوم بە ژنێك کەوت شوێنیان کەوتبوو، منداڵێکیشی بە باوەشەوەبوو.

وەستان.

پێم ووتی کە شەقامەکە بەستبووی؟ شەقامەکە بەستبووی. بۆیە ژنەکە دەبوو زۆر بەوریاییەوە هەنگاوبنێ. بەسەر تۆپەڵە سەهۆڵەکاندا. ئەستێرەکان کوژانەوە. ژنەکە شوێن پیاوەکەو کوڕەکە کەوت تا لەسەر سوچەکەوە پێچیانکردەوە و لەچاو ونبوون.

وەستان

ژنەکە لەشوێنی خۆی رەق وەستا. منداڵەکەی باوەشی ماچکرد. منداڵەکە کچ بوو.

وەستان

منداڵەکەی ماچکرد.

وەستان

گوێی نا بەسنگیەوە. گوێی لەدەنگی ترپەی دڵی بوو.

رووناکی ناو ژوورەکە کەمدەبێتەوە. شەوقی چراکان زیاد دەکەن.

رێبیکا بەبێدەنگی دانیشتووە.

منداڵەکە هەناسەی دەدا.

وەستان

نام بەسنگی خۆمەوە. هەناسەی دەدا. دڵی لێیدەدا.

دێڤلین دەچێت بۆلای. بەسەر سەرییەوە دەوەستێت و سەرشۆڕدەکاتەوە بەسەریدا. ئەنگوستی نوقاندو لەبەردەمیدا رایگرت. دەستی چەپی خستە پشتملی و توند گرتی. پاڵینا بەسەریەوە بەرەورووی مستەکۆڵەکەی. مەچەکی بەر دەمی کەوت.

**دێڤلین:** دەستم ماچبکە.

رێبیکا لەشوێنی خۆی ناجوڵێت.

دەستی کردەوە و لەپی دەستی خستە سەردەمی.

رێبیکا هەر ناجوڵێت.

**دێڤلین:** قسەبکە. بڵێ "دەستت بخەرە بینم."

رێبیکا قسە ناکات.

پێم بڵێ دەستم بخەمە بینت.

رێبیکا نەورتەی لەدەم دێتەدەروە و نەدەشجوڵێت.

دەست دەخاتەبینی. هێواش هێواش فشاری دەخاتەسەر. سەری رێبیکا دەکەوێت بەپشتدا.

هەردووکیان دەوەستن.

ڕێبیکا دەکەوێتە قسەکردن. ووشەکانی دەنگدەداتەوە. چنگی دێڤلین لەگەردنی شل دەبێت.

**ڕێبیکا:** ئێمەیان برد بۆناو شەمەندەفەرەکان.

**دەنگدانەوەکە:** شەمەندەفەرەکان

دێڤلن دەست لەبینی ڕێبیکا هەڵدەگرێت

**ڕێبیکا:** منداڵەکانیان لێسەندن.

**دەنگدانەوەکە:** منداڵەکانیان لێسەندن.

وەستان

**ڕێبیکا:** من منداڵەکەی خۆمم شاردەوەو پێچام لەشاڵەکەمەوە.

**دەنگدانەوەکە:** شاڵەکەم.

**ڕێبیکا:** گرمکۆڵەم کرد و کردم بەبوخچە.

**دەنگدانەوەکە:** بوخچە

**ڕێبیکا:** لەژێر باڵی چەپمدا هەڵمگرت.

**دەنگدانەوەکە:** باڵی چەپم.

وەستان

**ڕێبیکا:** ملی ڕێم گرت و منداڵەکەشم پێبوو.

**دەنگدانەوەکە:** منداڵەکەم

وەستان

**ڕێبیکا:** بەڵام منداڵەکە دایە پڕمەی گریان.

**دەنگدانەوەکە:** گریان.

**ڕێبیکا:** پیاوەکە بانگی کردمەوە

**دەنگدانەوەکە:** بانگیکردمەوە

**ڕێبیکا:** پێی وتم ئەوە چییە لەوێدا.

**دەنگدانەوەکە:** لەوێدا.

**ڕێبیکا:** پیاوەکە دەستی درێژکرد بۆ بوخچەکە.

**دەنگدانەوەکە:** بۆ بوخچەکە.

**ڕێبیکا:** منیش بوخچەکەمدایە.

**دەنگدانەوەکە:** بوخچە.

**ڕێبیکا:** ئەوا دوواجاربوو کە دەستم بەر بوخچەکە کەوت.

**دەنگدانەوەکە:** بوخچەکە.

بێدەنگی

**ڕێبیکا:** سوار شەمەندەفەرەکەبووین.

**دەنگدانەوەکە:** شەمەندەفەرەکە.

**ڕێبیکا:** گەیشتینە ئەم شوێنە.

**دەنگدانەوەکە:** ئەم شوێنە.

**ڕێبیکا:** ژنێکم بینی پێشتر دەمناسی.

**دەنگدانەوەکە:** دەمناسی.

**ڕێبیکا:** وتی منداڵەکەت چی لێبەسەرهات.

**دەنگدانەوەکە:** منداڵەکەت.

**ڕێبیکا:** کوا منداڵەکەت.

**دەنگدانەوەکە:** منداڵەکەت.

**ڕێبیکا:** منیش وتم کام منداڵە.

**دەنگدانەوەکە:** کام منداڵە.

**ڕێبیکا:** منداڵم نییە.

**دەنگدانەوەکە:** منداڵ.

**ڕێبیکا:** هیچ منداڵێك ناناسم.

**دەنگدانەوەکە:** هیچ منداڵێك.

وەستان

**ڕێبیکا:** ئاگام لەهیچ منداڵێك نییە.

**بێدەنگییەکی زۆر**

**پەردە دادەدرێتەوە**